دامەزرانی کۆماری کوردستان له چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

چوارشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٠ ـ ٢١ی دێسامبری ٢٠١١

ژمارە: ٥٧٣

نرخ: ١٥٠ تمەن


## دیپلۆماتکاران له سەر «توند کردنی گوشارەکان له سەر ئێران» رێک دەکەون



سەرچاوەکان له وزارەتی دەرەوەی ئیتالیا باس لەوە دەکەن که دیپلۆماتکارانی وڵاتانی ئەمریکا، یەکیەتیی ئورووپا و هاوپەیمانەکانیان رێکەوتی ٢٠ی دیسامبەر له سەر توندتر کردنی گوشارەکان بۆ سەر ئێران له پێناو دەسپێکردنەوەی وتووێژەکانی پێوەندیدار به بەرنامە ناوەکییەکانی ئەو وڵاتە له رۆم رێک کەوتوون.

## ئەمریکا داوا له موجاهیدین دەکا کەمپی ئەشرەف چۆڵ بکا



له کاتێکدا کەمتر له دوو حەوتووی دیکه ماوەی ئۆڵتیماتۆمی دەوڵەتی عێراق بۆ چۆڵ کردنی کەمپی ئەشرەف کۆتایی پێ دێ، ئەمریکا داوای له موجاهیدین کردوە که رەزامەندی له سەر گەڵاڵەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ گۆڕینی کەمپەکەیان و چوون بۆ کەمپێک له نزیک له بەغدا دەربڕێ.

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حدک له وتوویژێکی تایبەت لەگەڵ کوردکاناڵ دا:

# لەسەر هەڵوێستی یەکیەتیخوازانەمان بەردەوام دەمێنینەوە



له وتوویژێکی تایبەت لەگەل تەلەڤیزیۆنی «کوردکاناڵ»دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی، له روانگەی حیزبەکەیەوە تیشکی خستە سەر کۆمەڵێک پرسی گرینگی پێوەندیدار به کوردستان و ئێران. گوشاری نێودەوڵەتی بۆسەر ئێران و ئەگەری هێرشی سوپایی بۆسەر ئێران، کاردانەوەکانی بەیاننامەی ١٤ی خەرمانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان که داوای پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ نەتەوەی کورد دەکا، هەڵبژاردنی داهاتوو (خولی نۆیەم)ی مەجلیس له ئێران و پێوەندییەکانی دوو حیزبی دێموکرات و پرسی یەکگرتنەوە، له تەوەرەکانی ئەم وتووێژە بوون. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ئاماژە به قسەکانی ئەم دوایی یانەی بەڕێز مستەفا هیجری و باسکردنی ناوبراو له گرتنی کۆنگرەیەک به بەشداریی هەر دوو لا، لەسەر هەڵوێستی یەکیەتیخوازانەی حیزبەکەی، سەرەڕای هێرشی توندی ئەم دواییانەی سکرتێری حدکا بۆسەر خۆی و حیزبەکەی، پێی داگرتەوە و هەر لەو کاتەدا پێشنیارێکی نوێی بۆ چارەسەری کێشەی پێوەندیی ئەو دوو حیزبە خستنە روو. لەم بارەیەوە گوتی:

لاپەرەی ٢:


سیاسی



وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان له رێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز دا ٤

مافی مرۆڤ



گرنگیی چەمکی مافی مرۆڤ وەک بەهایەکی گشتگیر ٥



پاشکۆی کوردستان تایبەتی ٢٦ی سەرماوەز (رۆژی پێشمەرگەی کوردستان)

رووداوەکانی جیهان



سووریە و لەمپەرەکانی گەیشتن به ئازادی ١٠


روانینمان

## پشکی کورد له هەگبەی ساڵی نوێ دا

تا چەند رۆژی دیکه ساڵی ٢٠١١ی زایینی ماڵاوایی دەکا. ساڵێک که به راکردن و رووخانی دیکتاتۆری تونێس دەستی پێ کرد و «بەهاری عەرەبی»ی لەگەڵ خۆی داهێناو له نێو خۆپێشاندانی پڕ قوربانیدانی خەڵکی کۆڵنەدەری سووریە دژی دیکتاتۆریی دەیان ساڵەی وڵاتەکەیان دا، به جێمان دێڵێ.

ساڵی ٢٠١١، ساڵی زۆر رووداوی گەورە و گرینگ بوو. بێجگەلە راپەڕینەکانی خەڵکی وڵاتانی عەرەبی و رووخانی چەند دیکتاتۆرییەکی لەمێژساڵە لەم ناوچەیەدا، ساڵی خۆپێشاندان و مانگرتنی گەورە له یونان، بریتانیا و ئەمریکا، ساڵی کۆمەڵێک روداوی سروشتیی گەورەی وەک بوومەلەرزەکەی ژاپۆن و به شوێن ئەودا قەیرانی ناوکیی فۆکۆشیما، بوومەلەرزەی «وان» و شار و ناوچەکانی دیکەی باکووری کوردستان، لافاوە ماڵوێرانکەرەکەی تایلەند و هتد بوو که هەرکامێکیان زیانی گیانی و ماڵوێرانییەکی زۆریان لێ کەوتەوە. لەم ساڵەدا حەشیمەتی جیهان له ٧ میلیاردکەس تێپەڕی، بێن لادەن سەرۆکی ئەلقاعیدە له پاکستان به دەستی ئەمریکا کۆژرا، ئەرتەشی ئەمریکا عێراقی بەجێ هێشت. یەکەمین هەڵبژاردنەکان له دوای رووخانی دیکتاتۆری له دوو وڵاتی تونس و میسر بەڕێوەچوون و ئاکامەکانیان، جارێکی دیکه دوورە دیمەنی جیهانی عەرەبیی بەشوێن ئەو راپەڕینانەی هێشتا له ئارا دان، کردەوە به هەوێنی لێکدانەوەی جۆراوجۆر و جیاواز.

بەڵام بۆ ئێمە وەک حیزبێکی سیاسیی کورد، وەک نەتەوەیەکی رۆژهەڵاتی ناوەراست و وەک خەڵکێک که چارەنووسیان لەگەڵ چارەنووسی وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە، سووریە لێک گرێدراوە، ئەو ئاڵوگۆڕانە گرنگترن که پێوەندی زیاتریان به کوردستانی ئێران و ناوچەکەمانەوە هەیە و کاریگەریی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەڵام گرنگیان لەسەر بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی له چوار وڵاتی ناوبراو دا هەیە. لەم روانگەیەوە ساڵی ٢٠١١، بۆ نەتەوەی کورد و کوردستانییەکان و بۆ دەسەڵاتەکان و دانیشتووانی چوار جوگرافیای سیاسیی به ناوەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە، ساڵێکی پڕ رووداو بوو. رێژیمی ئێران له هەر سێ بواری ناوکی، مافی مرۆڤ و سیاسی و دیپلۆماسی دا گوشار و گەمارۆی له سەر زیاتر کرا و بێجگە له قورستر بوونی سزاکانی، دەسکەوتێکی لەم ساڵە نەبوو. جگە له گەورەبوونەوەی کەلێنی نێو دەسەڵات لەم ساڵەدا و دەرکەوتنی ئاسەوارەکانی گەمارۆی ئابووری که هیچ «شۆخی هەڵگر» نین، له ئاستی ناوچەش دا، هاوپەیمانە ستراتیژیکەکانی ئەو رێژیمە و له پێشەوەی هەموان رێژیمی سووریە، لەگەڵ مۆتەکەی تێداچوون بەرەوروون.

له عێراق، به شوێن گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، جارێکی دیکه بەرژەوەندەکانی پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە بەرەورووی یەک بوونەتەوە و یەکیەتیی دەڵەمە و به زەحمەت راگیراوی ئەو جوگرافیا سیاسیە، لەگەڵ ئەزموونیکی دژوار و ناروون بەرەوروو بۆتەوە. چارەنووسی نەتەوەی کورد لەم وڵاتە و ئەزموونی هەرێمی کوردستان، له گرەوی چۆن تێپەربوون لەو ململانێ نۆییانە دایە. له تورکیە، ئەگەرچی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی، هەلێکی زێڕینی بۆ کایەکردنی سیاسی و بازرگانی له ناوچەکەدا، به شوێن ئاڵوگۆڕەکانی یەکساڵی رابردوودا بۆ پێک هاتوە و به باشییش به قازانجی خۆی قۆستویەتەوە، بەڵام پرسی کورد له نێو خۆی ئەو وڵاتەدا هەروا به چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە و به جۆرێک دەسەڵاتدارەتیی ئەو وڵاتەی بەخۆوە خەریک کردوە، که مەیدانی مانۆڕدان له دنیای نزیک و دووری لێ تەنگ کردۆتەوە. له سووریاش، چارەنووسی دیکتاتۆریی ئێستا که جگە له رووخان یا ملکەچکردن بۆ خەڵک و دنیا ناتوانێ شتێکی دیکه بێ، دەرفەتێکی بێوێنە دەخاتە بەردەم کورد لەم وڵاتە و هەر ئێستاش، فاکتەری کورد له ئاڵوگۆڕەکانی ئەو وڵاتەدا، خۆی سەلماند.

بۆ لاپەرەی:٢

## ئێران دیسانیش بوو به گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسان له جیهاندا

ئێران به ٤٢ رۆژنامەنووسی بەندکراو بۆ دووهەمین ساڵی له دوای یەک چووە ریزی یەکەمی گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسان له جیهاندا.

راپۆرتی نوێی کۆمیتەی «پاراستنی رۆژنامەنووسان» دەڵێ که ژمارەی رۆژنامەنووسانی بەندکراو له جیهاندا له ساڵی ٢٠١١ی زایینی گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی خۆی له ١٥ ساڵی رابردوودا و ئێران لەو نێوەدا زۆرترین ژمارەی رۆژنامەنووسانی بەندکراوی تێدایە.

به پێی راپۆرتی ئەو کۆمیتەیە ، ١٧٩ رۆژنامەنووس و وێنەگری هەواڵ له سەرانسەری جیهاندا له زیندان بوون که ژمارەی ئەو کەسانە له چاو ساڵی رابردوو ٣٤ کەس زیاترە.

له راپۆرتی ساڵی رابردووی کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەنووسان، ئێران و





چین به ٣٤ رۆژنامەنووسی بەندکراو به هاوبەشی له پلەی یەکەم دا بوون.

نزیکەی نیوەی ئەو رۆژنامەنووسە بەندکراوانە، هەواڵنێرانی ئینتێرنێتین و سەدا ٤٥ی ئەو کەسانە به شێوەیەکی ئازادانە هاوکاریی راگەیەنەکان دەکەن.

له راپۆرتی ئەو کۆمیتەیەدا هاتووە که بەرپرسانی ئێرانی لەو کاتەوە « دەرگایەکی گەردان»یان بۆ خستنە زیندانی رۆژنامەنوسان ساز کردوە و به ئازادکردنی هێندێک لەوان به دانانی بارمتە، کەسانێکی دیکه قۆڵبەست دەکەن.

به پێی ئەو راپۆرتە، زیاتر له نیوەی ئەو رۆژنامەنووسانەی له ئێران له زیندان دان به کارگەلێکی وەک هەوڵدان بۆ لابردنی دەسەڵات و هەڵسووڕان دژی ئەمنییەتی نیشتمانیی وڵات تۆمەتبار کراون.

به پێی راپۆرتی ئەو کۆمیتەیە هەروەها لانیکەم ٦٥ رۆژنامەنووسی ئێرانی له ساڵی ٢٠٠٩ی زایینیەوە تا ئێستا، له ئێران کۆچیان کردوە.

## کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشێلکاری مافی مرۆڤ له ئێران مەحکووم کرد

کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان رۆژی دووشەممە ٢٨ی سەرماوەز به پەسندکرانی بڕیارنامەیەک، وێڕای نیگەرانی دەربڕین له بەردەوامبوونی ئەشکەنجەو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ له ئێران، سەرکوتی خەڵکی ئێرانی بەهۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم کرد.

ئەم بڕیارنامەیە به ٨٩ دەنگی بەڵێ، ٣٠ دەنگی دژ و ٦٤ دەنگی بێ لایەن پەسند کرا.

محەممەد خەزایی، باڵوێزی ئێران له رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەسند نەکرانی ئەم بڕیارنامەیە زۆری هەوڵ دا، بەڵام هەوڵەکانی بێ ئاکام مانەوە.

## حوکمی ئێعدامی زێنەب جەلالیان بۆ زیندانی کردنی هەتاهەتایی کەم کرایەوە

**زێنەب جەلالیان، بەندکراوی سیاسیی کورد که حوکمی ئێعدامی به سەردا سەپابوو، له لایەن دیوانی باڵای ئێرانەوە حوکمەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی کەم کرایەوە.**

دوکتور محەممەد شەریف، پارێزەری زێنەب جەلالیان، وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەو هەواڵە به کۆمیتەی راپۆرتنێرانی مافەکانی مرۆڤی ئێرانی راگەیاندوە که دوای بەدواداچوونە بەردەوام و درێژخایەنەکان و هەروەها وڵامنەدانەوەی بەرپرسانی قەزایی له بارەی ئەو پەروەندەیەوە، سەرەنجام دوو حەوتوو لەمەوبەر دیوانی باڵای وڵات، حوکمی ئێعدامی ناوبراوی هەڵ وەشاندۆتەوە و بۆ زیندانی هەتاهەتایی داشکاندوە.

زێنەب جەلالیان مانگی سەرماوەزی ساڵی ٨٨ به تۆمەتی ئەندامەتی له حیزبێکی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا حوکمی له سێدارەدانی به سەردا سەپابوو.



زێنەب جەلالیان تەمەنی ٢٧ ساڵە و دوای دەستبەسەرکران، ماوەی چوار مانگ له بەندە تاکەکەسیەکانی گرتووخانەی ئیتلاعات له ژێر ئەشکەنجەدا مایەوە.

شایانی باسە که ئەو کچە بەندکراوە کوردە دوای ٥ مانگ مانەوە له بەندی ٢٠٩ی بەندیخانەی ئێوین بۆ زیندانی کرماشان راگوێزراوە و ئێستا لەو زیندانەدا دەسبەسەرە.





**له کۆتایی مانگی مەی ٢٠١٢ (بانەمەڕی ١٣٩١)دا له شاری ستۆکهۆڵم له سوئێد کۆنفرانسی دووهەمی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێک دێ**

**خالید عەزیزی:**

# ... مافی خۆمانە بیر لە ڕێگا چارەی دیکەش بکەینەوە



**دەڤەری سۆران**

**لە درێژەی بەسەرکردنەوەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارو ناوچەکانی هەرێمی باشووری کوردستان، سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی ڕۆژی ١٨ی سەرماوەز لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە دەڤەری سۆران کۆبۆوە.**

کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای قسەکانیدا بە کورتی لە سێ ئاستی جیهانی، ناوچەیی و ناوخۆیی دا باسی لە بارودۆخی ئەمڕۆی سیاسیی ئێران کردو بە گشتیی داهاتووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە قازانجی خەڵکی مافخوازی وڵات پێش بینی کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بە ئەرکی کورد لە ئێستای بارودۆخی ئێران کرد و لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاند کە لە وەها وەزعێک دا کورد نابێ کەمتەرخەم بێ و خۆی دوور لە ئاڵوگۆڕەکان ڕابگرێ. ئێمە دەبێ لە دەرفەتەکان بە قازانجی پرسی نەتەوەکەمان کەڵک وەرگرین و لە ئاڵوگۆڕەکان دا دەگەڵ بکەوین. ئەگەر ئەمڕۆ خۆمان لەگەڵ گۆڕانەکان نەخەین و بەشداریی پرۆسەکە نەکەین لە دوارۆژی ئێران دا ناتوانین ئیدیعای دابەشکردنی دەسەڵات لە ناوەند بکەین و داخوازی نەتەوەییمان دەستەبەر بکەین.

بەڕێزیان بۆ جارێکی دیکەش ڕەخنەی لەو لایەن و کەسایەتییە ئێرانیانە گرت کە بە هەڵە تێگەیشتن لە داوا نەتەوەییەکانی کورد، پرسی کورد لە ئێران وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر داهاتووی ئێران پێناسە دەکەن و لەم پێوەندییەدا وتی: تا ئەوکاتەی لە داهاتووی ئێران دا کورد دیسان پەراوێز بخرێ و هەر تەنیا گروپ و نەتەوەیەک دەسەڵات وسامانی وڵاتیان بە دەست بێ، کورد مافی خۆیەتی بیر لە ڕێگا چارەی دیکەش بکاتەوە. بەڵام بە ڕوانین لە ئەزموونی کورد لە باشووری کوردستان و بەشدارییان لە بنیاتنانەوەی ئەم وڵاتەدا، دەبێ وەک دەرفەت چاو لە مەسەلەی کورد لە ئێرانیش بکرێ نەک وەک هەڕەشە.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پەرژایە سەر پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و سەرەتا وێڕای بەرز نرخاندنی خەباتی کورد لە باکووری کوردستان، پێداگریی لە سەر درێژەدان بە خەباتی مەدەنی و پارلمانی لەم بەشە لە کوردستان دا کردو بە نیسبەت خەباتی کورد لە ڕۆژاوای کوردستانیش پێیان وابوو کە کورد دەبێ لە ئێستای باروو دۆخی سووریەدا خۆی دورەپەرێز نەگرێ و شان بەشانی سەرهەڵدانی گشتی لەم وڵاتە، لەگەڵ ڕووداوەکان بکەوێ و داوا نەتەوەییەکانی خۆی دیارتر بێنیتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتووی نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی وڵاتی سووریەدا بەشدار بێ.

لە دوایین بەشی قسەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکەش باسی لە داهاتوی ئێران و ڕۆڵی خەڵکی کوردستان لەم پێوەندییەدا کرد. بەڕێزیان وەک هەمیشە پێیان وابوو کە تەنیا یەکریزی و یەکیەتیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانە کە دەبێتە زامنی قورسایی کورد لە داهاتووی ئێران دا.

بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا وتی: بە نیسبەت هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە دەبێ ئەو ڕاستییە دەرک بکەین و ئیعترافی پێ بکەین کە ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەتوانن یەکگرتوو بن زەرەرێکی گەورەمان کردوە. ئێمە ئەو کاتە دەتوانین لە ئاڵوگۆڕەکان دا ڕۆڵ بگێڕین و دیار بیبن کە یەکگرتوو بین. ئەگەر هێزە سیاسییەکان یەکگرتوو نەبن لە داهاتووی ئێرانیش دا ئێمە وەک کورد ناتوانین قورسایی بین.

لە پێوەندی لە گەڵ یەکنەگرتوویی هێزەکانی کوردستان بەڕێزیان نیگەرانیی خۆی لە داهاتووی کوردستان و ئەگەری هەر جۆرە ئاژاوەو بشێوییەک دەربڕی و بە دزێو پێناسەکردنی شەڕی کورد بە کورد وتی: هیوادارین چیدیکە ڕۆڵەی کورد بە دەستی یەکتری نەکوژرێ و شەڕی خۆ بە خۆ حەرام ڕابگەیەندرێ.

لە درێژەی قسەکانی دا سکرتێری حیزب ڕووبە خوێندکاران، بازارییان، ژنان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕایگەیاند کە: ئەرکی نەتەوایەتی و ڕزگایی نیشتمان تەنیا لە ئەستۆی تێکۆشەرانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات نیە و هەموو لایەک دەبێ وەک یەک خۆیان لە بەرانبەر پرسە نەتەوایەتییەکانی خەڵک و نیشتمانەکەی دا بە بەرپرسیار بزانن.

**بێتوێن و پشدەر**

**کاک خالید عەزیزی لە کۆبوونەوە لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە دەڤەرەکانی بتوێن و پشدەر، پێداگری لە سەر پێوەندیی زیندووی نێوان خەڵک و حیزب کردو ڕایگەیاند کە هەر حیزبێک لە بەرانبەر بیروڕای گشتی خەڵکدا کەمتەرخەم بێ، زۆر ناخایەنێت کە لە بیر دەکرێ.**

بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ، دوانیوەڕۆی هەینی، ٢٥ ی سەرماوەز لە شاری ڕانیە لە گەڵ بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب نیشتەجێ لە دەڤەرەکانی پشتدەرو بتوێن کۆبووە.

بەڕێزیان لە سەرەتای قسەکانی باسی لە پێوەندی خەڵک و حیزب کرد لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد.

لەم پێوەندییەدا کاک خالید پێوەندیی نێوان حیزبێکی سیاسی و خەڵکی بە ئەسڵێکی گرینگ و جێی بایەخ ناوبردو ڕەنگدانەوەی بیروڕای گشتیی خەڵک لە کارو چالاکیی حیزبێکی سیاسی دا بە پێویستییەکی لە بیر نەکراوە وەسف کرد.

سکرتێری حیزبی دێموکرات لە درێژەی قسەکانی دا لە پێوەندی لە گەڵ خوێندنەوەی بیروڕای خەڵک لە لایەن حیزبەوە وتی: ئەو کاتە حیزبێک دەتوانێ چاوەڕوانی ئەوەی هەبێ کە سیاسەتەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دا ڕەنگ بداتەوە کە قودرەتی ئەوەی هەبێ بیروڕای خەڵکەکەی بە هێند بگرێ. ئەگەر حیزبێکی سیاسی لە بەرانبەر بیروڕای گشتیی خەڵک دا بێ تەفاوەت بێ، زۆر ناخایەنێ کە لە بیر دەکرێ.

هەر لەم پێوەندییەدا بە نیسبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، وتی: حیزبی ئێمە هەولی داوە لە گەڵ خەڵک ڕاستگۆ بێت حیزبی دێموکرات نە تەنیا لە ڕەخنەی خەڵک ناترسێ، بەڵکوو بۆ خۆی کردۆتە وەزیفە کە گوێ لە ڕەخنەی خەڵک بگرێ و هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکان بدات کە بە خۆشیەوە خەڵک ئەم فەرهەنگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەست پێکردووەو دەرکی دەکا.





بەڕێزیان بە هێنانەوە بەر باسی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی و چۆنیەتی بەشداریی کورد لە داهاتووی ئێران دا وتی: ئێمە نابێ ئیزن بدەین بۆ جارێکی دیکەش ئینکار بکرێین و، بۆ ئەوەش دەبێ ڕاشکاوانە و بە شەهامەتەوە لە گەڵ لایەنە ئێرانییەکان ویستەکانی خۆمان بێنینە گۆڕێ.

لەم پێوەندییەدا سکرتێری حیزبی دێموکرات بە ئاماژەدان بە خوێندنەوەی هێندێک لایەنی ئێرانی کە بە دروشم و شوعار وەعدەیان داوە کە پرسی کورد چارەسەر دەکەن وتی: زۆر لە لایەنە ئێرانیانەی کە بە دانی شوعار، ٣٠ ساڵە وەعدەی چارەسەر کردنی پرسی کوردیان داوە، هەر بە چاوی هەڕەشەوە لە قەزیەی کورد دەڕوانن و تۆمەتی جیاییخوازیمان دەخەنە پاڵ. ئێمە دەبێ شەڕی ئیستدلال و قانوونیان لە گەڵ بکەین و ڕاشکاوانەو بە شەهامەتەوە لە گەڵ مەترەح کردنی داواکانی تا ئێستامان، پێیان بڵێن کە ئەگەر قەرار بێ کورد هەر وەک پێشوو بخوێندرێتەوە و وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیری بکرێ، ئەوا ئێمە مافی خۆمانە بیر لە ڕێگا چارەی دیکەش بکەینەوە.

لە دوایین بەشی قسەکانی دا لە وڵامی یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکەدا لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هێزو لایەنە ئیسلامیانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەن، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی گوتی: ئێمە هیچ کێشەیەکمان لە گەڵ ئەو لایەنە ئیسلامیانە نیە کە بە پێی ویستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراون و سە بە خەڵکی کوردستانن و پێشمان وایە کە خەڵکی کوردستان چ ئێستا چ لە داهاتوودا هیچ ڕەوتێکی دەسکردی دەرەوەی ئیرادەی خۆیان قبووڵ ناکەن.

دریژەی:

## خالید عەزیزی: لەسەر هەڵوێستی یەکیەتیخوازانەمان بەردەوام دەمێنینەوە

«نە ئەوان کۆنگرەیەک بگرن کە ئێمە بچین و نە ئێمە کۆنگرەیەک بگرین کە ئەوان بێن، لە چارەسەریی کێشەیەک دا کە دوو لایەن تێیدا بەشدارن، ئەوە ڕێگاچارەیەکی باش نییە، ڕێگاچارەی ئێمە ئەوەیە کە با هەردوو لامان بڕیار بدەین بەرەو کۆنگرەیەکی هاوبەش بچین.. بۆ ئەو ڕێگاچارەیە پێویستە دەفتەری سیاسیی هەردوولامان دانیشین یان کۆمیتەیەکی هاوبەش دیاری بکەین. ئەو کۆمیتە هاوبەشە موتالعەی چۆنیەتیی چوونی بەرەو کۆنگرەیەکی هاوبەش بێنێتە گۆڕێ.. لە سەر زەمانی کۆنگرە، لە سەر تکنیکی کۆنگرە، لە سەر میکانیزمی کۆنگرەی هاوبەش کە هەردوو لا بە یەکەوە بڕیاری لە سەر دەدەین، موقەدەماتەکەی بۆ ئامادە دەکەین،... ئەو وەختە دەکرێ هەردوو لای دێموکرات کۆنگرەیەک بگرین و نێوی ئەو کۆنگرەیەش دابنێین کۆنگرەی هاوبەشی دێموکراتەکان. ئێمەش ئامادەین لایەنێکی سێهەم کە دۆستی هەردوو لامانە لە نێو ئەو کۆنگرەیەدا بێ.»

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە درێژەی وتەکانی دا پێشنیارەکەی بەو جۆرە کورت کردەوە: «هەر لە ئێستاوە ئێمە ئامادەین هەیئەتێکی هاوبەش دابنێین، بەرەو کۆنگرەی هاوبەش بچین.» وتیشی کە ئەم پێشنیارە باشترین ڕێگاچارەیە بۆ ئێستا و داهاتووی کێشەکانی هەردوولای دێموکرات. هەروەک پێی وابوو کە «ئەم پێسنیارە بۆ هەردوو لایەن وەزیفە دادەنێ، چونکە تا دوو لای دێموکرات لە گەڵ یەک دانەنیشن، ئەو کێشانە چارەسەر ناکرێن.»

دریژەی:

## پشکی کورد لە هەگبەی ساڵی نوێ دا

تەنانەت ئەگەر بە گەشبینییەوەش سەیری ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان و دوورە دیمەنی ساڵی نوێی زایینی بکەین، نابێ لەو ڕاستییە غافڵ بین کە کورد دەبێ لەوپەڕی یەکگرتوویی، وریایی و زیرەکی دا، چ وەک بەشێک لە پێکهاتەی هەر کام لەو چوار جوگرافیا سیاسییەی ناوچەکە و چ وەک نەتەوەیەک، بە پێشوازی ساڵی نوێ و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووەوە بچێ. بۆ ئەوەی لە لایەک شانبەشانی ئەو خەڵکەی لەگەڵیان لە چوارچێوەی وڵاتێک دا دەژی، هەلومەرجێکی باشتر بۆ پێکەوە ژیان دروست بکا، لە لایەکی دیکەوە، وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی ناوچەکە، لە بشێویی بازاڕی سیاسەت و لە ئەگەری هەڵکەوتنی هەلە دەگمەنەکاندا، نەک هەر ئەوەی هەیەتی لە دەستی نەدا، بەڵکوو ئەوەی مافی بێ ئەملاولای خۆیەتی، بە دەستی بهێنێ.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢٦ ی سەرماوەز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ٢٦ ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانی بەرز ڕاگرت.**











لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی شەممە، ٢٦ ی سەرماوەز بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا بەڕێوە چوو، ڕێز لە خەبات و فیداکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان گیرا.

ئەو ڕیوڕەسمە بە سروودی نەتەوەیی « ئەی ڕەقیب» و ڕێژەی نیزامیی پۆلێک لە پێشمەرگەکان دەستی پێ کرد و دواتر کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی بەو بۆنەیەوە پێشکیش کرد.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن پێشمەرگەی لاو، ئارام برایم خاسەوە خوێندرایەوە و لەلایەن کاک ئەحمەد قادری، پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتەوە شیعرێکی حیماسی لە وەسفی پێشمەرگەدا پێشکیشی بەشداران کرا.

هەر لەو ڕێوڕەسمەدا کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پلەی تەشکیلاتیی «کادر»ی ئیفتخاریی بەسەر پۆلێک لەو پێشمەرگە دێرینانەی حیزب بەخشی کە زیاتر لە ٢٥ ساڵە لەنێو ڕیزی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە دان.

لە نێوئاخنی ئەو ڕێوڕەسمەدا کۆرسی هێزی پارێزگاری بە هاوبەشی کۆری هونەریی حدک چەند سروودێکی شۆڕشگێڕییان پێشکیش کرد.

لە بەشی دووهەم و هونەریی ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک ئەبووبەکر پەساوەندی بە حەیران، خاتوو نەخشان بە سیاچەمانە و کاک ڕەسووڵ شابازی بە چەند گۆرانیی شاد و ڕەسەن ڕێوڕەسمەکەیان پتر ڕازاندەوە.

ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە شایی و هەڵپەڕکێی گشتیی بەشداران کۆتایی پێ هات.

## بەڕێوەچوونی سیمینارێکی سیاسی لە وڵاتی سۆئێد بۆ ئەحمەد عەزیزی، چاوەدێری سیاسی



کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ڤێسترۆسی سۆئێد و بە هاوکاری کۆمەڵەی سوئێدی – کوردی ڕۆژی شەممە، ٢٦ ی سەرماوەز سیمینارێکی سیاسی سەبارەت بە پرسی کورد و پلاندانان بۆ ئەگەری پێکهاتنی گۆڕان لە سیستمی سیاسی ناوچەکەدا بۆ بەڕێز ئەحمەد عەزیزی، چاوەدێری سیاسی پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە بەبەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و نوێنەری بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو، بەڕێز ئەحمەدی عەزیزی باسی گۆرانکاری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دۆزی کوردی کرد و لە سەرەتای باسەکەیدا ڕایگەیاند کە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە ناوچەکەدا دەیهەوێ ڕوو بدا ئەوە نەخشە و پلان و دیاریی زلهێزەکان نیە ، ئەوە لە ناو جەرگەی ئەو وڵاتانە دایە کە ئێستا ئەو گۆڕانەی تێدا بەڕێوەیە و هۆیەکەشی بوونی تەزاد و دژایەتییەکی بەرچاوە لە نێوان خەڵک و ئەو دەسەڵاتە سونەتییەیە کە تا لەم وڵاتانەدا خۆی بەسەر ئیرادەی خەڵکدا سەپاندوە.

ئەحمەدی عەزیزی سەبارەت بە بارودۆخی کورد لە ژێر ڕووناکایی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا ڕایگەیاند کە دەتوانین بڵێین کە ئەو سیمایەی بە کوردەوە دیارە، ڕەنگ و بۆنی یەکنەگرتوویی فیکری و ستراتیژی نەتەوەیی پێوە دیارە. بەڕێز عەزیزی لەو پەیوەندییە دا ئاماژەی بە هاودەنگ نەبوونی گەلی کورد لەگەڵ کوردەکانی سووریە کرد کە نەتوانراوە یارمەتییەک بەو بزووتنەوەیە بدرێ و تەنانەت لە زۆر وێنەی دیکە دا کورد ستراتیژی نەتەوەیی نیە، کەوایە کورد بە شێوەیەکی گشتی پرۆژەیەکی نیە کە بتوانێ لەو دۆخانە کەڵک وەربگرێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سیمینارەدا کاک ئەحمەد ئەو پرسیارەی هێنایە گۆڕی کە ئاخۆ هۆی سەرەکی چارەسەر نەبوونی پرسی کورد نەبوونی دیالۆگ و تێنەگەیشتن لە نێوان کورد و لایەنی بەرانبەرە لە یەکتر؟ ناوبراو لەو پەیوەندییەدا پێی وابوو کە لایەنی بەرامبەری کورد باوەڕی بە پرسی کورد و ئەوە کە کورد لەمێژ ساڵە دەیهەوێ دیالۆگ بکا نیە، بەڵام ئەوە کوردە کە مەبەستی بەرامبەرەکەی تێناگا ،چونکە لایەنی بەرامبەر مەبەستی ئەوەیە کە پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێران نەچێتە دەرێ و حەساسییەتێکی زۆریان بە بابەتی « تەواوییەتی ئەرزیی ئێران» هەیە.

کاک ئەحمەد هەروەها پێی وابوو کە لایەنی بەرامبەری کورد لە مەبەست و کێشەکانی کورد تێ دەگا بەڵام نایهەوێ دەسەڵاتی خۆی لە کیس بچێ و بەهەر شێوەیەک بووبێ هەوڵی پاراستنی ئەو دەسەڵاتە دەدا.

# بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٦ ی سەرماوەز لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان

**شنۆ**
لە شاری شنۆ لایەنگران و هەوادارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەوی هەینی، ١٨ ی سەرماوەز لە سەیداوای خوارێ، رەحیماباد، مام تەمر، کۆنەرێ میراباد و دەوروبەری مەدرەسەی دانیش بە بڵاوکردنەوەی تراکت و CD تەبلیغیی حیزب و وێنەی رێبەرانی شەهید یاد و بیرەوەریی ٢٦ ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز راگرتوە.

**هەوشار**
لە هەوشار لایەنگران و هەوادارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەوی شەممە، ١٩ ی سەرماوەز لەو شوێنانەی خوارێ بە بڵاوکردنەوەی تراکت و CD تەبلیغیی حیزب و وێنەی رێبەرانی شەهید یاد و بیرەوەریی ٢٦ ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز راگرتوە.
رێگای سەقز- تیکاب، قەڵاکۆن، چۆمەڵوو، کولتەپەی جەهانگیرخان، ئاییچی، دارتوو، کوچە قەڵا، کۆرپەقران، تەپەبۆر، قۆجە، داشبلاغ، رێگای تیکاب ساین قەڵا، قەڵا و چوارپاڵەوان، ماینبلاغ، گوێئاغاج و کێوەسوور .

**پیرانشار**
شەوی دووشەممە، ٢١ ی سەرماوەز لە نێو شاری پیرانشار و چەندین گوندی ئەو ناوچە وێنەی رێبەرانی شەهید و دروشم و تراکتی پێوەندیدار بەو بۆنەیە لەو شوێنانەی خوارەوە بڵاو کراونەتەوە:
شەقامەکانی مەنگوڕ، پیران، ٣٢ میتری، سێ رێیانی فەرهەنگ، فەلەکەی مامۆستا هەژار، فەلەکەی فەجر، کەمەربەندی تازە، رێگای شیناوێ، فەلەکەی نالی، پارکی خەییام، شەقامی قودس، فەرهەنگیانی ٢ و٣، چوارڕێیانی سەعدی، ئیسارگەران، چوارڕێیانی مەولەوی، شەقامی سەید قوتب و پشتی دادگوستەری. کانی جۆ، ساحلی، کەمەربندی، ئازادی، فەلەکەی ئازادی، شەقامی جمهووری ئیسلامی و گەڕەکەکانی زەرگەتەن، فەرهەنگیانی١ و٢، کوی خیام و دۆڵی گراوێ .
ئەو چالاکییە تەبلیغییە چەند گوندێکی ئەو ناوچەیەشی گرتۆتەوە کە بریتین لە: کارخانە، ئەندێزێ ، گردکشانە، پەسوێ، گردکسپیان، شنۆزەنگ، کێلێ، بەلەبان ، سەرووکانی، کوندرێ و زۆربەی تابلۆکانی سەر رێی پەسوێ مهاباد و رێگای گردکشانە بۆ پەسوێ بە پوستێرەکانی حیزب رازانەوە.

**نەغەدە**
لە شاری نەغەدە لایەنگران و هەوادارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و CD تەبلیغیی حیزب و وێنەی رێبەرانی شەهید یاد و بیرەوەریی ٢٦ ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز راگرتوە.
ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغییان لێ کراوە بریتین لە: گەڕەگی ١٦ دەزگا، گەڕەکی مزگەوتی ئەمیر حوسێنی، گەڕەکی مزگەوتی حاجی عەزیزی، گەڕەکی مزگەوتی حاجی قادری، گەڕەکی مزگەوتی بەلالی حەبەشی، گەڕەکی دەرمانگای ژمارە ٣ و پشتی پادگانی وەلیعەسر، گەڕەکی مزگەوتی حاجی خدری، مەیدانی کاویان، پارکی موعەلیم و گەڕەکی فەرهەنگیان.

**سەقز**
شەوی سێشەممە، ٢٢ ی سەرماوەز لە نێو شاری سەقز ، وێنەی رێبەرانی شەهید و دروشم و تراکتی پێوەندیدار بەو بۆنەیە لەو شوێنانەی خوارەوە بڵاو کراونەتەوە:
شەقامەکانی سەعدی، شاناز، کەریم ئاوا، شارۆچکەی هێزی ئینتیزامی، کۆڵانەکانی مزگەوتی مەلاجامی، گەڕەکی کانی گەرم کاو و سەرچۆمی وەلیخان.

**پارێزگاکانی سنە و ئیلام**
بە بۆنەی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شارەکانی سنە، کامیاران و شاری ئەیوان سەر بە پارێزگای ئیلام چالاکی بەرینی تەبلیغیان ئەنجام داوە. شایانی باسە کە لەو چالاکییانەدا زۆربەی گەڕەک




و شوێنەکانی ئەو شارانە بە تراکت و وێنەی تایبەت بەم رۆژەوە رازانەوە و بوونە هۆی خۆشحاڵی خەڵکی ئەم ناوچانە.

**سەردەشت:**
لەم شەقامانە چالاکیی تەبلیغی کراوە: کەمەربەندی، خومەینی، بریاجی، پیروزی، موعەلیم، پاسداران، سەید قوتب، بلۆاری ٧ ی تیر، پارکی لالە، دەوربەری حەمامی شکۆفە، فەلەکەی ترێ، چوارڕێیانی هیلالی ئەحمەر، ترمینالی نەڵاس، دەورەبەری دادگا، چوارڕێیانی پۆست، باشگای تەختی، ئاموزش و پەروەریش، پارکی کودەک، دەورەبەری فەرمانداری، رەزی جۆلا، فەلەکەی سینەما، سەروچاوێ، ترمینالی بێوران، زانکۆی ئازاد، دەبیرستانی پەروین قادری، هونەرستانی ئەدەب وگەڕەکەکانی ئاشان، کانی مەڕی، گردە سوور، نێزەڕۆ، هەنداوێ، مەهابادیان، سوێی بەردە قووچ، بیمارستان، ئیستادیۆم، جانبازان، سێ رێیانی مەراغان، سێ رێیانیژاژۆکە، فەرهەنگیان، شیوە برایم و دەوروبەری مزگەوتەکانی جامیعە، سەرچاوێ، ئیمامی شافیعی، محەممەد رەسووڵ ئەڵلا و بیلالی حەبەشی.

**بۆکان**
لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکانی پێوەندیدار بە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ئاوایی رەحیم خان، ئاوایی ئاڵیکەند، قەرەمووسالیان بە کاری تبلیغی ئەم یادەیان بەرز راگرت.

**مەهاباد:**
شەوی ٢٥ ی سەرماوەز لە بەرزاییەکانی کێوی خەزایی بەرەوڕووی کوی مامۆستا هەژار ئاڵای کوردستانیان چەقاندوە و لە گەڕەکی فەرهەنگیان، مەهاباد: دەروبەری دانیشگای ئازاد، بەشێکی بەرچاوی مەجبوور ئاوا، کۆڵانی زمزیران و زیرەک، گەڕەکی بەهارستان، گەڕەکی کوی دانیشگاو دەورووبەری کۆڵانەکانی دۆڵی کەروێشکە. بە بڵاوکردنەوەی تراکت و CD ی تەبلیغی یاد و بیرەوەریی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز راگرتوە

**جوانرۆ:**
لەم شوێنانە تراکت و وێنەی شەهیدان بڵاو کراوەتەوە شەقامی سەعدی، گەڕەکەکانی باوەجانی، هەلانی و قڕگە

**بانە:**
گەڕەکەکانی سالح ئاوا، هەناراوا، گوڵشار، تەوحید، ساتاوا، پادگان، گەراجی چۆمان، ترمینالی سەقزو هەروەها گوندەکانی ساڵوکی خواروو، قورنێ، شیوەڵە، بەردەبووک، شوێ، ساوان و خوا جامیر.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

**فینلاند**



**کومیتە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەرێمی تورکوی وڵاتی فینلاند بەمەبەستی رێزگرتن لە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان رێورەسمێکی تایبەتی بەرێوە برد.**
**لەو رێوڕەسمەدا کە رۆژی شەممە، ٢٦ ی سەرماوەز بەبەشداریی دەیان کەس بەڕێوە چوو، یاد و بیرەوەریی پێشمەرگەی کوردستان رێزی لێ گیرا.**
لەو رێوڕەسمەدا وەستا رەحمان خالیدنژاد، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند پەیامی کومیتەی بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە خوێندەوە.
لەو جێژنەدا کۆمەلێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێموکرات چەند بیرەوەرییەکی سەردەمی پێشمەرگایەتیی خۆیان گێڕایەوە و لە درێژەی بەرنامەکانی ئەو جێژنەدا لەوحی رێزلێنانی کومیتەی بەرێوەبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بەسەر پۆلێک لە هاورێیانی تێکۆشەری حیزبیدا دابەش کرا کە زیاتر لە٢٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانیان لە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتدا هەیە.

**سۆئێد**



**کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سۆئێد بەبۆنەی ٢٦ ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دوو رێوڕەسمی لە شارەکانی لینشۆپینگ و ئۆرێبرۆ بەڕێوە برد.**
لەو سەرەتای رێوڕەسمەدا کە رۆژی شەممە، ٢٦ ی سەرماوەز و بەبەشداریی ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری لینشۆپینگ بەڕێوە چوو، کاک حەمەرەسووڵ کەریمی، ئەندامی ڕێبەری حیزب بەو بۆنەیەوە وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد و لە سەر ڕۆڵ و نەقشی لاوانی کورد لە ریزی پێشمەرگەکانی کوردستان و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قۆناخە جیاجیاکانی خەباتدا بۆ بەشداران دوا.
لەبەشێکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا بەشێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی حدک بەسەرهاتی پێشمەرگایەتیی و بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی خۆیان لە کاتی خەباتی چەکداریی حیزب لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بۆ بەشداران گێڕایەوە.
هەر لەو رۆژەدا و لە سەر بانگهێشتنی کومەڵەی کوردی، سویدی و بە هاوکاریی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری «ئۆریبرۆ»ش رێوڕەسمێکی شایان بەو بۆنەیە بەرێوە چوو.
لەو رێوڕەسمەدا سەرەتا کاک کەریم بابەکری، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە هەریمی ئۆریبرۆ چەند وتەیەکی کورتی لە پێوەندی لەگەڵ خەبات و گیانفیدایی پێشمەرگە و پێویستیی رێزلێنان لەخەباتی پێشمەرگە پێشکێش کرد. پاشان بە دەنگی هونەرمەندان عومەر گەردی و قادر نەغەدە و کۆڕی موسیقا گەردی میدیا کە دوا بەشی رێوڕەسمەکە بوو، رێزیان لە پێشمەرگە گرت.



**دانمارک**
کۆمیتەی دانمارکی حیزب دێموکرات کوردستان بە هاوکاری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان رێوڕەسمێکی بەرێوەبرد . لە سەرەتای رێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی حدک و میوانان و کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە بەرێوە چوو، پەیامی کۆمیتەی حدک لەو وڵاتە لەلایەن کاک ڕەشید قازی، بەرپرسی کومیتەوە خوێندراوە.
لەو رێورسمەدا شاندی رێکخراوی ناوچەی دانمارکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و نوێنەرایەتی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان ویڕای پێشکیشک کردنی چەپکەگوڵ پەیامی کومیتەکانیان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە.
گێڕانەوەی چەند بیرەوەریی پیشمەرگە دێرینەکانی حیزب وەک مامە قالەی شۆڕش، پێشمەرگەی دیرینی حیزب لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت ژمارەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات چەند برگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕسمە بوون.
لە درێژەی ئەو رێوڕەسمەدا شانۆگەریی «بە ئیزافەی یەک هەر دەبێتە یەک» و چەند سروودی شۆڕشگێری پێشکیش کران.

## ئەحمەد شەهید: رەتکردنەوەی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێران پیشاندەری خراپی بارودۆخەکەیە



ئەحمەد شەهید، راپۆرتنێری تایبەتی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران کە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، سەردانی چەند وڵاتی ئورووپایی کردوە تا لەو وڵاتانە لە گەڵ چالاکان ، لێکۆڵەران و بژاردەکانی ئێرانی دیدار بکا، لە وتوویژ لە گەڵ رادیۆ ئاڵماندا دەڵێ بەسەرهاتی زۆر سەیر و دڵتەزێنم لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێران بیستوە. راپۆرتگەلێک کە باس لە ئەشکەنجە لە زیندانەکان، ئێعدامەکان، پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی تۆمەتباران لە رەوتی دادگایی کردندا، هەڕەشە و قۆڵبەستکردنی پارێزەران و چالاکانی مافی مرۆڤ، پێشێلکرانی مافی ژنان و سەرکوتی چالاکانی ژن و پێشێلکرانی مافی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان دەکەن.
ئەحمەد شەهید دەڵێ کە بەشێکی زۆر لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە لایەن ناوەندە غەیرە رەسمییەکان یان نیوە رەسمییەکانی هاوتەریبی دەسەڵات بەرێوە دەچێ. ئەو ناوەندانە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ سەر بە ناوەندەکانی دەسەڵاتن، ئیمکاناتێکی بەربڵاویان لە سەرانسەری ئێراندا لە بەر دەست دایە و لەو جۆرە ئیمکاناتە دەکرێ بە زیندانە نهێنی و بێ ناو و نیشانەکان و سرویسەکانی زانیاری و ئەمنییەتی ژێر زەوینی ئاماژە بکرێ.
راپۆرتنێری تایبەتی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە بارەی ئەگەری کاردانەوەکانی دوای پێشکەشکردنی راپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان گوتی: دیارە کە ئەگەر لە وڵاتێک مافەکانی مرۆڤ بە جیددی پێشێل بکرێ، گەمارۆکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان داوێنی ئەو وڵاتە دەگرێ.

## هەڵوەشانەوەی سمینارێکی خوێندکارانی زانکۆی پەیامی نووری سنە

کۆبوونەوەیەکی زانستیی خوێندکارانی زانکۆ سنە بەهۆی لەبەرکردنی جلوبەرگی خوێندکاران و لەبەر هەڵنەستانی سروودی رەسمیی کۆماری ئیسلامی هەڵ وەشایەوە.
خوێندکارانی کوردی زانکۆی سنە حەوتوو رابردوو لە کاتێکدا خۆیان بۆ بەرێوەبردنی سمینارێک بۆ باس لەسەر کێشەی ژن و توند و تیژی لە کۆمەڵگای کوردیدا ئامادە کردبوو، ئەو سمینارە بە هوی ئەوە کە خۆیندکاران بە جلۆ بەرگی کوردییەوە بەشداری کوبونەوەکە بوون و کاتی خویندنی سرودی ئیران هەڵ نەستانە سەر پێ، لەلایەن بەرپرسی زانکوەوە پێش بە کۆبونەوەکە گیراوە و سمینارەکە هەڵ وەشاوەتەوە.
لەو سمینارەدا بڕیار بوو کە ئومید نەقشبندی، کۆمەلناس، یەحیا ئەمینی مافناس و خەلیل رەنجبەر دەروونناس لە سەر پرسی ژنی کورد و دیاردەی توندو تیژی دژی ژنان باسیان هەبێ، بەڵام سەرۆکی زانکۆ بە دیتنی ئەو بارودۆخە کۆبوونەوەکەی تێک داوە و رایگەیاندوە کە ئەو سمینارە دەبێ دوا بخرێ و لە کاتی بەرێوەچوونیشیدا خوێندکاران بۆیان نیە بە جلوبەرگی کوردییەوە تێیدا بەشدار بن کە ئەم بریارەی بەرپرسی زانکو لە گەڵ ئیعترازی توندی خویندکاران بەرەوڕوو بۆوە.
شایانی باسە ئەو سمینارە تا ئێستاش هەر دواخراوە و نەگیراوە.

## بەڕێوەچوونی دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەهاری داهاتوودا

کومیتەی بەڕێوەبەری کۆنفڕانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێک باسی لە گرتنی دووهەمین کۆنفڕانسی خۆیان لە داهاتویەکی نیزیکدا دەکەن.
لە سەرەتای ئەو راگەیەندراوەدا هاتوە کە ئالوگۆڕ و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەتی جارێکی دیکەش ڕۆڵی گرینگ و بەرچاوی ژنانی لە خەباتکردن بۆ گەیشتن بە ئازادی و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیک و یەکسانیخواز سەلماند و ژنانی کوردیش لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە شان بە شانی هاوڕێیان و هاوخەباتانی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆیان بە پێی توانا و هەلومەرجی ڕەخساو لە بزووتنەوە جیاوازەکاندا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەوڵیان داوە.
لە درێژەی راگەیەندراوەکەدا هاتوە کە لە پەیوەندی لە گەڵ گرینگیی بزووتنەوەی ژنان لە هەلومەرجی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داهاتووی ئێران و هاوکات وەک درێژەدانی زنجیرە کۆنفرانسی ساڵانەی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنفرانسی دووهەمی ژنانی ڕۆژهەڵات رادەگەیەنێ کە لە کۆتایی مانگی گوڵانی ساڵی داهاتوودا کۆنفرانسی دووهەمی لە شاری ستۆکهۆڵم لە سۆئێد پێک دێنێ.

# وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەزدا

## عومەر باڵەکی : دەوری پێشمەرگە لە ناساندن و ورووژاندنی هەستی نەتەوایەتی دیار و پڕ بایەخن



**هاوڕێیانی تێکۆشەر! پێشمەرگە خۆشەویستەکان! خوشک و برایانی خۆشەویست!**

بە گەرمی بە خێرهاتنتان دەکەم بۆ ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز و بە بۆنەی هاتنی رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرمی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەشی ئێوە و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەم.

نەتەوەیەکی بندەست بۆ ئەوەی بە ماف و ئازادییەکانی بگا، پێویستی بە تێکۆشان و لەخۆ بردوویی هەموو چین و توێژەکانی هەیە، بەو مانایە کە هەرکام لە رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە دەبێ بە گوێرەی هەل و مەرجی ژیان و رادەی

**٢٦ی سەرماوەز وەبیرهێنەرەوەی هەڵوێستێکی نەتەوەیی رۆڵەکانی گەلی کوردە لە مێژووی هاوچەرخماندا. لەورۆژەدا بوو کە بۆ یەکەمجار لە مەهاباد بە دوای نەمانی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا، ئاڵای کوردستان هەڵ درا**

تێگەیشتوویی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی و ئاشنابوونیان بە مافەکانی خۆیان بۆ رزگاریی نەتەوەکەیان کە لە راستیدا رزگاریی خۆیانە هەوڵ بدەن و تێبکۆشن.

گەلی کوردیش یەکێک لەو گەلانیە کەسەرەڕای خەباتێکی دوورو درێژ بە داخەوە هێشتا رزگاریان نەبووە، بەڵام لە خەبات و تێکۆشان رانەوەستاون، گەلی کورد لە هیچ فیداکارییەک دریغی نەکردوە. نوێنگە و چڵەپۆپەی ئەو فیداکاری و لەخۆبوردوویيە هێزی پێشمەرگەیە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئەو ناوەی لەسەر دانراوە و لەو کاتەوە،پێشمەرگە لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا وەک خۆشەویستترینن و بەرزترین ناو، جێی خۆی کردۆتەوە. شایانی باسە کە حیزبی دێموکرات لە گەرمەی خەباتم و بەربەرەکانی لەگەل هێزی پۆشتە و پەرداغی کۆماری ئیسلامیدا بە هەستی بەو راستییە کرد کە بۆ ریز لێنان و بایەخدان بە نەقش و رۆڵی پێشمەرگە لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستاندا پێویستە رۆژێک بە ناوی پێشمەرگە ناودێر بکرێ. هەر بەو مەبەستە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کرد.

٢٦ی سەرماوەز وەبیرهێنەرەوەی هەڵوێستێکی نەتەوەیی رۆڵەکانی گەلی کوردە لە مێژووی هاوچەرخماندا. لەورۆژەدا بوو کە بۆ یەکەمجار لە مەهاباد بە دوای نەمانی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا، ئاڵای کوردستان هەڵ درا. هەر بۆیە دیاری کردنی ٢٦ی سەرماوەز لە لایەن رێبەریی حیزبی دێموکراتەوە بێهۆ و بێ بەڵگە نەبووە. هەر وەک لە پێشدا ئیشارەی پێکرا دیاریکردنی رۆژێک لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک رۆژی پێشمەرگە نیشانەی ئەمەکداری و ریز لێنانە بۆ پلەو پایەی بەرزی پێشمەرگە. ئەمەش بەو مانایە نییە کە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان تەنیا لەو رۆژەدا پێشمەرگەیان لەبیرە، بەڵکوو دەتوانین بڵێین هەموو رۆژێکی ساڵ رۆژی پێشمەرگەیە. چونکە هیچ رۆژێک لەساڵدا شک نابەین کە پێشمەرگە فیداکاریی تێدا نەکردبێ و هەر ئێستا بە هەزاران گەنج و لاوی کوردستان لە ریزی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان دان و بێ گومان هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان کە رزگاریی گەل و نیشتمانە لە خەبات ناوەستن.

لە سەر رۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەتا ئێستا وتار و بابەتی زۆر نووسراون وبڵاو کراونەوە، بەو حاڵەش لەو باوەڕەداین کە دەوری پێشمەرگە لە ناساندن و ورووژاندنی هەستی نەتەوایەتی و ئەو بایەخ و دەسکەوتانەی کە لە دیفاع و خەباتی چەکدارانەی جووڵانەوەی کورددا وەدەست هاتوون دیارو پڕ بایەخن و زۆر لەوە زیاتر و بەرزترن کە لە چوارچێوەی وتار و بابەتێک دا بگونجێن. رۆڵ و نەقشی پێشمەرگە لە خەباتی ئازادیخوازانە و رزگاریخوازای دا هەڵدەگرێ بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە کەسانی شارەزا پسپۆر.

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە ئازا و بەجەرگەیە کە هەر کاتێک پێویست بووبێ بە پێشوازی مەرگەوە چووە، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی ئاشقی مردن بێت بەڵکوو بۆ دیفاع لە خاک و نەتەوەکەی و دەستەبەر کردنی ژیانێکی سەربەخۆ و دوور لە زوڵم و زۆرو ژێرچەپۆکی بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەو گەل و نیشتمانە.

**پێشمەرگە ئەو مرۆڤە ئازا و بەجەرگەیە کە هەر کاتێک پێویست بووبێ بە پێشوازی مەرگەوە چووە، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی ئاشقی مردن بێت بەڵکوو بۆ دیفاع لە خاک و نەتەوەکەی و دەستەبەر کردنی ژیانێکی سەربەخۆ و دوور لە زوڵم و زۆرو ژێرچەپۆکی بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەو گەل و نیشتمانە**

خوو و رەوشتی بەرزی پێشمەرگە لە کردارو رەفتاردا، لەنێو فەرهەنگ و ژیانی رۆژانەی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و تینووی ئازادی دا ڕەنگی داوەتەوە. بە دەیان سروود و ئاهەنگ بۆ ریزگرتن لە پێشمەرگە ئامادە کراون وگوتراون وکەوتوونەتە سەر زار و زمانی گەورە و بچووکی ئەو نیشتمانە. بە سەدان و هەزاران منداڵی کورد بە ناوی پێشمەرگە قارەمان و شەهیدە خۆشەویستەکان ناودێر کراون.

**ئامادەبووانی بەڕێز! پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

لەکات و ساتێکدا جێژنی ٢٦ی سەرماوەز دەگرین و بەرێزەوە یادی فیداکاری و لەخۆبردوویی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە کە ماوەی نیزیک بە ساڵێکە ئاڵوگۆڕەخێراکان رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان گرتۆتەوە و لە وڵاتانی عەرەبیی تونس، میسر، لیبی، سووریە و یەمەن دیکتاتۆرەکان یەک بەدوای یەکدا کەوتوونەتە بەر تووڕەیی خەڵکی وەزاڵە هاتووی وڵاتەکانیان وهەرکام لەو دیکتاتۆر ودەسەڵاتدارانە تووشی چارەنووسێک بوون کە قەت بە خەیاڵیان دا نەدەهات. ئەوەی لەو ئاڵوگۆڕانەدا جێگای سەرنج و بایەخ پێدانە بێجگە لە فاکتۆری ناوخۆیی کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەو وڵاتانەن، رۆڵی یارمەتیدەری فاکتۆری دەرەکییە، کە گۆڕانی بەرچاوی تێدا پێک هاتوە، بە جۆرێک کە ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرانە سەبارەت بەم فاکتۆرە بە ئاسانی ناتوانن بۆ سەرکوتی خەڵک دەست بۆ جبەخانەکانیان بەرن، چونکە لەگەڵ دژ کردەوەی نێونەتەوەیی بەرەو ڕوو دەبن. نموونەی ئەو دژ کردەوەیەشمان لە لیبی دیت کە چۆن شوورای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر ناوی «بەرپرسایەتیی پاراستن» بە دەرکردنی بریارنامەی ١٩٧٣ ریگایان لە قەزافی گرت کە نەتوانێ بە کەیفی خۆی خەڵک سەرکوت بکا. نموونەیەکی دیکە، هەڵوێستی کۆمەڵگەی جیهانی بە گشتی و بەتایبەتی یەکیەتیی وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بە رێژیمی سووریەیە کە لە ئاست کوشتاری خڵکی ئەو وڵاتە لەلایەن دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد بێدەنگ نین و گوشاری جۆراوجۆریان خستۆتە سەر ئەم رێژیمە بۆ ئەوەی ملکەچی ویست و داخوازەکانی خەڵکی سووریە بێ. بە سەرنجدان بە چارەنووسی دیکتاتۆرەکانی ناوچە دەتوانین پێشبینی بکەین کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە رووبەڕووبوونەوەی یەکجاری لەگەڵ خەڵکی ئێرانداتووشی هەر ئەو چارەنووسە دەبن، چونکە لەماوەی ٣٢ ساڵ دەسەڵاتداریی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێراندا، گەلانی ئێران بێجگە لە سەرکوت وکوشتار و شەڕ و ماڵوێرانی هیچی دیکەیان لەو نیزامە نەدیوە. قەیرانی ئابووری و تەریک کەوتنەوەی نێو دەوڵەتی، پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و پەرەگرتنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: ئیعتیاد، ئێیدز، دزی و بەرتیلخۆری وبێکاری تەنیا دیاریی ئەو رێژیمە بۆ گەلانی ئێران بوون، هەر بۆیە رێژیمێکی ئەوتۆ ناتوانێ چارەنووسێکی دیکەی هەبێ.

گەلانی ئێران لە مێژە لە دەست ئەو دەسەڵات و نیزامە وەزاڵە هاتوون و لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان رەخسابێ ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕیوە. ئەمە لەلایەک و لە لایەکی دیکەوە رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە، دەری خست کە لەگەڵ سیستمی جیهانی و گیانی سەردەم ناگونجێ و لەگەڵ دێموکراسی و مافی مرۆڤ و بەرپرسایەتییەکانی لە ئاستی نێوخۆ و جیهانیدا، نامۆ و بێگانەیە. هەر بۆیە رۆژ لەگەڵ رۆژ لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە تووشی تەریککەوتنەوە بووە. هەتا ئێستا ساڵ نەبووە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ چەند جار لەلایەن ناوەند و دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، مەحکووم نەکرابێ. هەر لەم چەند ساڵەی دواییدا،لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چەند جار تەحریمی خراوەتە سەر. دوایین بریاری کۆمەڵگەی جیهانی بە دژی سیاسەتی کەڵەوە کێشیی کۆماری ئیسلامی و بەردامەوامبوونی لەسەر پیتاندنی ئۆرانیۆم، بریاری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە بارەی ئێران بوو کە ئەو رێژیمەی وەک پێشێلکەری پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و سەرپێچی لە بریارەکانی ئاژانس بە دنیا ناساند. هەر ئەوە بوو بە هۆی دژ کردەوەیەکی نێو دەوڵەتی کە هەرکام لە دەوڵەتەکان بە جیا بازنەی تەحریمەکانیان لەسەر ئێران توندتر کرد. ئەمریکا، بریتانیا، فەرانسە، ژاپۆن و یەکیەتیی ئورووپا لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە دان کە بازنەی تەحریمەکانیان لەسەر ئێران توندتر کردوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی،لایەنگران و بەکرێگیراوانی رێژیمیان، لەژێر ناوی ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵکدا، ناردە سەر سەفارەتی ئینگلیس لە تاران بە مەبەستی ئەوەی وا نیشان بدەن کە «امت همیشه در صحنه» کردەوەی دژ بە ئێران لەکەس قبووڵ ناکا! بەڵام دیتمان چ لە نێوخۆ وچ لە دەرەوە ئەم هێرشە بە زیانی دەسەڵاتداران تەواو بوو و جارێکی دیکە ئەم راستییە دەرکەوتەوە کە ئەم رێژیمە هەروا کە لەنێوخۆدا دژی ئیرادەی خەڵک دەوەستێتەوە، لە ئاستی نێونەتەوەییشدا واز لە یاغیگەری و سەرەڕۆیی ناهێنێ. بۆیە ئومێد دەخوازین شنەبای ئازادی کە لە ناوچەکەدا هەڵی کردوە ئێرانیش بگرێتەوە.

ئێران لەبەردەم ئاڵوگۆڕێکی چارەنووسسازدایە و بناغەی ئێرانی داهاتوو لە رەوتی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا بنیات دەنرێ. لێرەدایە ئەرکی پێشمەرگە ئازا و چاونەترسەکانی کوردستان قورستر دەبێ و پێویستە ئامادەییمان هەبێ بۆ هەموو ئەو دەرفەتانە کە لە پێشماندان بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی بیانقۆزینەوە و ئەرکی پێشمەرگایەتیمان کە دابینکردنی ئازادی ورزگاریی گەلەکەمانە بەجێ بگەیەنین.

لەکۆتاییدا دووبارە ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، سەرجەم تێکۆشەرانی رێگای ئازادی و دڵسۆزانی جووڵانەوەی رزگاریخوازی، بەتایبەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، پیرۆز بێ.

بەهیوای رووخانی کۆشکی دیکتاتۆری و هەڵاتنی خۆری ئازادی لە وڵاتەکەماندا

هەر شاد و سەرکەوتوو بن....



**پێشمەرگە لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا وەک خۆشەویستترین و بەرزترین ناو، جێی خۆی کردۆتەوە**

# پێویستیی پێناسەکردنەوە چەمکی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی

وریا رەحمانی

بە درێژایی تەمەن و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانم دا هەمیشە دیدێکی ئۆستوورەیی و پیرۆزم بەرامبەر بە واتای پێشمەرگە و چەمکی پێشمەرگایەتی هەبووە. هەمیشە پێشمەرگە نمادی خۆڕاگری و بەرخۆدان و قارەمانەتیی بووە لە لام. تەنانەت زۆر جاران پێم وابوو کە هەموو کەس ناتوانێ و بۆی نیە پێشمەرگە بێ. واتە ئەوە پێناسە و پێگەیەکی گشتیی لەم چەشنە نیە کە هەر کەسێک بۆی بلوێ لە تەقەللای دەستەبەر کردن و پێگەیشتنی دا بێ. بەڵکوو تەنیا کەسانێکی تایبەت بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تایبەتەوە دەتوانن بەم ئاستە لە تێگەیشتن و خاوەنداریێتی و مەزنایەتی بگەن کە تەنانەت لە روویان بێ ئەم ناوە پیرۆز

**پێشمەرگەی ئەمڕۆ بوونی خۆی نەک لە تەقابول و رووبەڕووبوونەوە دا، بەڵکوو لە مودارا و هەڵکردن دا دەبینێتەوە**

و ئەم دەورە ئەفسانەیی یە بە خۆیان بدەن یان لە سۆنگەیەکی دیکەوە کۆمەڵگا (عەقلانییەتی گشتی) پێیانی بدات.

کە منداڵ بووم یەکێک لە گەورەترین ئاواتەکانم ئەوە بوو تەنانەت بۆ جارێکیش بێ پێشمەرگە لە نزیکەوە ببینم و بیناسم. پێم وابوو پێشمەرگە شتێکی مێتافیزیکییە و لە خۆشبینانەترین حاڵەت دا تەنیا دەکرێ هەست پێ بکرێ کەچی پەیبردن بە قووڵایی زەرفییەتەکانی دەروونی کارێکی نامومکینە. هەمووی ئەوانە و بەدەیان روانگەی دیکە لەم چەشنانەش ئەو پارامێتر و داتایانە بوون کە لە کۆمەڵگای بەرینی کوردایەتییەوە وەرم گرتبوون. ئەوکاتە راگەیاندنێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو، و هەموو زانیارییەکانمان زیاتر هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگەکان لە رێی دەنگی رادیۆوە بوو کە زۆربەشی شانازیهێنەر و غروورخوڵقێنەرانە بوون. وردەوردە کە گەورەتر بووم بە هەڵکەوت چەند جارێک لە نزیکەوە پێشمەرگەم دیت و پێوەندیم لەگەڵ گرتن. خودی ئەو رووداوانەش بە نۆرەی خۆیان ئەو بۆچوونە ئەستوورەیی یە و پیرۆزەمیان بەهێزتر کرد. پێشمەرگە؛ شۆڕشگێرێکی چەکداری لەخۆبردوو کە حازرە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییە نەتەوەییەکان دا لە گیانی خۆی مایە دانێ.

هەر بۆیەش دەور و واتایەکی پیرۆزتری لە هەر توێژ و ئاراستەیەکی دیکەی نێو کۆمەڵگا لە ئاستەکانی بەرینی نەتەوەیی و نیشتمانی دا بە خۆی بەخشیبوو.

بەرەبەرە لەگەڵ تەواو بوون یان کەمڕەنگ بوونەوەی بواری خەباتی چەکداری (بەهەر هۆیەکەوە)، و پێناسەکردنەوە (بازتعریف)ی چەمکەکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕی لە ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان و کوردستانیش دا بەتایبەت پاش رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات و کەمڕەنگ بوونەوەی مێتودەکانی خەباتی چەکداریی کلاسیک، و گشتگیربوونی بیرۆکەی زاڵی لیبراڵیزم و روانگەی تاک بۆ گشت (جزء بەکل)ی ئەم ئەندیشەیە و کاریگەریی بەسەر رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورستانیش لە چوارچێوەی گلۆبالیزەیشێنی ئەکتیڤی کرداری جیهانی دا، هەروەها لەگەڵ گەشەی بێ سنووری راگەیەنە گشتی بە تایبەت تەسویرییەکان و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پێوەندی، و تێکەڵبوونی بەکردەوەی خۆشم بە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی رزگاریخواز و ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کورد، گۆڕانکارییەکی بەرهەست لە هەمووی ئەم چەمک و پێناسانەدا کە پێشتر لە پێشمەرگەی کوردستان لە بیرم دا بوون پێک هات.

بەداخەوە زۆربەهەی هەرە زۆری خەڵکی ئێمە، وەک منی جاران، ئێستاش ئەو دیدە کلاسیک و نەگونجاوە کۆنەیان بۆ پێشمەرگە و بواری پێشمەرگایەتی هەر ماوە. ئێساش دیدێکی پێغەمبەرانە و رزگاریدەرانەیەکی ئاسمانیانەیان بەرامبەر بە پێشمەرگە ماوە و پێیان وایە خۆیان کەمترین ئەرکیان لەسەر شانە و ئەوە «کوڕەکان»ن کە بە ریسالەتێکی ئاسمانییەوە رۆژێک لە رۆژان لە کێوەکانەوە دێنە خوارێ و لە هەرچی نەهامەتی و چارەرەشییەکە رزگاریان دەکەن. بە داخەوە ئەو روانگە نادروست و خیاڵاتییە تەنانەت بەشێکی زۆر لە توێژی رووناکبیر و خوێندەواری ئێمەشی هەر گرتۆتەوە و تا کاتێک کە بەم دید و تێبینیانەوە دەژین، لە چوارچێوەیەکی ئەفسانەیی دا دیفۆرمەی دەکەن و بارێکی ئۆستوورەیی پێ دەدەن. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەیدا بچووکترین خەوشێک بەسەر ئەم دیدەیان دابێ، لە جێدا لە دەورێکی ئانتی (دژبەر)انەی نابەجێ دەردەکەون و بەجێی ئەوەی هاوتەریبی بزووتنەوە گشتییەسیاسییەکەی نیشتمانەکەیان لە بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆڕی و داگیرکەران دابن، بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی نادروست رووی لێ وەردەگێڕنەوە.

رەنگە هۆکاری بەشێکی زۆری ئەم رەوشە پێکهاتوویە نادروستەی ئێستا، خودی ئێمەی ئەحزاب و پێشەنگەکانی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان بین. وێدەچی بە جێی ئەوەی بەخەڵک بڵێین ئێمە وڵاتتان بۆ رزگار دەکەین و ئازادیتان بۆ دێنین و ئێوەش یارمەتیدەرمان بن، دروستتر ئەوە بێ تەعبیرێکی راستەقینەترمان لە دەور و کاریگەرییەکانی خۆمان هەبێ و پێیان بڵێین ئێمە و ئێوە بە یەکەوە و هەر لایەنەی لە جێی خۆیدا و بە پێی ئەرک و کاریگەرییەکانی خۆیەوە هاوڕێ و هاوتەریب و هاوکار، بە رزگاری و ئازادی دەگەین. ئەگەر هەرچی زیاتر ئەو تەعبیر و روانگە ئاڕمانخواز و بەڵێن پێدەرانەیەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینی بەتایبەت هێزە چەپەکانەوە وەک میراتێکی لکێنراو بۆمان ماوەتەوە، خۆمان دەرباز کەین و لە هەوڵی بەرۆژبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ رەوشی جیهانی و ناوچەیی و بارودۆخی خۆمان دابین، کەڵکێکی زیاتر وەردەگرین. پێناسەکردنی چەمکەکانی خەبات و پێشمەرگایەتی بە تێبینی و مێتۆدە کۆنەکانەوە خزمەتێکی ئەوتۆمان پێ ناکا و درێژەی خەبات و تێکۆشانی بەردەوام تا گەیشتن بە ئازادی و رزگاریی یەکجارەکیمان پێویستیی بە پێناسە کردنەوە (بازتعریف)ی دووبارە لە گشت بوارە پێوەندیدارەکان بەتایبەت خەبات و پێشمەرگایەتی دا هەیە. پێشمەرگە بە واتا سەردەمییەکەیەوە تەنیا شۆڕشگێڕێکی چەکداری کلاسیک نییە بەڵکوو تێکۆشەرێکە کە بە دیدێکی کراوەی بەرفراوان ونەبەستراوە بۆ گەیشتن بەو ئامانج و بایەخانەی کە ئەویان وەک مرۆڤێکی ئازاد و رزگاریخوازی کورد لە پێوەندی لەگەڵ هەموو توێژ و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا دا پێناسە کردوە، بە تێگەیشتن لە زەرفییەتەکانی کاری بە کۆمەڵ لە پێناوی رزگاریی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی ئازادی لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی دا، خەبات دەکات. چەک بۆ پێشمەرگەی ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەک واتایەکی پێناسە خوڵقێن و کەسایەتی بەخشانەی نییە، بەڵکوو رێک بە پێچەوانەوە مانایەکی ئینتزاعیی هەیە و لە پێناوی بەرگریکردن لە بوون و مانەوەی خۆیدا کەڵکی لێ وەردەگرێ.

پێشمەرگەی ئەمڕۆ بوونی خۆی نەک لە تەقابول و رووبەڕووبوونەوە دا، بەڵکوو لە مودارا و هەڵکردن دا دەبینێتەوە. هەر بۆیەش دەرک و تێگەیشتنێکیی قووڵ و بەرفراوانی لە خەبات و حیزبایەتی و سیاسەت بە پانتایی هەموو مرۆڤایەتی هەیە و لەم پێناوەش دا تێدەکۆشێ و چەک دوایین شتێکە کە بیری لێدەکاتەوە. پێشمەرگەی ئەمڕۆ هەرگیز خۆی لە سۆنگەی دژبەر و نەیارەکەیەوە لێک ناداتەوە بەڵکوو لە پێشدا هەوڵ دەدا بە ناسینی باش و گونجاوی بەرامبەرەکەی، بە دەرکێکی شایان و شایستەی دروستی لە خۆی بگەیەنێ. رەنگە لە گرینگترین لایەن و رەهەندەکانی کەسایەتیی پێشمەرگەیەکی ئەمڕۆیی ئەو هەست بە تەعەهوود و بەرپرسایەتییە بەردەوامە بێ کە بەرامبەر بە خۆی و نەتەوە و نیشتمانەکەی و بایەخە پیرۆزە مرۆڤایەتییەکان دا هەیەتی و هەر ئەو شتەش وای لێدەکا بایەخ و ئامانجەکانی لەم چوارچێوانە دەرنەخا و لێیان لانەدات. خۆی لە بایەخەکانی دا و بایەخەکانیش لە خۆیدا لە هاوپێوەندییەکی بەردەوام دا پێناسە دەکاتەوە و پێشی وایە بۆ خۆشویستن و هەوڵدانی بێ وچانی لە پێناو بایەخە گشتییەکانی ژیانی دا بەر لە هەموو شتێک پێویستە کە خۆی خۆش بوێ و رێز لە فەلسەفە و بنەما وجوودییەکانی خۆی بگرێ.

وێدەچێ کە حەقیقەتی بابەتەکە و راستەقینەی هەلومەرجی خەبات و بارودۆخی سیاسیی کوردستان و جیهان هەرچی زیاتر بەرەو ئەو راستییەمان بەرێ کە خوێندنەوەیەکی جیاواز و ئەمڕۆیی ترمان لە چەمکەکانی پێشمەرگە و حیزبایەتی و خەبات و سیاسەت هەبێ و لە سەرڕاوە پێناسەیان بکەینەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژی و چەقبەستووییەکی نەخوازراوانەوە نەک هەر لە چوارچێوەی چەمکەکانی پێشمەرگایەتی و خەبات دا بەڵکوو

**ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژی و چەقبەستووییەکی نەخوازراوانەوە نەک هەر لە چوارچێوەی چەمکەکانی پێشمەرگایەتی و خەبات دا بەڵکوو لە گشت بوارێکەوە لە رووی تیۆری و کردارییەوە، بە خوێندنەوەیەکی دووبارە و پێناسەکردنەوە (بازتعریف)ێکی شایان لە خۆمان و رێباز و ئامانجەکانمان، بێینەوە نێو مەیدانەوە.**

لە گشت بوارێکەوە لە رووی تیۆری و کردارییەوە، بە خوێندنەوەیەکی دووبارە و پێناسەکردنەوە (بازتعریف) ێکی شایان لە خۆمان و رێباز و ئامانجەکانمان، بێینەوە نێو مەیدانەوە.

# شەڕی شاراوە دژی ئێران

مەحموود شەریفی
و: ئاڵەشین

گوایە لەگەڵ هێوربوونەوەی خۆپیشاندانەکانی نارازییانی ئێران، کە دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری دەستیان پێ کردبوو وڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل هیوایان بە گۆڕانی پێکهاتەیی سیاسیی ئێران لە رێگەی خەڵکەوە کەمڕەنگ بووەتەوە و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی بارودۆخی ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی رۆژئاوا باس لە شەڕێکی شاراوە دەکەن کە دژی ئێران دەستی پێکردوە. ئەزموونی دەستوەردانی راستەوخۆی سەربازی لە وڵاتانی ئەفغانستان و عێراق رێگرە لە ئەوەی کە ئەمریکا دیسان بیەوێ جارێکی دیکەش ئەم رێگەچارەیە تاقی بکاتەوە ئەگەر جار نا جاریش هێندێک لە بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی ئەمریکا باس لە ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران دەکەن زیاتر لایەنی پرۆپاگەند و شانۆیی هەیە، لەو لایەشەوە هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بە جێی ئەوەی چرا سەوزێک بن بۆ دنیای رۆژئاوا زیاتر بە قازانجی دەسەڵاتی نارەوای کۆماری ئیسلامی تەواو بوون و هێندێک جار ترسی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران بووەتە هۆی ئەوەیکە باڵە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن ماهییەتی دەسەڵاتی نارەوای کۆماری ئیسلامیان بە تەواوی لە بیر بچێتەوە و تاقانە خەمیان دژایەتیکردنی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران بێ.

**ئێران هەڕەشەیەک بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا و ئوروپا**

دوایین راپۆرتی رێکخراوی وزەی ناوکی لە سەر چالاکییە ناوکییەکانی ئێران تا رادەیەکی زۆر کۆمەڵگەی جیهانیی هێناوەتەوە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئێران بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی لە هەوڵی گەیشتن بە چەکی ناوکی دایە. ئەوەیکە روون و ئاشکرایە ئێرانی ناوکی بە هیچ جۆرێک بۆ وڵاتانی رۆژاوا، ئەمریکا و ئیسرائیل و تەنانەت وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس قابلی قبووڵ نییە. ئێستاشی لەگەڵدابێ رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەر هەناردەکردنی شۆڕش سوورن. ئەگەرچی ئەو وڵاتانەی هەنووکە چەکی ناوکییان هەیە وەک چەکێکی بەرگری رایانگرتوە و زیاتر لایەنی بەرپەرچدانەوەی هێرشی شیمانەیی دەرەکی هەیە بەڵام ئەم چەکە لە دەست دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دا دەتوانێ رۆڵی هێرشبەری بەخۆوە بگرێ و ئەو وتەیەی «ئیسرائیل دەبێ لە سەر نەخشەی جیهان بسڕدرێتەوە» بە گوێمان ئاشنایە کە جارناجار یەکێ لە گەورە بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی ئێران باسی دەکەن. هەر ئەو فیکرەمان لا بەهێز دەکا کە ئەگەر ئێران دەستی بە چەکی ناوکی رابگا دوور نییە بۆ هێرش بۆ سەر دژەکانی



خۆی بە کار بێنێ. پێشکەوتنی ئێران لە بواری دروست کردنی مووشەکی دوورهاوێژ بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری ئورووپاش بکەوێتە بەر ئەنگێوەی ئێران. هەروەها ئێران بە پێکهێنان و بەهێزکردنی گرووپی چەکداری سەربەخۆی وەک حەماس و حیزبوڵڵا هەمیشە هەڕەشەیەک بووە بۆ سەر سەقامگیری ئیسرائیل و بە ئاژاوەگێران و گێرەشێوێنی لە نێوخۆی وڵاتانی عێراق و ئەفغانستان بەرژەوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی خستۆتە مەترسییەوە. هەروەها ئێران بە خۆنزیک کردنەوە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین توانیویە خۆی بگەیەنێتە بنانگۆیی ئەمریکا و بە بەستنی گرێبەستی سەربازی و ئابووریی گەورە و زەبەلاح لەگەڵ وڵاتانی وەک بولیوی و ڤێنۆزۆئیلا ببێ بە موزاحیمێکی جیددی بۆ واشنگتۆن.

بیروڕای گشتیی نێوخۆی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە بۆ شەڕێکی ئاشکرا لەگەڵ ئێران لەبار نییە. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی باش دەزانن کە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران زۆر لە دەسوەردانەکان لە ئەفغانستان و عێراق دژوارترە و ئێران ئامرازی بەرگری باشی بۆ بەرپەرچدانەوەی لەبەر دەست دایە:

- ئاڵۆزکردنی بازاری نەوت
- نائەمن و شێواندنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە رێگەی گرووپ و دەستوپێوەندییەکانی خۆی لەو وڵاتانە
- هەڕەشەی مووشەکی دژی بەشێک لە ئورووپا و ئیسرائیل و هەروەها بەکارهێنانی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی هاوپەیمانی دژی ئەمریکا هێندێک ئامرازن کە ئێران دەتوانێ بە کاریان بێنێ.

لە لایەکی دیکەوەش بیروڕای گشتیی نێوخۆی ئەمریکاش لەگەڵ تێچووی هێرشی راستەوخۆی ئەمریکا بۆ سەر ئێران نییە. ئیسرائیل بە هۆی نزیک بوون لە ئێران و هەروەها لە پاڵ سنوورەکانییەوە حیزبوڵڵا و حەماس و لوبنان و کەرتی غەززە زیاتر لە ئورووپا و ئەمریکا هەست بە مەترسی دەکا و ئەگەر ئێران دەستی بە چەکی ناوکی رابگا لەوانەیە زیاتر تەنگی پێ هەڵچنێ، هەر بۆیە ناچارە هەموو توانای خۆی دژی ئێران وەگەڕ خا. لە سەر تەقینەوەکانی ئەم دوایانەی ئێران باس لە دەست تێدا هەبوونی ئیسرائیل دەکرێ. ئیسرائیل پێشتریش بە هێرشی سایبێری (بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسی ستاکس نێت) بۆ سەر ناوەندە ناوکییەکانی ئێران نیشانی داوە کە خۆی بۆ رووبەرووبوونەوەی هەر جۆرە پێشکەوتنێکی سەربازی و ناوکی ئێران داناوە. تەقینەوە لەو بنکانەی کە سوپا مووشەکە دوورهاوێژەکانی تێدا رادەگرێ دەتوانێ ئاکامی هێرشی راستەوخۆی مووشەکی و یا خرابکاری لە رێگەی سیخۆریی ئیسرائیلەوە بێ. هەر لەم بابەتەوە دەکرێ ئاماژە بە کوژران و تیرۆری چەند بیرمەندی ناوکی ئێران لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بکرێ.

ئەمریکاش بە شێوەیەکی دیکە لەگەڵ ئێران لە شەڕ دایە. رۆژی یەکشەممە ١٣ی سەرماوەز میدیاکانی ئێران رایانگەیاند سوپا توانیویە فڕۆکەیەکی بێ فرۆکەوانی پێشکەوتووی ئەمریکایی بنیشێنێ. ئەو فڕۆکەیە کە بە RQ-١٧٠ دەناسرێ بۆ چالاکیی سیخۆری بەکار دێ و گوایە لە ئۆپێراسیۆنی کوشتن و دیتنەوەی ئۆسامەبین لادەن دا رۆڵی سەرەکیی هەبووە. فڕینی ئەو فڕۆکەیە بە ئاسمانی ئێراندا نیشان لەو راستییەیە کە ئەمریکا بە وردی چاوەدێری جموجۆڵی نێوخۆی ئەو وڵاتە دەکا.

سووربوونی ئێران لە سەر نەدانەوەی ئەم فڕۆکەیە بە ئەمریکا و ئەگەری دەستڕاگەیشتنی چین و رووسیە (رەقیبە تەسلیحاتییەکانی ئەمریکا) بە تەکنۆلۆژیی پێشکەوتووی ئەمریکا دەتوانێ پەرە بە شەڕی شاراوەی ئەمریکا دژی ئێران بدا. یەکیەتیی ئورووپاش بە جۆرێکی دیکە شەڕی شاراوەی خۆی دژی ئێران دەست پێکردوە و گەمارۆیە یەک لە دوای یەکەکانی دژی ئێران، بە تایبەت ئەگەری گەمارۆی بانکی ناوەندی و نەوتی ئێران و دامەزراندنی بنکەی قەڵغانی موشەکی لە تورکیە ئەو ئامرازانەن کە ئورووپاییەکان بە کاری دێنن تا لە شەڕی دژی ئێران دوا نەکەون. هێرشی لایەنگرانی حکوومەتی ئێران بۆ سەر بالوێزخانەی بریتانیا لە تاران کۆمەڵە رەهەندێکی نوێی بەم دژایەتی و ململانێیانە بەخشیوە و لەوانەیە لە رۆژانی داهاتوودا بینەری لایەنە نوێیەکانی ئەم ملبەملەیە ببین.

# گرینگیی چەمکی مافی مرۆڤ وەک بەهایەکی گشتگیر

رەحمان سەلیمی

ئەو کاتەی گوتەزای مافی مرۆڤ لە بیاڤی سەلاحیەتی دەوڵەتانەوە بۆ بیاڤی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گواسترایەو، سەرەتای گۆڕانکارییەکی گرینگ بوو لە پێناسەی چەمکی دەسەڵاتداریێتی و پەیوەندیی ئەو چەمکە لەگەڵ مافی مرۆڤ. دوو ڕێککەوتننامەی «ئیزنابرۆک» لە ساڵی ١٦٤٨ و «بێرلین» لە ساڵی ١٨٧٨ بە دەسپێکی ئەو گۆڕانکارییانە دەژمێردرێن کە تا ئێستاش درێژەی هەیە کە هەمان پەرەسەندنی چەمکی مافی مرۆڤە. لەو ڕێککەوتننامانەدا پشتیوانی لە مافی ئایینی و مافی کەمینەکان کراوەتەوە. پێویستە ئەو خاڵە لە بەرچاو بگیرێ کە لێرەدا کەمینە، زیاتر مەبەست کەمینەی ئایینی بووە. شۆڕشی فەڕانسەش یەکێکی دیکە لەو ڕووداوە مێژووییانە بوو کە پرسی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤی بەرەوپێش برد.

لە ڕاستیدا بابەتی مافی مرۆڤ لە سەدەی بیستەمدا و بە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی پشتیوانی لە کەمینەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵەی گەلاندا بە جیهانی کرا. هەرچەند کۆمەڵەی گەلان بە هۆی گشتگیر نەبوون و کێشەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی نەیتوانی بە کردەوە هەنگاوی جیددی و کاریگەر لەم بوارەدا بهاوێژێ، بەڵام هەوڵەکانی دواتر لەو بوارەدا لە ژێر ڕووناکایی ئەو هەوڵە کرچ و کاڵەدا دەوڵەمەند کران.

ئەوە بە دوای دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بوو کە هەوڵدرا چەمکی مافی مرۆڤ بە شێوازێکی پراکتیکی بکرێتە بەهایەکی جیهانی کە هەموو وڵاتان سەرەڕای جیاوازیی ئیدئۆلۆژیک و سیستمی سیاسی پێی پابەند بن. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە و کۆنوانسیۆن لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا پەسەند کران و وڵاتان هان دران تا واژۆی بکەن و لە بەرابەری دا بەرپرسیار بن. لە لایەکی دیکەوە هەوڵدرا چەمکی مافی مرۆڤ و ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامانە وەک بایەخێکی جیهانی چاویان لێبکرێ و پێشێلکەرانی ئەو بایەخانە بە کۆمەڵگای جیهانی بناسێندرێن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە، دابەشبوونی جیهان بە سەر دوو بەرەی کۆمۆنیستی و کاپیتالیستی و هاتنەئارای جیهانی دووجەمسەری، بە کردەوە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئامانجە بەرزە ئینسانییەکانی کردە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو جەمسەرە. پاش کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و ڕووخانی دیواری بێرلین و سەرەنجام لێکهەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، پرسی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵێک ڕوانگەی بەرژەوەندیخوازانەی تایبەت بە دوو بلۆکی زلهێز ڕزگار بوو و گرینگیی زیاتری پێدرا. کە پێکهێنانی کۆنفرانسی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٩٣دا لە ئاکامەکانی ئەو بارودۆخە نوێیەدا بوو کە کۆمەڵگای جیهانی بەرەوڕووی ببۆوە. لەو کۆنفرانسەدا ٣ بنەمای سەرەکی دەستنیشان کران کە بریتی بوو لە:

١-جیهانگیر بوونی مافەکانی مرۆڤ

٢-گەرەنتیی پراکتیزە کردنی مافەکانی مرۆڤ

٣-پەرەدان بە ڕەوتی دیمۆکراسی لە جیهاندا

لەو کۆنفرانسەدا ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ جەختی لە سەر کرایەوە و پرسی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و دەستدرێژی بۆ سەر ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاک لە لایەن دەسەڵاتداران و سیستمە سیاسییەکانی وڵاتانی جیهان بوو بە کەڵکەڵەی فکری و عەمەلیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

**جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ**

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە پەسەند کرا، گەورەترین و گرینگترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیە بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕۆڵێکی سەرەکیی لە بەنێونەتەوەیی کردن و گشتگیر کردنی پرسی مافی مرۆڤ گێڕا و پرسی مافی مرۆڤی لە چوارچێوەی بەرتەسکی ئیدئۆلۆژی و سیاسی و بەرژەوەندیی وڵاتان ڕزگار کرد و بوو بە هۆی ئەوەی وڵاتانی ئەندام چیتر نەتوانن پرسی مافی مرۆڤ بە پرسێکی نێوخۆیی لە قەڵەم بدەن و بەم شێوەیە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەخلاقی و ئەرزشیی بەستراوە بە بایەخە گشتگیرە جیهانیەکانی خستۆتە سەر شانی دەوڵەتانی ئەندام.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کۆمەڵێک ئۆرگان و دامەزراوەی هەیە کە لە بواری چاوەدێریی بە سەر بەڕێوەچوونی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی کەرامەتی مرۆیی دا ئەرکدارن، بە کورتی ئاماژە بە بەشێک لە گرینگترینیان دەکەم:



**ئەمڕۆکە پرسی مافی مرۆڤ کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر دیپلۆماسیی نێوان وڵاتان بە تایبەت لە ڕۆژئاوا داناوە و کەمتر کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی هەیە کە تێیدا مافی مرۆڤ یەکێک لە باسەکانی ڕێبەرانی جیهان نەبێ**

**١- کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتوەکان:** یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی کۆڕی گشتی پەرەپێدانی هاوکاریی نێونەتەوەیی لە بیاڤگەلی ئابووری، فەرهەنگی، تەندروستی و یارمەتیدان بە دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانە بۆ گشت مرۆڤەکان بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی، ئایینی و زمانی. کۆڕی گشتی دەتوانێ کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی پەسند بکا، دامەزراوەی تایبەت بۆ چاودێری لە سەر مافی مرۆڤ دابمەزرێنێ و بڕیارنامەی تایبەت بە مافی مرۆڤ دژی وڵاتانی جیهان کە ئازادییە بنەڕەتییەکان پێشێل دەکەن دەر بکا.

**٢- ئەنجومەنی ئاسایش:** ئەو ئەنجومەنەش چەمکی مافی مرۆڤ وەک چەمکێکی پێوەندیدار بە ئاسایشی جیهانی سەیر دەکا. بە سەرنجدان بەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایش خاوەن پێگە و هەژمونیی فراوانە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا دەتوانێ یارمەتیدەرێکی بەهێز بێ بۆ گوشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتانی پێشێلکەری مافی مرۆڤ. بۆ وێنە ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ئەفریقای باشوور ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا. هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش لە هەندێک لە وڵاتانی جیهان دا چاوەدێری بە سەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان دا دەکا و یارمەتیی بەڕێوەچوونی پاک و بێگەرد و دیمۆکراتیکی هەڵبژاردن وەک یەکێک لە پڕنسیپەکانی پڕاکتیزە کردنی مافی مرۆڤ دەدا.

**٣- دادگای لاهە:** بەشی قەزایی و دادگوستەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەو دادگایە لە ١٥ ئەندام پێکهاتوە کە بە هاوبەش لە لایەن کۆڕی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش هەڵدەبژێردرێت. دادگای لاهە دەتوانێ لە هەلومەرجی تایبەتدا پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ پەلکێشی ئەو دادگایە بکا و بەم شێوەیە یارمەتیی دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتان بدا.

**٤- سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان:** بەرپرسی هەموو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەیە و یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی، بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤە و بە تایبەت دەتوانێ بە پێی سەڵاحیەت و پێگەی خۆی سەرنجی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆڕی گشتی و ئۆرگانەکانی دیکەی تایبەتمەند بۆ لای پرسی مافی مرۆڤ رابکێشێ.

**٥- کۆمیسارییای باڵای مافەکانی مرۆڤ:** کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی ١٩٩٤، لە سەر دامەزراندنی ئۆرگانێک بە ناوی کۆمیسارییای باڵای مافەکانی مرۆڤ ڕێککەوت و بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، کۆمیسێری باڵا وەک یاریدەدەری سکرتێری گشتی سەبارەت بە چالاکییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بواری مافی مرۆڤ دا بەرپرسیارە.

**کاریگەریی پرسی مافی مرۆڤ لە سەر دیپلۆماسی**

ئەمڕۆکە پرسی مافی مرۆڤ کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر دیپلۆماسیی نێوان وڵاتان بە تایبەت لە ڕۆژئاوا داناوە و کەمتر کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی هەیە کە تێیدا مافی مرۆڤ یەکێک لە باسەکانی ڕێبەرانی جیهان نەبێ. وڵاتانی پەرەسەندووی جیهان بە شێوەی یەکلایەنە و چەند لایەنە لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکتاتۆڕی و نادیمۆکڕاتیکدا ڕاپۆرت بڵاو دەکەنەوە و بەم شێوەیە دەیانخەنە ژێر گوشارەوە. تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ پەیوەندیی دیپلۆماسی و بازرگانی لە گەڵ وڵاتاندایە. بۆ وێنە وڵاتی تورکیە چەندین ساڵە داوای ئەندامەتی لە یەکیەتی ئورووپا دەکا بەڵام تا ئێستا لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە کە یەکێک لە مەرجەکانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ وەرگرتنی تورکیە وەک ئەندام، گرینگیدان و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤە لەو وڵاتەدا.

لە کۆتایی دا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەرچەندە لە سەدەی رابردوودا و بە تایبەتی بە دوای دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵێک ڕێکخراوی ناحکومی و داکۆکیکەری مافەکانی مرۆڤ، ئاستی ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ پێشکەوتنی بەخۆوە دیتوە، بەڵام تا ئێستاش بە میلیۆنەها مرۆڤ لە سەراسەری جیهان دا لەگەڵ دیاردەی پێشێلکردنی ماف و ئازادییە ئینسانییەکان بەرەوڕوویە و خەبات بۆ دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ ڕێگایەکی دوور و درێژی لە بەردەم دایە و پێوانەکانی ئەو چەمکە پێویستی بە خوێندنەوەی نوێ و بەدواداچوونی بەردەوام هەیە.

---

# پێویستیی پشتگیریی مرۆڤدۆستانی جیهان بۆ چارەسەریی ئاشتیانەی پرسی کورد

مەسعوود فەتحی

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی خەزەڵوەری ئەمساڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی دیفاع لە مافی مرۆڤی کوردستان بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک داوایان کرد کەمپەینێکی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە چارەسەری پرسی کورد وەڕێ بخرێ، ڕاگەیەندراوەکە جەخت لە سەر چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا دەکا کە کوردستانیان لە نێواندا پارچەپارچە کراوە و هەتا ئێستا نەیانویستوە و نەیانتوانیوە لەوپێناوەدا هەنگاوی پێویست هەڵبگرن.

نێوەرۆکی ڕاگەیاندراوەکە دروشمێکی محەممەدسەدیقی کەبوودوەند و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی تێدایە کە دەڵێ: بۆ ئەوەی پرسی کورد لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و لە کەشوهەوایەکی دیموکراتیکدا چارەسەر بکرێ پێویستە بە فەرمی دان بەو پرسەدا بنرێ و بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانەی گەلانی ناوچەکە پێویستە خەڵکی مرۆڤ دۆستی جیهان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان، پشتیوانی لە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد بکەن.

لەڕاستیشدا هیچ کام لەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ ئەوپرسەدا بەرەوڕوون هەتا ئێستا نەیانتوانیوە دەرفەتی چارەسەری بخوڵقێنێن وبەردەوام وڵامی داوا ڕەواکانی گەلی کوردیان بە گرتن و کوشتن داوەتەوە، ئەمەش نەک هەر ڕێگە بە چارەسەری نادا، بەڵکوو هەتا دێ ناوچەکە بەرەو گرژی و ئاڵۆزی دەبا.

گەلی کورد لەپێناوی دیاریکردنی مافی چارەنووسدا خەبات دەکا و دیاری کردنی مافی چارەنووس بە پێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە سەرەکیترین مافەکانی هەر نەتەوەیەکە. دیارە مافی مرۆڤ و دیموکراسی گوتاری هەنوکەی جیهان و لە دەسکەوتە بە نرخەکانی شارستانییەتی سەردەمن کەوایە بەدەنگەوەهاتن و پشتگیری کردن لەو ڕاگەیاندراوە دەتوانێ دەستپێکێک بێ بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و لەلایەن چالاکانی مافی مرۆڤەوە وەک پرسێکی ڕەوا بێتە بەرباس.

لە ئێستادا مافی مرۆڤە گۆڕانێکی گەورەی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان هێناوەتە ئاراوە کە پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە لە گەڵ دەولەتەکان ڕێک دەخا و لە بەرامبەر دەوڵەتەکاندا داکۆکی لە مرۆڤەکان دەکا واتە دەولەتەکان لە بەرامبەر پاراستنی مافی مرۆڤ ئەرکدار دەکا،مافی مرۆڤ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەنگی پێست، ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و هتد، لەهەموو کات و سات و جێگەیەکدا داکۆکی لە گەورەیی و کەرامەتی مرۆڤەکان دەکا تەنیا بە هۆی مرۆڤ بوونیان و هەر چەشنە هەڵاواردنێک ڕەت دەکاتەوە.




کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ بۆ پشتگیری لە مافی گەلی کورد

بەم پێیە مافی مرۆڤ سڕینەوەی هەڵاواردنەکانی بە بنەماگرتووە و ئازادی و یەکسانی بۆمرۆڤەکان بە مافی سروشتی لە قەڵەم دەدا.

هەرچەندە کە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ گرەنتی جێبەجێکردنی نییە، بەڵام ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتەکان لە هەمبەر پارستن وجێبەجیکردنی هەمووو ئەو پەیماننامانەی کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتەکانەوە پەسەند کراون، بۆئەوان بووە بە ئەرک . هەروەها کۆڕی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە یارمەتی ڕێکخراوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بۆ بنیاتنان وجێبەجێکردنی بنەما گشتییەکانی ئەو یاسا و ڕێساگەلە دەتوانێ گوشار بخاتە سەردەوڵەتان.

لەڕوانگەیەکی دیکەوە، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی وەک بنەمای کاری خۆی داناوە و لەو پێوەندییەدا کار وچالاکی کردوە، لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە تەواوی لە ژێر زەخت و گوشار دایە و هەتا ئێستا زۆرینەی ئەو کەسانەی لەو ڕێکخراوەدا و بە تایبەت لە ئاستێکی بەرچاودا چالاک بوون لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەست بەسەر کراون، کە بەرچاوترینیان محەممەدسەدیقی کەبودوەند، بەرپرس ودامەزرینەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە کە بە باوکی ڕۆحی مافی مرۆڤی کوردستان ناسراوە و بە تاوانی چالاکی لەبواری مافەکانی مرۆڤدا، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ساڵی ١٣٨٦ دا بە ١١ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە، و هێندێک لەچالاکانی ئەو ڕێکخراوە لە پاش چەندین جار زیندانی کردنیان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، ئێستا بە ناچاری وڵاتیان بەجێهێشتوە و تاراوگەنشین بوون کە دەکرێ ئاماژە بە: سروە کامکار، سامان ڕەسووڵپور، زەینەب بایەزیدی، شێرکۆ جیهانی، غەفوور موحەممەدی، نگین شیخ وئیسلامی و کاوەقاسمی کرماشانی و... بکەین.

دیارە یاساکانی وڵاتی ئێران بە گشتی و یاسای بنەڕەتی وڵات بە تایبەتی لەسەربنەمای ئایینی دامەزراون و لە گەڵ پێوەرەکانی سەردەمی ئێستا و مافی مرۆڤدا ناگونجێن هەربۆیە چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە لە لایەن ڕێژیمەوە بە بیانوگەلی جۆراوجۆر توشی بەربەست دەبن و بەردەوام لە ژێر گوشار و هەڕەشەدان بۆ وێنە

مانگی خەرمانانی ئەمساڵ وتەبێژی ئەو ڕێکخرواە (ئیجلال قەوامی) وەک نوێنەری مافی مرۆڤی کوردستان بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤی ئاسیا _ ئۆقیانوسیە لە تایلەند بانگهێشت کرابوو، بەڵام لە لایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە هەڕەشەی لێ کرابوو کە ئەگەر بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بکا زیندانی دەکرێ. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ناوبراو

**هەرچەندە کە جارنامەی مافەکانی مرۆڤ زەمانەتی جێبەجێکردنی نیە، بەڵام ڕێکەوتنی نێوان دەوڵەتەکان لە هەمبەڕ پارستن وجێبەجیکردنی هەمووو ئەو پەیماننامانەی کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتەکانەوە پەسەند کراون، بۆئەوان بووە بە ئەرک**

پێشتریش بە هۆی چالاکی لەبواری مافەکانی مرۆڤدا چەندین مانگ زیندانی کراوە، هەربۆیە بە دەنگەوەهاتن و پشتگیری لەم ڕاگەیەندراوە بەواتای پشتگیری لە محەممەدسەدیقی کەبوودوەندو ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە.

# بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

## (بە بۆنەی ١٠ای دیسامبر، رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ)

وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا

بەو هۆیەوە کە بەرەسمی ناسینی ئابڕووو کەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو، مافی بەرامبەرو حاشالیٚ نەکراوی ئەوان، بناغەی ئازادی، دادپەروەریو ئاشتی لە جیهاندا پێک دێنیٚ؛

بەو هۆیەوە کە وەبەر چاو نەگرتنو سووکایەتی کردن بە مافەکانی مرۆڤ، کردەوەی دڕندانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ویژدانی مرۆڤایەتییان وروژاندوەو، پێکهێنانی جیهانێک کە لەو دا مرۆڤەکان لە بیرورا دەربڕیندا سەربەستو، لە ترسو هەژاری بە دوور بن، وەک بەرزترین ئارەزووی مرۆڤ راگەیەندراوە؛

بەو هۆیەوە کە پێویستە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتدارەتیی قانوونەوە پشتیوانییان لیٚ بکریٚ تا مرۆڤ ناچار نەبیٚ لە دژی ستەمو بێدادی وەک دواچارە پەنا بباتە بەر ڕاپەڕین؛

بەو هۆیەوە کە پەرەگرتنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان دەبیٚ پشتی بگیریٚ؛

بەو هۆیەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە بڕوا هەبوونی خۆیان بە مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤو ئابڕووو کەرامەتو بایەخی تاکەکانی مرۆڤو، بەرابەریی مافەکانی ژنانو پیاوان، لە بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا راگەیاندۆتەوە و لێبڕاون کە یارمەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکەن و، لە بەر رووناکایی ئازادیی رۆژ بە رۆژ زیاتردا باشترین هەلومەرج بۆ ژیان پێک بێنن؛

بەو هۆیەوە کە تێگەیشتنی هاوبەش لە بارەی ئەم مافو ئازادییانە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەڕێوە بچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە؛

کۆڕی گشتی ئەم بەیاننامە جیهانیی‌یەی مافی مرۆڤ وەک ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵکان و میللەتان رادەگەیەنیٚ تا هەموو تاکەکانو سەرجەمی بنیاتو دامەزراوەکانی کۆمەڵگا، هەموو کات ئەم بەیاننامەیەیان لە بەرچاو بیٚ و هەوڵ بدەن بە هۆی فێرکردن و راهێنانەوە، رەچاوکردن و بەڕێوەبردنی ئەم مافو ئازادی‌یانە پەرە پیٚبدەن و بە دیاریکردنی رێوشوێنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی رۆژ بە رۆژ زیاتر رێگا بۆ بەرەسمی ناسران و باشتر بەڕێوە چوونیان چ لە نێو خەڵکی وڵاتانی ئەندام و چ لە نێو خەڵکی ئەو سەرزەوییانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دان، دابین بکەن.

**ماددەی ١**

هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک بوون و لە باری ئابڕوو و کەرامەت و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەک بەرابەرن. هەموویان خاوەنی عەقل و ویژدانن و دەبیٚ بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکدا بجووڵێنەوە.

**ماددەی ٢**

هەر کەس دەتوانیٚ بیٚ هیچ جیاوازیدانانێک بەتایبەتی لە باری رەگەز، رەنگ، جنسییەت، زمان، دین، بیروڕای سیاسی و هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بیٚ وەبەرچاو گیرانی رەچەڵەکی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی، دارایی‌و سامان، چۆنیەتیی لە دایکبوون یا هەر بارودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئەو مافو ئازادییانەی هەبیٚ کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون.

هەروەها نابیٚ هیچ چەشنە فەرقو جیاوازی‌یەک لەسەر بناغەی وەزعی سیاسی، قەزایی یا نێونەتەوەیی وڵاتێک یا سەرزەوی‌یەک کە مرۆڤێک پێیەوە بەستراوەتەوە، رەچاو بکریٚ. چ ئەو وڵات یا سەرزەوی‌یە سەربەخۆ بیٚ، چ سەر بە وڵاتێکی دیکە یا خودموختار بیٚ، یا دەسەڵاتدارەتی‌یەکەی بە جۆرێک بەرتەسک کرابێتەوە.

**ماددەی ٣**

هەر مرۆڤێک مافی ژیان، ئازادی و ئەمنییەتی تایبەتی خۆی هەیە.

ماددەی ٤

هیچ مرۆڤێک نابیٚ بکرێتە کۆیلە و، کڕینو فرۆشتنی کۆیلەکان بە هەر شێوەیەک بیٚ، پێشی پیٚ دەگیریٚ.

ماددەی ٥

هیچ کەس نابیٚ ئەشکەنجە بدریٚ یا بکەوێتە بەر رەفتارو سزای زۆردارانەو دژی ئینسانیو، سووکایەتیی پیٚ بکریٚ.

**ماددەی ٦**

هە مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کەسایەتی‌یە حوقووقی‌یەکەی لە هەموو جیٚ‌یەک بە رەسمی بناسریٚ.

**ماددەی ٧**

ئینسانەکان لە بەرامبەر قانووندا یەکسانو مافی ئەوەیان هەیە بیٚ هیچ جیاوازیدانانێک لە لایەن قانوونەوە پشتیان بگیریٚ. هەمووان مافی ئەوەیان هەیە لەبەرامبەر هەر جیاوازیدانانێکدا کە نێوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە پێشێل بکاو، لە دژایەتی لەگەڵ هەر هاندانێکدا کە بە مەبەستی ئەو جیاوازیدانانە بەڕێوە بچیٚ، وەک یەک لە لایەن قانوونەوە پشتیوانییان لیٚ بکریٚ.

**ماددەی ٨**

لەبەرامبەر ئەو کردەوانەدا کە مافە بنەرەتی‌یەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن و ئەو مافانە بەهۆی قانوونی بنەرەتی یا هەر قانوونێکی دیکەوە دانیان پیٚدانراوە، هەر کەس مافی هانا بردن بۆ دادگا نەتەوەیی‌یە بڕوا پێکراوەکانو داواکردنی پێراگەیشتنی کاریگەر بە سکاڵاکەی هەیە. ماددەی ٩هیچ کەس نابیٚ لە خۆوە بگیریٚ، زیندانی بکریٚو یا دوور بخرێتەوە.

**ماددەی ١٠**

هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لەو پەڕی بەرابەری لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە دادگایەکی سەربەخۆ، بیٚلایەن، بەئینساف و ئاشکرادا بەکێشە و سکاڵاکەی رابگەن و دادگایەکی ئەوتۆ دەبیٚ لە بارەی مافەکانو پێویستی‌یەکانی وی یا هەر تاوانێک کە پێی تاوانبار کراوە، بڕیار بدا.

**ماددەی ١١**

هەر کەسێک بە هەر تاوانێک تاوانبار کرابیٚ، هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویست بۆ داکۆکی لە خۆ کردنی ئەو دابین کراون، تاوانبار بوونی وی بەشێوەیەکی قانوونی دەرنەکەوتوە، بە بیٚ تاوان دەژمێردریٚ.

هیچ کەسێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی کارێک یا ئەنجام نەدانیکارێک کە لە کاتی ئەنجامدانی‌دا بە گوێرەی مافە نەتەوەیی یا نێونەتەوەیی‌یەکان بە تاوان نەناسراوە، مەحکووم ناکریٚ. هەروەها هیچ کەسێک نابیٚ بە سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ ئەو تاوانە دیاری کراوە، مەحکووم بکریٚ.

ماددەی ١٢

هەر چەشنە خۆتێهەلقوتاندنی لە خۆوە لە ژیانی تایبەتی، کارو باری بنەماڵەیی، ماڵو شوێنی مانەوە و نامە نووسینی مرۆڤەکان‌دا،هەروەها هەر کار و کردەوەیەک کە زیان بە شەرەف، ناموس، ئابڕوو و ناوبانگی کەسێک بگەیەنیٚ، مەحکوومە. لە بەرامبەر ئەو جۆرە خۆتێهەلقوتاندن و هێرشانەدا، مافی هەر مرۆڤێکە کە لە لایەن قانوونەوە پشتی بگیریٚ.

**ماددەی ١٣**

١)هەر کەس مافی ئەوەی هەیە لە نێو هەر وڵاتێکدا ئازادانە هاتوچۆ بکاو بە ویستی خۆی شوێنی ژیان هەڵبژێریٚ.

٢) هەر کەس مافی ئەوەی هەیە هەر وڵاتێک بە وڵاتەکەی خۆشی‌یەوە بەجیٚ بێڵیٚ یا بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

**ماددەی ١٤**

١) لە بەرامبەر ئەشکەنجەو ئازاردران و راوەدوونران، هەر کەس مافی ئەوەی هەیە بە شوێن پەناگەیەکدا بگەڕیٚ و پەنا بباتە بەر وڵاتێکی دیکە.

٢) ئەو کاتانەی کەسێک سەبارەت بە تاوانی گشتیو ناسیاسی و بەهۆی کردەوەی نەگونجاو و ناتەبا لەگەڵ ئامانجو رێوشوێنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە و ڕادەدوونان، ناتوانیٚ لەم مافەی کەلک وەربگریٚ.

**ماددەی ١٥**

١) هەر کەس مافی ئەوەی هەیە «تابعیت»ی (مافی هاونیشتمانەتی) پیٚ بدریٚ.

٢) هیچ کەس نابیٚ لە خۆوە لە مافی هاونیشتمانەتی یا لە مافی گۆڕینی هاونیشتمانەتی بیٚبەش بکریٚ.

**ماددەی ١٦**

١) هەر ژن و پیاوێک کە گەیشتنە تەمەنی خۆناسین (بالغ بوون)ەوە، مافی ئەوەیان هەیە بیٚ وەبەرچاو گرتنی هیچ سنوورێک لە باری رەگەز، نەتەوایەتی یا ئایینەوە ببنە ژن و مێرد و ژیانی هاوبەش پێک بێنن. لە تەواوی ماوەی ژنو مێردایەتیو هەروەها لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی‌دا، ژنو پیاو لە کاروباری پێوەندیدار بە ژیانی هاوبەش‌دا مافی بەرامبەریان هەیە.

٢) پێکەوە نانی ژیانی هاوبەش دەبیٚ بە رەزامەندیی تەواو ئازادانەی ژنو پیاو بیٚ.

٣) بنەماڵە کۆڵەکەی سروشتی و بنەرەتیی کۆمەڵگەیە و دەبیٚ لە لایەن کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە پشتیوانیی لیٚ بکریٚ.

**ماددەی ١٧**

١) هەر کەسێک بە تەنیٚ یا بە شێوەی بەکۆمەڵ مافی خاوەنەتی (مالکیت)ی هەیە.

٢) هیچ کەسێک نابیٚ لە خۆوە لە مافی خاوەنەتی بیٚبەش بکریٚ.

**ماددەی ١٨**

هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدانو دینی هەبیٚ. ئەم مافە پێویستی بە ئازادیی گۆڕینی دین یا بیرو باوەڕ و هەروەها ئازادیی دەربڕین و ئاشکرا کردنی‌بیروڕا لە چوارچێوەی فێر کردنی ئایینی، بە جێهێنانی رێوشوێنەکانو بەڕێوەبردنی رێورەسمە ئایینی‌یەکان‌دا چ بە شێوەی تەنیا یا بە کۆمەڵ، چ بە شێوەی تایبەتی یا گشتیی هەیە.

**ماددەی ١٩**

هەر کەس مافی ئازادیی بیروڕا و دەربڕینی بیروڕای هەیە و ئەو مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوە کە بیروڕایەکی هەیە نەترسیٚ و نیگەران نەبیٚ و، لە وەدیهێنان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروبۆچوون‌دا، ئازادانە و بیٚ وەبەرچاو گرتنی تێبینی‌یە سنوورییەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوە رابگا.

**ماددەی ٢٠**

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە پێکهێنانی ئەنجومەنو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ئاشتیخوازانەدا ئازاد بیٚ.

٢) هیچ کەس نابیٚ بە زۆر لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بکریٚ.

**ماددەی ٢١**

١) هەر کەس مافی ئەوەی هەیە راستەوخۆ یا لە رێگای نوێنەرانێک کە ئازادانە هەڵیان دەبژێریٚ، لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی وڵاتی خۆی‌دا بەشدار بیٚ.

٢) هەر کەس مافی ئەوەی هەیە لە هەلومەرجێکی وەک یەک لەگەڵ کەسانی دیکەدا، پیشە گشتی‌یەکانی وڵاتی خۆی وەدەست بێنیٚ.

٣) بڕیاری خەڵک، بناغەی دەسەڵاتی حکوومەتە. ئەو بڕیارە دەبیٚ لە هەڵبژاردنی بیٚ فێل‌دا کە بە شێوەیەکی دەورەیی بەڕێوە دەچن، خۆی دەر بخا. هەڵبژاردن دەبیٚ گشتی بیٚ، بەرابەریو یەکسانیی تێدا رەچاو بکریٚ، بە دەنگی نهێنی بیٚ یا بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچیٚ کە ئازادیی دەنگدان دابین بکا.

**ماددەی٢٢**

هەر کەسێک وەک ئەندامێکی کۆمەڵ، مافی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی هەیە و بۆی هەیە بەهۆی یارمەتی و هاوکارییە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان، ئەو مافە ئابووری،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یانەی بۆ پاراستنی ئابڕوو و کەرامەتو گەشە کردنی ئازادیی کەسیەتیی خۆی پێویستنی، بە سەرنجدان بە رێکخراوە و سەرچاوەکانی وڵات، وەدەستیان بێنیٚ.

**ماددەی ٢٣**

١) هەر کەس مافی ئەوەی هەیە کار بکا، کاری خۆی بە ئازادی هەڵ بژێریٚ، هەلومەرجێکی دادپەروەرانە و جێگای رەزامەندیی بۆ کار تێدا کردن داوا بکا و لە بەرامبەر بێکاری‌دا پشتیوانیی لیٚ بکریٚ.

٢) هەمووان مافی ئەوەیان هەیە بیٚ جیاوازیدانان لە بەرامبەر کاری وەک یەکدا، هەقدەستی وەک یەک وەربگرن.

٣) هەر کەس مافی ئەوەی هەیە بۆ داکۆکی لە قازانج و بەرژەوەندەکانی خۆی لەگەڵ کەسانی دیکە یەکیەتی پێک بێنیٚ، یا بچێتە نێو ئەو یەکیەتییانە کە تێکۆشانیان هەیە.

**ماددەی ٢٤**

هەر کەس مافی حەسانەوە و پشوودان و کەلکوەرگرتن لە سەرگەرمیی هەیە و بەتایبەتی دەبیٚ رێوشوێنە باشەکانی تایبەت بە سەعاتەکانی کار و مەرەخەسیو پشوو دیاریکراوەکانەوە، لەبارەیەوە بەڕێوە بچن.

**ماددەی ٢٥**

١) هەر کەس مافی ئەوەی هەیە بە مەبەستی دابین کردنی سلامەتیو ئاسوودەیی خۆیو بنەماڵەکەی بەتایبەتی لە باری خواردن، جلوبەرگ، خانووبەرە، چاوەدێری‌یە پزیشکی‌یەکانو خزمەتە کۆمەڵایەتی‌یە پێویستەکانەوە، ئاستێکی باش لە ژیانی هەبیٚ. هەروەها مافی ئەوەی هەیە لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، نەقوستانی، بێوەژنی یا بێوە مێردی، پیریو، لە تەواوی ئەو حاڵەتانەدا کە بیٚ ئەوەی خۆی ویستبێتی، کەرەسەو ئامرازەکانی ژیانو بەڕێوەچوونی لە دەست دەر چوون، لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە ژیانی دابین بکریٚ.

٢) دایکانو منداڵان مافی ئەوەیان هەیە یارمەتیو چاوەدێریی تایبەتییان بۆ تەرخان بکریٚ. هەموو منداڵێک چ ئەوانەی بەرهەمی ژیانی هاوبەش بن، چ ئەوانەی بە بیٚ زەماوەندی رەسمی هاتوونە دنیا، مافی ئەوەیان هەیە وەک یەک لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە پشتیوانییان لیٚ بکریٚ.

**ماددەی ٢٦**

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بخرێتە بەر خوێندنو پەروەردە بکریٚ. پەروەردەو فێر کردنو لانی کەم خوێندنی سەرەتاییو بناغەیی، دەبیٚ بە خۆڕایی بیٚ. خوێندنی سەرەتایی ئیجبارییە. فێر کردنی فەننی و حیرفەیی دەبیٚ بکرێتە گشتی و دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی بەرز دەبیٚ بە یەکسانیی تەواوە بۆ هەمووان مسۆگەر بکریٚ تا هەموو بتوانن بە گوێرەی مایەو توانای خۆیان کەلکی لیٚ وەربگرن.

٢) ئامانجی پەروەردەو فێرکردن دەبیٚ پشکواندنی هەموو لایەنەی کەسایەتیی ئینسانو بەرەودان بە رەچاو کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بیٚ. پەروەردە و فێر کردن دەبیٚ لە خزمەت پەرەپێدانی لێک تێگەیشتنی باشترو وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و گشت تاقمو گرووپە رەگەزی یا ئایینی‌یەکان‌دا بیٚ و هەروەها یارمەتی بە پەرەپێدانی تێکۆشانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناوی پاراستنی ئاشتی‌دا بکا.

٣) دایکو باب لە هەڵبژاردنی جۆری پەروەدەو فێرکردن بۆ منداڵانی خۆیان‌دا، مافی ئەوەیان هەیە لە پێشەوەی کەسانی دیکە بن.

**ماددەی ٢٧**

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە ئازادانە لە ژیانی فەرهەنگیی کۆمەڵدا بەشداری بکاو نەخشی هەبیٚو لە هونەرەکانو بەتایبەتی پێشکەوتنی زانستو دەسکەتەکانی کەلک وەربگریٚ.٢

٢) هەر کەس مافی ئەوەی هەیە لە پشتیوانیی قازانجە ماددیو مەعنەوی‌یەکانی بەرهەمە زانستی، ئەدەبیو هونەری‌یەکانی خۆی کەلک وەربگریٚ.

**ماددەی ٢٨**

هەر کەس مافی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتیو نێونەتەوەیی‌دا، داواکاری پێکهێنانی سیستەمێکی ئەوتۆ بیٚ کە ماف و ئازادییەکانی گونجاو لەو بەیاننامەیەدا بە تەواوی دابین بکا و بەڕێوەیان ببا.

**ماددەی ٢٩**

١) هەر تاکێک تەنیا لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکدا کە گەشەکردنی ئازادانە و هەموولایانەی ئەوی مسۆگەر کردوە، ئەرکی دەکەوێتە سەر شان.

٢) هەر کەس لە بەر کار هێنانی مافەکانو کەلکوەرگرتن لە ئازادییەکانی خۆی‌دا، تەنیا لە بەرامبەر ئەو لەمپەرە قانوونییانەدا ملکەچە کە بەمەبەستی بە رەسمی ناسین و رەچاوکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە و بە نیازی وەبەرچاو گرتنی پێداویستی‌یە ئەخلاقی‌یە دادپەروەرانەکان بە نیازی نەزمی گشتی و خێرو خۆشیی هەمووان لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکدا، پەسند کراون.

٣) ئەو مافو ئازادییانە لە هەرحاڵدا نابیٚ لەگەڵ ئامانجەکان و رێوشوێنو بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا، لە دژایەتی دابن.

**ماددەی ٣٠**

هیچ یەک لە خاڵە پەسندکراوەکانی ئەم بەیاننامەیە نابیٚ بە جۆرێک لێکبدرێنەوە کە مافێکی ئەوتۆ بدەن بە دەوڵەتێک، کۆمەڵەیەک یا کەسێک کە بە کەلکوەرگرتن لەو لێکدانەوەیە، بۆ لە نێو بردنی مافو ئازادییەکانی گونجاو لەم بەیاننامەیەدا تیٚبکۆشن.

# راپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ماوەی ٣ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا

## (کوژران و بریندار بوون و گیران و سزادانی ١٧٥ کەس لە کوردستان لە ماوەی سیٚ مانگی پاییزی ئەوساڵدا)

ئامادە کردنی: عەلی بداغی

ناوەندە ئەمنیەتی و قەزاییی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ماوەی سیٚ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا ١٧٥ کەسی دیکەشیان کردۆتە قوربانیی سیاسەتی کوشت و بڕ و دوژمنکارانەی خۆیان دەرحەق بە خەڵکی کوردستان.

هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سیٚ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا لانیکەم ٢٩ کەسیان کوشتوە کە ٢٦ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی رۆژی ١٢ ی رەزبەر زیندانیی سیاسیی کورد، عەزیز خاکزادی لە سێدارە دا و رۆژی ١١ ی سەرماوەز تەرمی بیٚ گیانی هاشم نەزەری، لاوی گیراوی خەڵکی «جوانرۆ» یان رادەستی بنەماڵەکەی کردەوە، ئەوەش لە کاتێک دابوو کە هێزە ئینتیزامییەکان پێنج رۆژ پێشتر و لە رۆژی ٦ ی سەرماەزدا ناوبراویان قۆڵبەست و لە زیندان پەستاوتبوو.

هەر لەو ماوەیەدا هێزە کوردکوژەکانی کۆماری ئیسلامی « لۆنت تونج ئادام» و «ئەردالٚ یەڵماز» دوو کاسبکاری کوردی باکووری کوردستانیان لە سەر سنوور داوەتە بەر ئاوری چەکەکانیان و کوشتوویانن و ئیسماعیل حەمەد، تازەلاوێکی خەڵکی باشووری کوردستانیش بە هۆی تەقەی هێزەکانی رێژیم بریندار بووە.

هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بیٚ دەرەتانی بە کاری کۆڵەباری نان و بژیوی رۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٦ کەس لەوانیان بریندار کردوە کە بەشێکی زۆری ئەو بریندارانە لە ترسی بەداداچوونی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە نەخۆشخانەکانی باشووری کوردستان وەدوای چارەسەریی برینەکانیان کەوتوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سیٚ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا لانیکەم ١٢١ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ٤٠ کەس لە گیراوانی کورد لە ماوەی ئەو سیٚ مانگەدا دادگایی و سزای لە ٦ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ١٣ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە و سەرجەم بۆ ئەو ٤٠ کەسە ١٠٣ ساڵ زیندان بڕاوەتەوە.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی هەروەها بە سەپاندنی حوکمی محاربە لە گەڵ خودا بە سەر بێهروز ئالخانی، چالاکی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری ورمیٚ، ناوبراوی بە ئێعدام مەحکووم کردوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ساڵی خوێندندا و لە درێژەی فشارەکانیان بۆ سەر مامۆستایانی کورد دا موختار ئەسەدی، مامۆستای قوتابخانەکانی سنەیان لە وانە گوتنەوە بێبەش و، عەلی پاسبار و عەزیز ناسری، دوو مامۆستای دیکەی قوتابخانەکانی شاری بۆکان و مەریوانیان بە تاوانی چالاکیی سیاسی بۆ شارەکانی ئیسفەهان و یەزد دوور خستۆتەوە.

شایانی باسە کە ئەو ئامار و زانیارییانە بە پشتبەستن بەو هەواڵ و راپۆرتانە کۆ کراونەتەوە کە بە هەواڵدەریی کوردستان و کورد گەیون و بەشێکیشیان لە ماڵپەڕەکانی «کوردپا»، « ئاژانسی هەواڵی موکریان» و « هرانا» وەرگیراون و بە دڵنیاییەوە ئاماری راستەقینەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە هۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە زیاترە کە لەو راپۆرتە دا هاتوە.

بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر و وردتر لە سەر ناوو نیشانی قوربانیانی پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەردانی ئەو لینکەی خوارەوە لە سایتی «کوردستان و کورد» بکەن.

http://www.kurdistanukurd.com/DiriyjeyBabetekan.aspx?Babet=Mafymrov&Jimare=67

# ئاغای گەنجی، « مەترسیی لێک هەڵوەشان» یان « بۆچوونی فاشیستی لەبارەی حکوومەتەوە»

ناسر ئیرانپوور ( رۆژنامەنووس)

بەشی دووەم و کۆتایی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: مستەفا مەعرووفی





**به مەبەستی رەواندنەوەی هەر چەشنە شک و گومانێک و بە پێداگرییەوە دەبێ بڵێین کوردستان هیچ کات نەی شاردۆتەوە کە لەت لەت بوونەکەی شتێکی تاڵە و هەمیشە وەک نەتەوەیەک لە رووی پرەنیسپ و تەجریدییەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی بۆخۆی بە رەوا دەزانێ**

چونکە هەروەک چەندین جار گوتوویانە پێیان وایە قازانج و داخوازەکانیان بە باشترین شێوە لە چوارچێوەی ئێراندا لە پەنا خەڵکی دیکەی ئێراندا وەدی دێ. داخوا ئەم هەڵوێستە ـ کە هەڵوێستی رێبەرانی کوردستان لەم چەند دەیەدا بووە ـ لێڵی و نارِوونی هەیە؟ ئایا سەرەڕای ئەمە دەکرێ ئیدیعای شتێکی پێچەوانەی ئەمەی لێ بکرێ؟ دەبینین کوردستان کە بە پێداگرییەوەء زۆر بە روونی باس لە دیموکراسی و فیدرالیزم بۆ ئێران و وەدیهاتنی داخوازەکانی لە چوارچێوەی ئێران دا دەکا، ناوی « جیاییخوازی»ی لەسەر دادەنێن. ئەگەر وەک ئەو بزووتنەوانەی لەسەرەوە ناومان هێنان بەراستی داوای سەربەخۆییان کردبا چ ناوێکتان بۆ دادەنا!

٣ . پێداگریی روون و ئاشکرا لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس. بە مەبەستی رەواندنەوەی هەر چەشنە شک و گومانێک و بە پێداگرییەوە دەبێ بڵێین کوردستان هیچ کات نەی شاردۆتەوە کە لەت لەت بوونەکەی شتێکی تاڵە و هەمیشە وەک نەتەوەیەک لە رووی پرەنیسپ و تەجریدییەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی بۆخۆی بە رەوا دەزانێ. هەر بۆیە بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە باسی کرا لەم رووەوە بە هیچ جۆر داهێنانێکی تازە «نیە»و هەرچی لەوێ دا هاتوە بە درێژایی مێژووی خەباتی ئەم حیزبە و حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لە بەرنامەکانی ئەم جیزبە و حیزبەکانی دیکەی کوردستان بە روونی و شەفافییەتی تەواوە گونجاوە. هەر بە رێکەوتیش بێ ئەم شەفافییەتە، لە بەرنامەی حیزبە ئێرانییەکان دا زیاتر دەبینرێ کە خۆیان بە چەپ و سەرانسەری لەقەڵەم دەدەن. ئەمە ئەسڵێک و پەرنسیپێکی دیموکراتیکە و ناکرێ باسی دیموکراسی بکەی بەڵام ئەم پەرنسیپەت قبووڵ نەبێ.

٤ . ستراتیژیی دیموکراسی و فیدرالیزم بۆ ئێران لەجیاتی سەربەخۆیی کوردستان. حیزبە کوردستانییەکان سەرەڕای ئەوەی سەربەخۆیی کوردستان وەک پرەنسیپێکی بەرهەق و رەوای خۆیان سەیر دەکەن، دروشمی سەربەخۆیی بە کردەوە و بە روونی رەت دەکەنەوە. ئەمە هیچ کات سەیر نیە، هەرچەند دەزانین هەق لە پلەی یەکەم دا بابەتێک و چەمکێکی ئینتیزاعییە و تەنیا کاتێک دەبێتە کردەوە کە، یەکەم، قازانجێکی لەپشت بێ و، دووەم، حاشاهەڵنەگر بێ. مافی تەڵاق، مافی جیابوونەوە، مافی دەست هەڵگرتن لە دین، مافی سەربەخۆیی لەم جۆرەن. بەڵێ، حیزبە کوردستانییەکان بۆخۆیان سەدان جار گوتوویانە کە ئەم دروشمە بە قازانجی کوردستان نازانن و تا ئەوکاتەی هومێدیان بە دامەزرانی دیموکراسیی راستەقینەء وەدیهاتنی داخوازەکانیان و نەمانی فەرق و جیاوازی لە چوارچێوەی ئێران دا لەدەست نەداوە گۆڕانێک لەو بۆچوونانەیان دا پێک ناهێنن. کەوابوو سەربەخۆیی کاتێک دەبێتە مەوزووع کە رێگاکانی وەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی کوردەکان بۆ بەشداریی سیاسیی ئەوان لە وڵاتی خۆیان دا ئێران، بۆ ماوەیەکی دوورەدرێژ بگیرێ و کورد لە نیشتمان و خاکی خۆی دا ( ئێران و کوردستان ) هەروا بە شێوەیەکی سیاستماتیک و پێکهاتەیی ( سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی،...) فەرق و جیاوازیی لە دژی بەرێوە بچێ. بەڵام ئەمن سەبارەت بەوەی هەتا ئێستا هیچ هاونیشتمانێکی دیموکرات و نیوە دیموکراتی ئێرانیم نەدیوە کە دژایەتییەکی ئوسووڵیان لەگەڵ ئەو شتانەدا هەبێ کە کوردەکان هێناویاننەتە گورێ، هیچ هۆیەکم پێ شک نایە شک و گومانمان لە توانای هاوبەشی خۆمان بۆ بنیاتنانی وڵاتێک و کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و دیموکراتیک و ئازاد هەبێ کە کوردستانیش بەشێکی ئەزاد دەبێ لەوێ دا. کەوابوو سەربەخۆیی یان وەک ئاغای دوکتور گەنجی دەڵێ « جیاوازیخوازی» وێڕای ئەوەی مافێکی ئوسووڵییە، جێگەی باس نابێ. لەخۆڕا نیە کوردستان لانیکەم لە سێ دەیەی رابردوودا لە پێشەنگەکانی دیموکراسی و فیدرالیزم لە ئێران دا بووە. هەر بۆیە رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ کەوتۆتە ژێر سەرکوت و ئاغای گەنجی گوتەنی « ستەمی زۆر»ەوە.

٥ . «مەترسیی جیابوونەوە» خەیاڵی یان واقعی؟ بە سەرنجدان بەوەی گوترا، « مەترسیی جیابوونەوە» لە گۆڕێ دا نیە، تەنانەت ئەگەر هەشبێ، حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر ئێران دا دروستیان کردوە نەک بۆ وێنە تێکۆشەرانی کوردستان، چونکە پێمان وایە کە « هەڵوەشان» لە رووی سیاسییەوە ( نەک لە رووی خاکەوە) لە قۆناغی « مەترسی « تێپەڕیوەء هەر ئێستا لە سیستمی سیاسیی ئێران دا کە کوردەکانی لێ-دەرکراوە یان خۆیانی لێ بەبێگانە دەزانن، راستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هەر بۆیە رووی ئاغای گەنجی دەبێ لە پێکهاتەی سیاسیی زاڵ بێ نەک بزووتنەوەی کوردستان. جگە لەوەش لە هیچ کام لەو وڵاتانەی کە ئەو شەڕانەیان تێدا روو داوە ( ئەفغانستان، لیبی، عێراق ) جیابوونەوەیەک رووی نەداوە. بۆ دەبێ لە ئێران دا جیابوونەوەیەک روو بدا، ئێرانێک کە بە هەزاران هەودا لێک دووراوە، « شەڕی قەومی»ی تێدا نیە و خاوەنی مێژووی چەند هەزار ساڵەی دەوڵەتداری و پێکەوە ژیانی گەلانە، تەنیا ئاغای گەنجی دەزانێ. کێشە و گرێکوێرەی وی شتێکی دیکەیە. پێم وایە لە خۆڕا نیە ئاغای گەنجی دەنووسێ:» حکوومەتەکانی ئێران [...] لە ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ چەندین کێشە و گیروگرفت بەرەوڕوون. کەس ناتوانێ حاشا لە هەبوونی هێزە جیاییخوازەکان بکا[...] «. کەسێک ئەو دێڕانە بنووسێ نیگەرانی ئەو خەڵکە نیە کە ستەمیان لێ دەکرێ و سەرکوت دەکرێن، بەڵکوو چارەنووسی حکوومەت و گومانی « مەترسیی هەڵوەشان» فکری خەریک کردوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ هەر ئەوە دەکا کە حکوومەتی ئیسلامی دیکا. داخوا ئەم بیرکردنەوەیە هەر لەبنەڕەت¬دا زیدی دیموکراتیک نیە؟

٦ ـ بۆچوونی فاشیستی لەبارەی دەوڵەتەوە. لەوەی را کە ئاغای گەنجی دیفەرموێ بۆ نووسەری ئەم دێڕانە روون دەبێتەوە کە لانیکەم یەکێک لە نیگەرانییەکانی ئاغای گەنجی لە لە روودانی شەڕێکی ئیحتیمالی کەمبوونەوەی دسەڵاتی دەوڵەتە. ئەو دەنووسێ:» مێژووی ئێران نیشانی داوە کە هەرکات دەوڵەتی ناوەندی دسەڵاتی کەم دەبێتەوە، هێزە جاییخوازەکان بەهێز دەبن. دەسپێکردنی شەڕ کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ناوەند ئەو ئاکامەشی هەیە. بەڵام بزووتنەوە جاییخوازەکان ئەگەر بە راستی بەهێز بن و بەرەوە جیابوونەوە برۆن بە تایبەتی لە ناوچەی ئێمەدا تەلەفاتێکی ئینسانیی زۆری بەدواوە دەبێ.» مەبەستی سەرەکییش هەر ئەم چەند دێرەیە. هەروەک لەسەرەو ئاماژەی پێکرا، ئاغای گەنجی ساڵی ١٣٧٨ لەبەرامبەر» بۆچوونی فاشیستیی لە بارەی حکوومەتەوە» راوەستا، بەڵام ئێستا بۆخۆی راست ئەم بۆچوونە لە بارەی حکوومەتەوە ـ بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان دا ـ دەخاتە روو و دیفاعی لێ دەکا. بۆچوونی ئەوا حکوومەتیانە و دەسەڵاتخوازانە لە راستی دا ئی سەردەمی قۆناغی ئیستیعمارە و لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە حکوومەت ئەسڵە و خەڵک فەرع. لەم تێگەیشتنەدا دەسەڵاتی حکوومەت لە ئیرادەی خەڵکەوە سارچاوە ناگرێ، بەڵکوو پێچەوانەکەی دروستە. هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم زیاتر باسی ئەم مەسەلەیە بکەم و لێرەدا تەنیا بە باسکردنێکی کورت واز دێنم. بەڵام با لەپێش دا بڵێم ئەو ئیدیعایە کە لە ناوچە سنوورییەکان « بزووتنەوە جیاییخوازەکان» هەن درۆیەکی رووتە. نە ئاغای ئەکبەری گەنجی و نە هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێ لەم پێوەندییەدا تاقە یەک بەڵگەش بخاتە روو. ئەوەی ئاغای گەنجی ویستوویە بیڵێ و نەیگوتوە، رووداوەکانی ئێران لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی دابووە. ئەو کات بە هۆی ئەوەی رەزا شا لە زۆر بارەوە مەیلی بەلای ئەڵمانییەکاندا نیشان دا بوو ( لە سەردەمی ئەو دا زیاتر لە ٣٠٠٠ کارناسی ئەڵمانی لە ئێران دەمەزران. هەوڵەکە ئەوە بوو کە لە ئێران¬دا سیستمێکی سیاسی لەسەر بنەمای « ناسیۆنالیزمی ئاریایی» و شوڤینیزم، بەو جۆرەی کە لە تورکیە دامەزرابوو، دابمەزرێ) وڵاتانی بریتانیا و سۆڤیەت بە مەبەستی پێشگیری لە دەستراگەیشتنی ئەڵمان بە سەرچاوەکانی ئێران، لە چەند ناوچەیەکی ئێران دامەزران و رەزا شا لەلایەن ئینگلیسەوە دوور خرایەوە. بۆیە حکوومەتی دیکتاتۆری ناوەندی دەسەڵاتی خۆی لە هێندێک ناوچەی ئێران بۆ نموونە ئازەربایجان و هێندێک ناوچەی کوردستان لەدەست دا. خەڵکی ئەو ناوچانە لە سایەی ئەو ئازادییە نوێیەدا و لە نەبوونی ئۆرگانە سەرکوتکەرەکاندا دەستیان کرد بە تێکۆشانێکی سیاسی و فەرهەنگیی نوێ و بەربڵاو، حیزبی سیاسی دامەزران، کتێب و رۆژنامەی تورکی و کوردی بڵاو بوونەوە و سەرەنجام کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بە ئیلهام لە سیستمی فیدراتیڤی سۆڤیەتی ئەو کات دامەزران کە پاشان لەگەڵ هێرشی حکوومەتی خەڵکی ئازەربایجان و کوردستان بەدوای دا گەڕاون و دەگەڕێن، شتێک نیە جگە لە سیستمی فیدراڵی. ئەوە هەر ئەو سیستمەیە کە لە هێندێک لە پێشکەوتووترین و دێموکراتترین وڵاتانی دنیادا وەک ئەمریکا، کانادا، ئوسترالیا، ئەڵمان، سویس، بێلژیک، ئیسپانیادا چەندین دەیەیە جێگیر بووە و یەکێک لە هۆیەکانی پێشکەوتنیان بووە. « جیابوونەوە» ئیدیعایەکە لە لایەن « فاشیزمی ئێرانی»و حکوومەتە فاشیستییەکانی «ئێران» [ دەستەواژەی خودی ئاغای گەنجی ] لەو کاتەوە تا ئێستا هەر باسی دەکرێ و بەردەوام دووپاتە دەکرێتەوە. دووپاتەکردنەوەی ئەم ئیدیعایەش لەلایەن ئاغای گەنجییەوە ناکرێ جگە لە دانی چەکی سپی و بەخشینی مەشرووعیەتی سەرکوت بە رێژیم ناوێکی دیکەی لێ بنێین. ئەم رێژیمە ناتوانێ لە پێوەندی لەگەڵ ئاغای گەنجیی « خۆیی «دا فاشیستیانە رەفتار بکا، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی ئازادیخوازدا فاشیست نەبێ. دەزانین کە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی فاشیزم دەسەڵاتی نیزامییە. هێزە نیزامی، ئینتیزامی، ئەمنییەتیی و سەرکوتکەرەکان هەرچۆنێک بێ ماکەی سەرەکیی ئەو رێژیمە پێک دێنن. تێگەیشتنی سەقەتیش لە میحوەرییەتی حکوومەتیش هەر لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتە نیزامییە دامەزراوە. لە روانگەی ئەوانەوە ئەگەر لە ناوچەیەکدا حکوومەت خاوەنی ئۆرگانە سەرکوتکەران نەبێ، یان توانایەکی زۆری لە سەرکوت دا نەبێ، ئەو حکوومەتە لاوازە و ئەوە زەمینەی ئاڵۆزی لە پێوەندی لەگەڵ « جیاییخوازی «دا پێک دێنێ! سەیرە! رێژیم لە رەفتار لەگەڵ موخالیفانی سیاسیدا هەر کەڵک لەم مەنتیق و چەکە وەردەگرێ. ئاکامی بە کردەوەی ئەم جۆرە مەنتیقە دەوڵەتسالارانەیە پەرەگرتنی ئۆرگانە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکان لە رووی چەندی و چۆنییەوەیە. جا هەر لەبەر ئەمەشە دیکتاتۆر و سەرەڕۆیەکان هەر بەم ناوەندی بەرەڕوو بوون و سەرکوت کران. لایەنگرانی سیستمی پێشوو ئەم کۆمارانەیان بە « جیاییخواز « ناو بردوە و ئێستاش کابووسی دووپات بوونەوەکەی دەبینن. ئەوان هێشتا دەرکیان بەوە نەکردوە کە ئەوەی ئیستیدلالەوە دەست دەکەن بە سەرکوتی دەنگی ئازادییخوازانە. بە جۆرێک ئەگەر سەیری قامووسی تێرمینۆلۆژیی حکوومەتەکانی وەک ئێرانی ئیسلامی و ئەڵمانی نازی بکەین، بە شێوەیەکی ترسناک وەک یەک دەچن. تێرمەکانی وەک « نەتەوە»، « د یسیپلین » ، « ئا لۆ ز ی » ، «سەربەخۆیی»، « جیاییخوازی»، «یەکدەنگی»، « دەسەڵاتی نەتەوەیی»، « یەکپارچەیی وڵات» و شتی لەم بابەتە لە بەستێنی ئەفسانەی « پیلان» و دەزگای فکریی میلیتاریستی و پێویستیی پاراستنی دەسەڵاتی دەوڵەتدا چەند قات بەکار دێ. ئەم جۆرە حکوومەتانە بە پێی سروشتی خۆیان یەکجار تێکچڕژاو و «متمرکز»ن، هەر شتێک کە دەسەڵاتی ئەوان بەرێتە ژێر پرسیار لە روانگەی ئەوانە لە باشترین حاڵەت دا « مەنفی»یە لە خراپترین حاڵەتدا شایانء مستەهەقی سەرکوتن. لە قەڵمدرانی ئەو بزووتنەوانەی لە کوردستاندا هەن بە « جیاییخواز» لەلایەن ئاغای گەنجییەوە هێندێکی لە تێگەیشتنی دەسەڵاتخوازانەی ئەوو بە سەرەکی زانینی حکوومەت و هێندێکیشی لە زانیاریی کەم و ناتەواوی ئەوانەوە لەبارەی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتوە. لە زۆر بارەوە دەتوانین جگە لەو دوو لایەنە شتی دیکەش زیاد بکەین لە بارەی نیاز و ئامانج و مەستە سیاسەتە شوڤینیستییەکانیانەوە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئاغای گەنجیدا وای دادەنێم کە ئەو ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی نین. بۆیە بە روونی دیارە کە بابەتەکەی بیرکردنەوە و تێفکرین و بەرژەوەندیی پێویستی پێوە دیار نیە. وێدەچێ بە داخەوە ئانتیاتیپییەکی زۆر لە بارەی وی دا پێک بێنێ و زۆریش وێ دەچێ زیان بەو ئامانج و مەبەستانەی بگەیەنێ کە ئەو بە نیازیانە. « تەنیا» هێندێکی ناسینە و هێندێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی هەڵەی ئەو لە رووی سیاسی و لە بارەی حکوومەت و « هەنگاو [ی هەڵە ] بەرەو دەوڵەتی دیمۆکراتیک و پەرەگرتوو» کە ناوبراو بەرگریی لێدەکا. ئەو تێگەیشتنەی لەسەر بنەمای مەنتیقی « دەوڵەتی لاواز بەرامبەرە لەگەڵ کێشە و ئاڵۆزی» یەکجار زۆر نادیمۆکراتیک و نا لیبرالییە. راست پێچەوانەی ئەمە دەبێ یفاعی لێبکرێ: هەر چەندی بواری گشتی و نا دەوڵەتی بەهێز و بواری دەوڵەتی لە لایەنی سیاسی و بەتایبەتی نیزامییەوە [ دیارە نەک کۆمەڵایەتی و ریفاهی ] لاوازتر بێ، کۆمەڵگە مەدەنیتر و دیمۆکراتیکتر و ئارامترە. هەرچەندی لە «تمرکز» و دەسەڵات و تێکچڕژاویی دەوڵەت کەم بێتەوە و خاوەنی ناوەندی بڕیاردانی سیاسیی زیاتر بین لە لایەنی ئاسۆیی و ستوونییەوە، هەر بەو رادەیەش لە خەڵک سالاری نزیک دەبینەوە لەسەر بنەمای سوبسیداریەتی و بە واتای دانی دەسەڵات و سەڵاحیەتی بڕیاردان بە خوارەوەترین ئۆرگانەکان و نزیکترین ئاست لە خەڵک. ئەوە هەر ئەو شتەیە کە کوردستان زیاتر لە ٦ دەیەیە خستوویەتە روو. ئێشتاش هێندێک لە بژاردەکانی وڵاتەکەمان نەیان توانیوە دەرکی بکەن و هاودەنگ و هاورێ لەگەڵ دەسەڵاتداران بە هەڵە یان بە ئەنقەست ناوی دەنێن « جیاییخوازی». ئەوەی کوردستان داوای دەکا، باسێکی جیدی لە بواری فەلسەفەی سیاسیء پێکهاتەناسیی حکوومەت-دایە و بە هیچ پێوانەیەکی زانستی و دیمۆکراتیک ناکرێ ناوی « جیاییخوازی»ی لەسەر دابنرێ. بەڵێ، رێگاچارە پێشنیار کراوەکانی کوردستان ئەمڕۆ بۆتە باسێکی سیاسیی جیدی لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە ئێرانییەکان. دەبێ ئەوە پێشوازیی لێبکرێ، بەڵام گەلێک لایەنی گرنگی ئەم باسانە کە پێوەندییەکی زۆری بەم نووسراوەیەشەوە هەیە ـ واتە پێوەندیی دیمۆکراسی بە نەهێشتنی « تمرکز»ەوە ـ هێشتا بە قووڵی باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. دەزانین کە لە ئێراندا باسی نەهێشتنی «تمرکز»و فیدرالیزم زیاتر لە رووی ئۆگری یان بە مەبەستی خستنە رووی وەڵامێکی شیاو بە داخوازەکانی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان « قەومی» هاتوونەتە گۆڕێ و کەمتر لە لایەنی پێوەندیی ئەو لەگەڵ جێگیربوونی دیمۆکراسی سەرنجی دراوەتێ. با پرسیارەکەی وردتر بکەینەوە: داخوا ئۆتۆریتەگەرایی و دەسەڵاتخوازی و «تمرکز»گەرایی سیاسی و نیزامی و قەزایی و فەرهەنگیی ئێستا کۆسپی سەرەکی لەسەر رێگای دیمۆکراسی نەبووە و نەبۆتە هۆی بەدیهاتنی حکوومەتی سەرەڕۆی ئەمڕۆ بە دەسەڵاتێکی زۆرو بەربڵاوەوە؟ ئەم دەسەڵاتخوازیە هەر تەنیا لە حکوومەتدا خۆی نانوێنێ، بەڵکوو لە فکری قوربانیانی حکوومەتیشدا جێگایەکی تایبەتیی هەیە. ئەم تێگەیشتن و ( بەربڵاوتر لەویش ) فەرهەنگەیە کە دەبێ بەربەرەکانیی لەگەڵ بکرێ، ئەوە تێگەشتن و فەرهەنگێکە کە تەنانەت موخالیفانی رێژیمیش لە وەڵامدانەوە بە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا بەرەو باوەشی رێژیم پاڵ پێوە دەنێ. بۆ روونبوونەوەی کاکڵی کێشەکە لە روانگەی خۆمەوە نموونەیەکی زیندوو لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەمان دێنمەوە: چەندین دەیە بەر لە « شۆڕش» سەرەڕۆیی بەسەر وڵاتەکەماندا زاڵ بوو. ئەم شتە بوو بەهۆی راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک و رووخانی حکوومەتی پێشوو. پاش « شۆڕش» رێکخراوە نهێنییەکان خۆیان ئاشکرا کرد و رێکخراوگەلی سیاسیی دیکەش دامەزران. بە تایبەتی زانکۆیەکان ببوونە مەیدانی کێشەی فکریی لایەنگرانی رێکخراوە سیاسییەکان. هەر کامێکیان خانوویەکی داگیر کردبوو کردبوویان بە بنکەی خۆیان. کۆمەڵگا لە کەف و کوڵ و ئاڵۆزی دا بوو. ئێستا لێکدانەوەی ئێمە لەبارەی ئەوکاتدا چیە؟ ئایا سەرچاوە و هۆی ئەوەی خەڵک رووی کردە سیاسەت و حیزبایەتی و رەنگە توندرۆیی سیاسی لێرە و لەوێ، سەرەڕۆیی درێژماوەی پێش ئەو کاتە و تینوویەتیی ئەم خەڵکە بۆ ئازادی بوو، یان بۆشایی سیاسی و نەبوونی دەسەڵات و هێزی سەرکوت؟ ئەوەی هەتا ئێشا لە کوردستان بووە بەر لەوەی بە ئی شەڕو لاوازیی حکوومەتی بزانین، دەبێ لە پێشدا بە دژکردەوەیەکی سروشتی لەبەرامبەر سەرەڕۆیی و چەوسانەوە و فەرق و جیاوازیدانانی بزانین، ئینجا بە ئی وشیاری و تینوویەتی و خەباتی خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ ئازادیی خۆیان و دەستەوەستانیی کاتیی حکوومەت لە سەرکوت کردنیدا بزانین. کورتکردنەی هۆیەکانی رووداوەکان بە شەڕ و نەبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت هەر لەو قامووس و دەزگا فکرییەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە سەرکوتی بزووتنەوە گەلییەکاندا مەشرووعییەت بە حکوومەتەکان دەدا، ئەمە نزمکردنەوەی ئاستی حکوومەتەکان بۆ دەزگای سەرکوتی نیزامی و رواڵەتبینی و وەبەرچاو نەگرتنی ریشەکان و هۆ و سەرچاوەی گیر و گرفتەکانە. ئەو ئەو شتەیە کە من بۆچوونی فاشیستی و ئیسعماری لە بارەی حکوومەتیدا پێ دەڵێم کە ئاغای گەنجییش لە کاریگەرییەکەی بە سلامەت دەرنەچووە.

٧ ـ ئاکامەکانی ناوبردنی بزووتنەوەی کوردستان بە جیاییخواز. ئەوانەی ناوی «جیاییخواز» لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە دژی ستەمدا دەنێن، یەکەم، بە شێوەیەکی نەخوازراو « جیاییخوازی»یەکی ئیدیعایی و خەیاڵی دەکەنە باسێکی باوو بابەتێک

ل ٩

# خۆپێشاندان، رووسیەی سارد، گەرم دەکا

ڕێبوار مەعرووف زادە

لە پێوەندی نێودەوڵەتی ساڵەکانی ١٩٤٨ تا ١٩٩١ بە دەورانی شەڕی سارد ناوبانگی دەرکردوە، لەو سەردەمەدا هەموو کێشەکانی جیهان لە نێوان دوو جەمسەری ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەت دا خۆی دەدیتەوە. رووخانی جەمسەری رۆژهەڵات، هەلومەرجی ئابووری و سیاسیی رووسیەی تووشی تێکشکانێکی گەورە کرد. دیارە رووسیە و رووسییەکان لە نێو یەکیەتیی سۆڤییەت دا رۆڵێکی هەرە کاریگەریان دەگێڕا، هەر بەم هۆیە لە خەسارەکانی تێکشکانی ئەو جەمسەرە، پشکی شێریان بەرکەوت. رووسەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٠ هەموو هەوڵەکانیان لە سیاسەتی جیهانی دا لەپێناو گەراندنەوەی شکۆی پێشووی رووسیە دا خستەگەڕ، بەڵام جگە لە وێڵبوون لە نێوان رۆژئاواخوازان و ناسیۆنالیستەکان ئاکامێکی دیکەیان دەستەبەر نەکرد. دیارە رۆژئاواخوازان خوازیاری دروستکردنی پێوەندییەکی بەربڵاو لەگەڵ جەمسەری رۆژئاوا و بەهرەمەند بوون لە تەکنۆلۆژی و ئابووریی پێشکەوتووی ئەو وڵاتانە بوون، بەڵام لە بەرامبەر دا ناسیۆنالیستەکان خوازیاری دامەزراندنی پێوەندییەکی پتەو لە نێوان وڵاتانی رۆژهەڵاتی بە دژی بەرەی ئەمریکا بوون.

لە ساڵی ٢٠٠٠دا یەلتسین بەهۆی نەخۆشی و ئەو دەرکەوتنە لاوازەی کە لە ئاستی جیهاندا لە رووسیە نمایشی کرد گەیشتە ئەو قەناعەتە کە مەیدانی سیاسەت چۆل بکا و لە کەسێکی دیکە بۆ کورسی سەرۆک کۆماری پشتگیری بکا. بەم پێیە لە ساڵی ٢٠٠٠ بە یارمەتی یەڵتسین، پوتین بوو بە سەرکۆماری رووسیە. دیارە بە پێی یاسای بنەڕەتی رووسیە کە لە ساڵی ١٩٩٣ پەسند کراوە بە شێوەیەکی گشتی بەڕیوەبەری وڵات بە دوو بەشی سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆیی دابەش دەبێ کە لەم بەینەدا سەرۆک کۆمار رۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی دەگێڕێ. بەپێی ئەو یاسایە سەرۆک کۆمار وەک بەرپرسی سیاسەتی دەرەوە دەستنیشان دەکرێ، توانایی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی هەیە، سەرۆک وەزیران دەستنیشان دەکا یان لایدەبا. هەروەها بەپێی یاسا سەرۆک کۆمار وەک بەرپرسی سەرجەم هێزە چەکدارەکانی وڵات دێتە ئەژمار. بەم پێیە هەرچەند کە جەمسەری یەکیەتیی سۆڤییەت رووخا، بەڵام کلتوور و روحێکی سانتراڵ خۆی خزاندۆتە نێو یاسای بنەڕەتی رووسیەوە. پوتین لە چوار ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی بە یارمەتی چوونەسەری بەهای نەوت توانی بە شێوەیەکی جیددی هەلومەرجی ئابووری رووسیە باشتر بکا، بەڵام کاتێک بۆ جاری دووهەم بۆوە بە سەرکۆمار، ئەمجارەیان بە دژی یاسای بنەڕەتی هەندێک گۆڕانی ئەنجام دا. پوتین حیزبەکانی ناچار کرد کە بۆ بەردەوامبوون لە تێکۆشانی سیاسی سەر لە نوێ ئیزنی یاسایی وەربگرن و ئەژماری حیزبەکانی لە ٣٤ حیزب بە ٧ دانە دابەزاند. هەروەها گوشار و کۆنترۆڵی بۆسەر راگەیەندنەکان و رۆژنامەنووسان زیاد کرد. دیارە لە خولی دووهەمی سەرۆک کۆماری پوتین دا، حیزبی رووسیەی یەکگرتو واتە حیزبی پوتین زۆرینەی پارلمانی بە دەستەوە گرت و ئەم بابەتە دەستی سەرکۆماری لە داسەپاندنی کۆنترۆڵی زیاتر بۆسەر کۆمەڵگە ئاوەڵا کرد. بەگشتی سەردەمی سەرۆک کۆماری ٨ ساڵەی پوتین، رووسیە خاوەنی دەسەڵاتدارییەکی بەهێز بوو کە هیچ چەشنە ئامادەگییەکی بۆ وڵامدانەوە بە هاووڵاتیانی نەبوو. لە ساڵی ٢٠٠٨ کاتێک پووتین بە پێی یاسای بنەڕەتی نەیدەتوانی بۆ جاری سێهەم لە هەڵبژاردنەکان بەشداری بکا، ولادێمیر مێدڤێدێڤ وەک بەربژێری حیزبی رووسیەی یەکگرتوو هاتە مەیدان و بوو بە سەرۆک کۆمار. دیارە مێدڤێدێڤ پێش لەوەی ببێتە سەرۆک کۆمار، رایگەیاندبوو کە ئەگەر لە هەڵبژاردن سەرکەوێ، پووتین وەک سەرۆک وەزیرانی وڵات دیاری دەکا.




ئەوکات لە نێوان کارناسان دا لە هەمبەر جۆری پێوەندیی پوتین و مێدڤێدێڤ دوو روانگە هەبوو، بەشێکیان لەو بڕوایە دا بوون کە مێدڤێدێڤ ئامرازێکە بۆ پوتین تا سیاسەت هەروا لە چنگی دابێ، بەڵام بەشێکی دیکە لە کارناسان پێیان وابوو کە سەربەخۆیی و نفووزی مێدڤێدیڤ لە چوار ساڵەی سەرۆک کۆمارییەکەی دا زیاد دەکا و بۆ جاری دووهەم دەبێتەوە سەرکۆمار. هەنووکە بە راگەیاندنی فەرمی مێدڤێدیف لەو پێوەندییەدا کە بۆ جاری دووهەم خۆی بەربژێر ناکا و لە هەڵبژاردنەکاندا لە پاڵێوراوی پوتین پشتگیری دەکا، رەنگە داوەری کردن لە هەمبەر جۆری پێوەندی ئەو دوو کەسە ئاسانتر بێ. ئەو داوەرییە ئەوەیە کە مێدڤێدیڤ شتێک نیە جگە لە مۆرەیەک کە بە فەرمانی پوتین جێگۆڕکێ دەکا. دیارە حیزبی رووسیەی یەکگرتوو سەرەڕای ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان تووشی تێکشکانێکی گەورە هات. ئەو حیزبە بە بەراورد لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو رادەی دەنگدەرانی لە ٦٥ لەسەد بۆ ٤٩ لەسەد و کورسییەکانی لە ٣١٥ کورسی بۆ ٢٣٨ کورسی دابەزی و بەم پێیە نەیتوانی زۆرینەی پارلمان لە دەست بگرێ. هەروەها نزیک بە ١٠٠ هەزار کەس بە نیشانەی نارەزایەتی لە ئەنجامی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان رژانە سەر شەقام و سیاسەتی پوتین- مێدڤێدێڤیان مەحکووم کرد. خۆپێشاندانی رووسییەکان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و راگەیەندنەکان کاردانەوەی بەرینی لێکەوتەوە کە ئامادەگی خەڵکی بۆ نارەزایەتی بەرفراوان تر دەرخست. بە سەرنجدان بەوەی کە خۆپێشاندانی نارەزایەتی رووسییەکان یەکەم نارەزایەتی بەرین لە ٢٠ ساڵی رابردوودا بووە، ئاماژە بە ئاکامەکانی لە ئاستی نێوخۆیی رووسیەدا لە کورتخایەن و درێژخایەن دا پڕ بایەخە. یەکەم ئاکامی خۆپێشاندانەکان لە رووسیە بۆسەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەبێ کە بڕیار وایە لە مارسی ٢٠١٢ بەڕێوەبچێ. لەو هەڵبژاردنەدا رێبەری حیزبی کۆمۆنیست کە لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی توانی ٢٠ لەسەدی دەنگەکان دەستەبەر بکا بۆ بەدەستهێنانی کورسی سەرۆک کۆماری دەکەوێتە ململانێکی توند لەگەڵ پوتین. ئەگەر هەڵبژاردنی سەرکۆماری ٢٠١٢ لە بارودۆخێکی ئاسایی دا بەڕێوەبچێ، بە پێی ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ تێکڕای ئۆپۆزیسیۆن بە دژی پوتین دەنگ بە پاڵێوراوی حیزبی کۆمۆنیست بدا. بەم پێیە درێژەکێشانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری رووسیە بۆ خولی دووهەم شتێکی چاوەڕوانکراو و تەنانەت ئەگەری شکستی پوتین دوور نییە.

ئاکامی خۆپێشاندانی خەڵکی رووسیە لە درێژخایەندا ئەوە دەبێ کە لەمەوبەدوا بۆ بەشێکی بەرچاو لە خەڵک روونە کە سەرکەوتنی پوتین نارەوا و دەر ئەنجامی فرت و فێڵ و ساختەکاری یە. لەڕاستیدا تا پێش لە خۆپێشاندانەکان سەرەڕۆیی پوتین لەلای خەڵک نهێنییەک بوو، بەڵام لە ئێستادا ئەو بابەتە بووە بە بەشێک لە هوشیاری گشتی خەڵک. بەم پێیە خەڵک رۆژ لەگەڵ رۆژ هۆشیارانەتر لە پرۆسەی سیاسی دا بەشداری دەکەن و ئەوە بە واتای ئەوەیە کە بەردەوام هەڕەشەکان بۆ سەر ئەمنییەتی دەسەڵاتدارێتی پووتین زیاد دەبێ و ئەنجامدانی ساختەکاریش تێچووی سیاسی و ئەخلاقی زیاتر هەڵدەگرێ.

درێژەی:

# ئاغای گەنجی، « مەترسیی لێک هەڵوەشان» یان « بۆچوونی فاشیستی لەبارەی حکوومەتەوە»

بۆ بیر لێکردنەوە. دووەم، لایەنی ناوەندگەری و بەدبینی لە بەرامبەر حکوومەتدا بەهێز دەکەن و ژمارەی ئەو کەسانەی بەو ئاکامەگەیشتوون کە وەدیهاتنی داخوازەکانیان لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا و لەگەڵ ئەم بژاردانە ئیمکانی نیە و دەبێ رێگایەکی دیکە بگرنە بەر، زیاد دەکا. سێیەم، گەڕان بە دوای رێگاچارەیەکی گونجا و زیاتر لەگەڵ گیر و گرفت بەرەوڕوو دەکا. چوارەم، بە ئامادەکردنی کەش و هەوای سیاسی و تەبلیغی رێگا بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵکی ئەم ناوچانە خۆشتر دەکەن. هیچکام لەمانە لە خزمەتی « پاراستنی یەکیەتی»دا [ جگە لە ] ئیددیعا شتێکی دیکە نین. ئەمن سەرم لەوە سوڕماوە کە هێشتا لە وڵاتەکەماندا کەسانێک هەن کە پێیان وایە بە سڕینەوی سووڕەتی مەسەلەکە یان حاشا لێکردن و سەرکوتکردنی ئاکامەکەی، مەسەلەکە چارەسەر دەبێ. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەقڵ وا حوکم دەکا کە ئەو کەسانە هەر ئەوەی کە حیزبە کوردستانییەکان دەڵێن لە ئێراندا بە دوای بەختەوەریی خۆیاندا دەگەڕێن و خوازیاری جیابوونەوە نین، بە شتێکی باش بزانن و پێشوازیی لێ بکەن و ئەوان بەرەو پرۆسەیەک پاڵ پێوە نەنێن یان ناچاریان نەکەن کە لە ئاکامی ئەوەدا بەو باوەڕە بگەن کە هیوایەک بۆ چارەسەری کێشەکان لە ئێراندا نیە، کەوابوو دەبێ لە فکری چارەسەرێکی دیکەدا بن. ئەوە بۆ هەمیشە نامومکین نیە. دەبێ ئەو مەسەلەیە بە جیددی وەربگیرێ. بەڵێ ئەمن گوتوومە و دیسان دەیڵێمەوە هیوادار بووم ئێمە باسی یارەڵماسی و پیوازمان کردبووایە بەڵام لایەنی بەرامبەری ناوەندگەرای ئێمە نەکەوتبانە بیری کابووسی « جیاییخوازی»یەوە.

بەڵێ، چاوەڕوانییەکەم تا ئەو ئاستەی هێناوەتە خوار. ئەوە کە ئاغای گەنجی دەڵێ « لە ئێراندا ستەمێکی زۆر دەرهەقی کەمایەتییە قەومییەکان کراوە» بە زانینی ئەو رادە یەکجار « متەوازیعانەیە « کە بۆ هەڵسەنگاندنی رادەی باوەڕی راستەقینەی بەشێک لە هاونیشتیمانمان بە دیمۆکراسی هەیانە، وەک «موعجیزە»یەک دێتە بەرچاو. ئیدی بەراوردکردنی ئەو لەگەڵ کەسێکی وەک ئیسماعیل بێشکچی مافزانی تورک کە ساڵانێکی زۆری تەنیا لەبەر دیفاع لە خەڵکی کوردستانی تورکیە لە زیندانەکانی ئەو وڵاتەدا بەسەر برد، هەوڵێکی بێسوودە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا یەکێک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیم بۆ جارێکی دیکەش لە نووسینەکانمدا دەگێڕمەوە، تا بەڵکوو لێدانی پتێک لە مێشکە فەتیسماوەکانی سەردەمی ئیستعمار بێ. رۆژێک یەکێک لە دۆستانم بۆی باس کردم کە ئەو رۆژە لە ماڵی وان کێشەیەکی گەورە خولقاوە. دەیگێڕایەوە کە دایکی خەریکی خەیاتی بووە و برا چووکەکەشی لە پەنای دانیشتوە، بەردەوام مەقەستێ لێک دەدا. دایکی نەجارێک و نە دوو نە سێ بۆ برایەکی دووپات کردۆتەوە:» وا مەکە! لە مێژە گوتوویانە لێکدانی مەقەستێ شەڕی بەدواوە دەبێ!» سەرەنجام پێداگرتنی دایکی و گوێنەدانی برایەکەی کە دەیگوت « ئەوە خوڕافاتە»، وای لێهات ئاخیری لەسەر ئەم مەسەلەیە کێشەیەکی وا لەو ماڵەدا ساز بوو ئەو سەری دیار نەبێ! دوایە دایکی دەڵێ:» نەمگوت وا مەکە شەڕ ساز دەبێ؟» ئەو دۆستەشەم لە وەڵامدا گوتوویەتی:» دایە گیان، ئەگەر ئەتۆ زۆری لەسەر نەڕۆیشتبایەی و کێشەت لەسەر ساز نەکردبا، ئەتۆو برایەکەشم کێشەتان لێ پەیدا نەدەبوو. لە راستی دا ئەتۆ کێشەت هەڵایساند، نەک برایەکەم بەو مەقەستە بێزمانەیە.»

٨ ـ ئیسراییل و ئێران و کوردستان. ئاغای گەنجی روونی نەکردۆتەوە کە ئیسراییل چ پێوەندییەکی لەگەڵ کوردستان هەیە. ئەوەکە ئیسراییل چی ئێرانی پێ باشە یان، رەنگە ئاغای گەنجی بزانێ و منی داماو لێی بێ خەبەرم. بەڵام بۆچوونی خۆم لە بارەی ئەم قسەیەی ئاغای گەنجی لە چوارچێوەی بۆچوون و لێکدانەوەدا بە ئاغای گەنجی رادەیەگەیەنم: یەکەم، بە باوەڕی من ئەمە راست نیە کە ئیسراییل پێی ناخۆش نیە « ئێرانی گەورە» نەبێ. دەزانین کە ئیسراییل هاوپەیمانی سەرەکیی حکوومەتی بەر شۆڕش بوو و تا ئەم دواییانەش لە دژی پارتیزانەکانی پ.ک.ک. و پەژاک یارمەتییەکی کاریگەری بە تورکیە دەکرد و گۆیا رۆڵی سەرەکیی لە دۆزینەوە و رفاندنی عەبدوللا ئۆجەلاندا گێڕا. بۆیە ئەوەی بۆ ئیسراییل گرنگ بووە نەک وڵات و خەڵکی ئێران، بەڵکوو حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بووە. ئەمن پێم وانیە کە دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆنی ئیسراییل دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ ئێران و خەڵکی ئێران هەبێ. دووەم، با وای دابنێین ئاغای گەنجی راست دەکا، داخوا ئەمە سەیرە؟ ئەدی حکوومەتی ئیسلامی نەمان و « نەهێشتنی ئیسراییل لەسەر نەخشەی جوغرافیایی» ناوێ و لەم پێوەندییەدا یارمەتیی سیاسی و مەعنەوی و تەبلیغی و نیزامی بە دزێوترین و کۆنەپەرست ترین و تیرۆریست ترین هێزەکانی دژبەری ئەم وڵاتە ناگەیەنێ و چەندین جار هەڕەشەی لەنێوبردنی ئیسراییلی نەکردوە؟ با کەمێک ئینسافمان هەبێ.

ئەگەر بە قسەی ئاغای گەنجی ئیسراییل « ئێرانێکی چووکە «ی پێ ناخۆش نیە، کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا دەڵێ ئیسراییل لە بنێرا، نەک حکوومەتەکەی، لە نێو دەبا. سێیەم، دوژمنی ستراتژیی ئیسراییل تەنیا حکوومەتی ئیسلامی نیە. وڵاتانی عەرەبی لە سووریەوە بگرە تاکوو عەرەبستان لە دوژمنانی لەمێژینەی ئیسراییلن. بۆیە ئیسراییل پێویستیی بە حکوومەتی ئیسلامی هەیە بۆ کۆنترۆڵی وڵاتانی عەرەبی. ئیسراییل لە ساڵانی رابردوودا کەمی سوود لە «بازرگانی»ی ناراستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتی ئێران نەکردوە و تەنانەت لە گەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا بۆ ئێران و بە ویستی ئێران بنکە ئەتۆمییەکانی عێراقی بۆمباران کرد. ( کتێبی « پول خوون «، بەرهەمی دوکتور مەسعوودی ئەنساری لەم پێوەندییەدا زۆر سەرنجڕاکێشە). جگە لەمەش وڵاتانی رۆژئاواش بەردەوام پشتیوانیان لە سیستمێکی بەهێزء «متمرکز» لە ئێراندا کردوە، چونکە بەم جۆرە باشتر دەتوانن بە ئامانجە ئاشکرا و نهێنییەکانیان، باش و خراپەکانیان دەگەن. پێوەندانی زیمنیی کوردستان بە ئیسراییلەوە بەر لە ئاغای دوکتور گەنجی لەلایەن خودی حکوومەتی نابی موحەممەدییەوە هاتۆتە گۆڕێ و ئاغای گەنجی تەنیا دووپاتەی کردۆتەوە و تەئیدی کردوەء لە بیری چۆتەوە ئەم حکوومەتە هەر ئەم تۆمەتیان داوەتە پاڵ ئەویش. رەنگە ئەو بەم کارەی تەنیا ویستبێتی گومان لەسەر خۆی لابەرێ ـ بەڵام لەسەر حیسابی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان!

٩ ـ شەڕ و ئاشتی و چەتری پاراستن. ئاغای گەنجی بە هەق نووسیویەتی باسی شەڕ باسی چەمکی ئینتیزاعی نیە، باسی شەڕ باس لەسەر گیانی ئەو مرۆڤانەیە کە «تەنیا» جارێک دەرفەتی ژیان لەسەر تۆپی زەویان هەیە». یەکەم، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان باسی شەڕ لە ئێرانیدا نەهێناوەتە گۆڕێ و تەنیا ئەوەی تەئیید کردوە و پێی باشە کە ئەنجومەنی ئاسایش یارمەتیی ئۆپۆزیسیۆنی لیبیی داوە کە تووشی شەڕێکی نابەرامبەر لەگەڵ قەزافی بوون. ئەگەر یارمەتییەکی ئەوتۆ نەکرابایە، ئێستاش کە ئێستایە شەڕ درێژەی دەبوو، دیارە ئەگەر قەزافی نەی توانیبا بە کوشتارێکی بەرین بە قازانجی خۆی کۆتایی بە بزووتنەوەی خەڵکی ئەم وڵاتە هێنابووایە. با ئەوەش بڵێم ئەو قسانە کەسێک دەیانکا بەرنامەی مەرگهێنەر و شەڕخوازانەی ئەتۆمیی حکوومەتی ئیسلامی بە « خەیاڵ « ناو دەبا و لە گێرە و کێشەی ئەتۆمیدا بە شێوەی راستەوخۆ پشتیوانیی لەو حکوومەتە کردوە. ئەو قسانە کەسێک دەیانکا کە ئاگای لە دەستێوەردانی نیزامیی ئەم حکوومەتە لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتی جیهان دایە، دەزانێ کە ئەسڵ و ئەساسی ئەم حکوومەتە لە نیزامیگەری، شەڕ و هەڕەشە و هێرش و پەرەپێدانی تێرۆریزم دا کورت کراوەتەوە، دەزانێ ئەم رێژیمە « کۆماری» ئیسلامیی ئێرانە کە ئێران بەرەو شەڕ دەبا، ئەویش نەک هەر تەنیا لەگەڵ ئیسراییل دا. بە پێچەوانەی ئیددیعای ئاغای گەنجی، کێشەی تەیاربوونی حکوومەتی ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی تەنیا پێوەندیی بە ئیسراییل و حکوومەتی ئێرانەوە نیە بەڵکوو پێوەندیی بە خودی خەڵکی ئێرانیشەوە هەیە. پێم وایە دەبێ ئاغای گەنجی بزانێ کە حکوومەتی ئیسلامی شارەکانی کوردستانی چۆن بە پێشکەوتووترین چەک خستە بەر هێرش. ئەو ماوەیەکی لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی حکوومەتی ئێران کاری دەکرد و بە تایبەتی لە رۆژنامەکانی « جامعە»و « گوس» لە هاوکارانی نزیکی ئاغای دوکتور حەمیدرەزا جەلایی پوور، فەرماندەری حکوومەتی ئێران لە ساڵانی دوای بەدەسەڵات گەیشتنی حکوومەتی ئیسلامی لە مەهاباد بوو. بۆیە لانی کەم لەو دوو سەرچاوەیەوە دەبێ ئاگای لە تۆپباران و خۆمپارەباران و هێرشی فڕۆکە ئێف ١٤ ەکانی رێژم بۆسەر ئەم شارانە و شارەکانی دیکەی کوردستان و کوشتاری بە کۆمەڵ لەم ناوچانەدا هەبێ. بە زانینی ئەم راستییە و ئەم ئەزموونە ناتوانم دڵنیا بم لەوەی کە ئەم حکوومەتە ـ ئەگەر ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی ـ لە دژی گەلەکەم بەکار نەهێنێ. کەوابوو ئەمە پێوەندیی بە خەڵکی کوردستانیشەوە هەیە کە سێ دەیەیە لەگەڵ ئەم رێژیمە لە شەڕ و کێشە دایە. حکوومەتی سەدام کەڵکی لە پیسترین چەکەکانی خۆی، بۆمبە شیمیاییەکانی لە دژی خەڵکی کوردستانی عێراق و هێزەکانی ئێران وەرگرت. کێ دەتوانێ ئەوەی دەستبەر بکا کە حکوومەتی ئیسلامییش ئەم کارەی ناکا؟ ئەوە نیە هەر ئێستا حکوومەتی تورکیە لە دژی خەباتگێڕانی کوردستان کەڵک لە چەکی شیمیایی وەردەگرێ. ئینجا: ئەوەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەبەرچاویەتی و هێناویەتە گۆڕێ، پێکهێنانی میکانیزمێکە بۆ پێشگیری لە شەڕو کوشتار. پێکهێنانی ناوچەیەکی پارێزراو وانیە کە حەتمەن لە ئاکامی شەڕ یان بۆ سەرەتای شەڕ بێ. بۆ نموونە ئەم چەتری پاراستنە لە عێراقدا کاتێک پێک هات کە راپەڕینێک دەستی پێکرد، رێژیمی سەدام هێرشی کردە سەر خەڵکی کوردستان لە باکوورء شیعە لە باشووردا و هەست بە مەترسیی کوشتاری بەکۆمەڵ دەکرا. دوای ئەوەش شەڕێک لە نێوان رۆژئاوا و عێراقدا سەبارەت بەمە رووی نەدا و تەنانەت ئەم مەسەلەیە بۆ ماوەی چەند ساڵ پێشی بە شەڕ گرت. ئەمە شتێکە کە رەخنەگران سەرنجی پێ نادەن. هەروەها ئەگەر ئاغای گەنجی میکانیزمێکی دیکەی بۆ پێشگیری لە بۆمباران و تۆپبارنی حکوومەتەکانی تورکیە و ئێران ورەنگە سبەی سووریە و لەوانەشە تەنانەت عێراقی تەیارکراو پێ شک دێ، دەتوانن بیهێننە گۆڕێ و باسی بکەین. لە کۆتاییدا تەنیا ئەوەندەی پێوە زیاد دەکەم کە ئەو دەقانەی دیکەش کە لەلایەن ئاغای گەنجییەوە لە بەیاننامەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان نەقڵ کراون، ڕاست نین و رەوایی و ئیعتیبار و ئەمانەتدارییان تێدا نیە. بۆ نموونە بە پێچەوانەی ئیددیعای ئاغای دوکتور گەنجی لەم بەیاننامەیەدا نە بە شێوەیەکی دیاریکراو باسی ئێران کراوەء نە داوای هیچ شتێکیش لە ناتۆ کراوە.

# سووریه و لەمپەرەکانی گەیشتن بە ئازادی

تەها ڕەحیمی

نۆ مانگ بەرخۆدان، خۆپیشاندان، قوربانیدان، شینگێڕی، رفاندن، ئەشکەنجە و... زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس کوژراو و ١٤٠٠٠ دەستبەسەر و ١٢٠٠٠ و ٤٠٠ ئاوارە، بە دەیان و بگرە بە سەدان بێ سەروشوێن دیاری بەهاری عەرەبییە بۆ وڵاتی سووریە و خەڵکە کۆستکەوتووەکەی کە لە پێناو ئازادی دا کارەساتیان بەسەر هاتووە. لەحاڵێکدا کە خەڵکی ئاشتیخواز و ناڕازی سووری لە بەرانبەر دیکتاتۆری ٤١ ساڵە بنەماڵەی ئەسەد دا لە خوێن دەگەوزێن، جیهانی دەرەوە بە هێندێک گەمارۆ و گوشار ماشێنی سەرکوتی بەشار ئەسەد شەرمەزار دەکەن کە لە چاو دڵرەقی و بێ بەزەیی هێزەکانی ئەسەد و ئەو جینایەتەی دەرحەق بە خەڵکەکەی خۆی دەیکا دەبێ بڵێین زۆر کەمە و ئەگەر هەروا بڕواتە پێش مێژوو ئەم کارەساتە دەکا بە پەڵەیەک بە نێوچاوانی سەردەمێکی مرۆڤایەتیی کە بەرزترین و پێگەیشتووترین ئاستی پێشکەوتوویەتییەتی.

لێرەدا کۆمەڵە پرسیارێک دێنە گۆڕێ؛ کە ئایا جیهان یا بڵێین ڕۆژئاوا لە پێناو چی لە بەرانبەر ئەسەد دا نەرمی دەنوێنێ؟ ئایا تێکچوونی هاوسەنگی هێزی شیعە و سوننی لە جیهانی ئیسلام دا ڕۆژئاوای نیگەران کردوە؟ ئایا ڕاگرتنی باڵانسی هێزی تورکیە بۆ ڕۆژئاوا گرنگە؟ ئایا بە دەسەڵات گەیشتنی هێزە ئیسلامگەراکان هەروەک لە توونێس، میسر، مەراکیش و....دیتمان ڕۆژئاوای چاوترسێن کردوە؟ یا ئەوەی شەڕی ساردی نێوان ڕۆژهەڵات (چین، ڕووسیە، ئێران و ....) و ڕۆژئاوا (یەکیەتی ئورووپا و ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ڕێگرە لە بەردەم وەشینی شنەی دیموکراسی لەم کەوشەنی جیهان؟ و... . بە دەیان پرسیاری دیکە.

ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی عەلەوی مەزهەب کە ستراتیژترین هاوپەیمانی ئێرانە، بە دڵنیاییەوە هێزێکی سوننە بە دەسەڵات دەگەیەنێ کە لە لایەکەوە باڵانسی شیعە و سوننە بە قازانجی سوننە تێک دەدا و هەمیش پلەی تورکیە رکابەری مێژوویی ئێران لە ئاستی ناوچەدا بەرز دەکاتەوە.

سووریە کە دوای حکوومەتی نوێی عێراق دووەمین ئەندامی شیعەی یەکیەتی عەرەبە سەنگێکی یەکجار زیادی بە باڵانسی شیعە- سوننی جیهانی ئیسلام بەخشیوە و لە ئەگەری نەمانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دا پردی پێوەندی نێوان حەماس و حیزبوڵڵاو ئێرانیش دەڕووخێ و دەکرێ بڵێین لەم نێوەدا ئێران و بەرەی شیعە بەتەنێ دەمێننەوە و جگە لە عێراق کە ئەویش سیستمێکی ناجێگیری هەیە و بە دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتە بەڕای زۆربەی خاوەن ڕایان لە هەڵوەشان نزیک دەبێتەوە و ئەگەریش هەر یەکپارچەیی خۆی بپارێزێ ئەم هێزە یەکلاکەرەوەیە نییە. دەوڵەتی نوری مالکی لە بە دەسەڵات گەیشتنی



دوای گەڕانەوەی لە ئەمریکا، مالکی شاندێکی بە سەرۆکایەتی فەلاح فەیاز ڕەوانە لای بەشار ئەسەد کرد تا هەوڵ بدا مل بۆ داواکانی یەکیەتی عەرب ڕاکێشێ، چوونکی هەم مالکی و هەمیشی حکوومەتی تاران باش دەزانن کە ئەگەر بەشار ئەسەد هەروا لە کوشتنی خەڵک و کەڵەوەکێشی لە بەرانبەر داوای وڵاتانی جیهان و کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام بێ هەروەک یەکیەتی عەربیش تا ڕۆژی چوارشەممەی ٢١ی دیسامبەری بە سووریە مۆڵەت داوە، لێی بێدەنگ

ئەو گرووپە سوننیانە دەترسێ کە لایەنگری گرووپە سوننەکانی نێو پێکهاتەی عێراقن. هەر بۆیەش ئێستاشی دەگەڵ دابێ لایەنگری لە حکوومرتی بەشار ئەسەد دەکاو لە کۆبوونەوەکانی یەکیەتی عەربیش دا دەنگی بەو بڕیارنامانە نەداوە کە لە سەر سووریە دەرکراون و بەم دواییانەش

نابن و ئەگەری گورزی سەربازی بۆ ڕووخاندنی بەهێز دەبێ.

تورکیە بەدوای هاتنە سەرکاری ئیسلامی سیاسی میانەڕەو بە سەرۆکایەتیی پارتی دادو گەشە پێدان لە بواری ئابووری و کارتێکەریی لە سیاسەتی ناوچە و بەتایبەت جیهانی ئیسلام دا پێگەی بەرز بۆتەوە و تەنانەت

دادو گەشە پێدان بووە بە سەرچەشن بۆ ئیسلامی سیاسی وڵاتانی موسڵمان و هەر ئێستا دەبینین ئیسلامییە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکانی توونێس و میسر و مەراکیش و... خۆیانی لێ نزیک دەکەنەوە و مۆدێلی ئیسلامی داد و گەشە ڕەچاو دەکەن. لە لایەکی دیکەوە تورکیەش وەک ڕابردوو تەنیا ڕوو بە ڕۆژئاوا نییەو دەرگەکانی بەڕووی جیهانی ئیسلامی کردۆتەوە و هێژموونی فەرهەنگی تورکیە لە هەموو بوارەکاندا بەسەر ژیانی وڵاتانی ئیسلامی ناوچەدا دیارە. کەواتە لە

ئەگەری ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دا جیهانی ڕۆژئاوا ئەوە دەبێ بە هانای ئێرانەوە بێ تا تای تەرازوو بە قازانجی بەرەی شیعە و ناسیونالیزمی فارس دا لە بەرانبەر مەزهەبی سوننە و ناسیۆنالیزمی عەرەب و تورک دا هاوسەنگ ڕاگرێ.

ئاکامی شۆڕشەکانی توونێس، میسر و لیبی و چاکسازیی وڵاتانی دیکەی عەرەبی کە هێندێک کرانەوەی کەشی سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا، بوو بەهۆی سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی، کە هەروەک پێشتر گوتمان زۆربەیان پارتی داد و گەشەی ئەردۆغان بەسەر چەشنی خۆیان دادەنێن و پێڕەوی ئیسلامی سیاسی میانەڕۆ دەکەن. بە دەسەڵات گەیشتنی ئەم هێزانە ئەگەرچی تا ئێستا بە کردەوە نەبوونەتە هەڕەشە بۆ سەر بایەخ و بەهاکانی ڕۆژئاوا، بەڵام متمانە پێکردنیان زەمان دەخایەنێ. دەسەڵاتی بەشار ئەسەد ئەگەرچی تا ئێستا پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ئیسرائیل نەبووە هەڕەشەیەکی جیددیی نەبووە بۆ سەر ئەو وڵاتە. بەڵام لە ئەگەری بە دەسەڵات گەیشتنی هێزێکی ئیسلامی لە سووریە کە لە باری جوگرافییەوە لە ئیسرائیل نزیکەو سنووری هاوبەشی دەگەڵ ئەو وڵاتە هەیە دەتوانێ ببێتە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر ئیسرائیل.

هەروەها ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئەسەد بە شێوەی پێویست یەک گوتار دەرنەکوتوەو تارادەیەکیش ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆو دەرەوەی وڵات خاوەن ئەو پێوەندییە پتەوە نییەو دەبێ زیاتر هەوڵ بدا تا دنیای دەرەوە متمانەی پێویست بەو ڕەوتانە بکا کە شیمانە دەکرێ دوای نەمانی ئەسەد دەسەڵاتی سیاسی سووریە بەدەستەوە دەگرن.

لە لایەکی دیکەوە پشتیوانی سووریە و چین لە سووریە لە کۆڕو کۆمەڵە بڕیار دەرە نێونەتەوەیی و جیهانییەکان بووەتە هۆی ئەوەیکە هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ توندکردنی سزاکانی سەر بەشار ئەسەد بە ئاکام نەگەن. هەروەها خودی سووریەش لە بەرانبەر یەکیەتی عەرەب کە زۆر بوێرانە بڕیاری لەسەر ئەو وڵاتە دەرکردو گەمارۆی خستۆتە سەر، سیاسەت دەکا و پێشنیار بە پێشنیار بڕیار بە بڕیار وەڵام دەداتەوە و زۆر جار بڕیارەکانی قبوول دەکا بەڵام بە کردەوە لە ژێری دەردەچێ و بەمجۆرە توانیوێ کات بکڕێ کە خودی ئەم تەفرەدانەی بوەتە هۆی ئەوەی کێشەکە لە لایەک ئاڵۆزتر و لە لایەکیش زۆر بخایەنێ کە لە درێژخایەن دا دەتوانێ خۆپیشاندان تووشی دڵساردی و تووڕەیی بکا. تەنانەت ئەگەرچی بەم دواییانەش ڕووسیە بڕیارنامەیەکی لە سەر ئاڵۆزییەکانی سووریە پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد زیاتر لە قازانجی سەرکوتکەران دایە تا ناڕازییان و ڕووسیە دەیەوێ بەمجۆرە گەلانە هەم گوشاری دنیای دەرەوە و هەمیش بیروڕای نێوخۆی سووریە لە بەر بێدەنگی لە بەرانبەر ئەو تاوانانەی نێوۆخی سووریە لە سەر خۆی کەم کاتەوەو لە لایەکیشەوە سوکانی ڕەوتی توند کردنی گوشارەکان لە سەر سووریە لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بە دەستەوە بگرێ.

لە ئاکام دا دەبێ بڵێین خەڵکی وەزاڵەهاتووی سووریە بەو هەمووە قوربانییەی لە پێناو ئازادی دا پێشکەشی کرد بە دنیای نیشان داوە کە لە سەر داواکانی خۆی سوورەو ڕوون و ئاشکرایە کە جیهان ناچارە بە بێ گوێدان بەو پاراداێمانەی باسیان کرا بە ئاراستەی خواستەکانیان بڕیار بدا.

# ڤاسلاڤ هاڤێل ، تەنها سەرۆکێک لەم دنیایەدا کە بە قووڵی خۆشم دەویست، ماڵاوایی لە دنیا کرد!

ڕێبوار کەریمی

ئیفلاتوون دەیوت کە سەرۆک دەبێ «فیلسووف-پاشا» بێت. ڤاسلاڤ هاڤێل، فیلسووفپاشای دنیای مۆدێرن بوو. سەرۆککۆمارێک بە دەرکێکی قووڵی فەلسەفییەوە بۆ سیاسەت. هاڤێل باسی لە «سیاسەتی باڵا» دەکرد، سیاسەتێک کە دەبوایە تاسەر وەفادار بە ئیخلاق، هەقیقەت و ژیان لە گەڵ هەقیقەت بێت.

هەڵبەت فیلسووفپاشای ئیفلاتوون ڕێبەری کۆمەڵگایەکی تۆتالیتاریستی بوو، ڤاسلاڤ هاڤێل بەڵام بەشی زۆربەی ژیانی، ڕوناکبیرێکی پێشەنگی بزووتنەوەی ئانتی تۆتالیتاریستیی چێکوسلۆڤاکیا و، دوای داڕمانی کەمپی سۆیالیستیی ڕۆژهەڵاتی ئەورپاش، وەک یەکەمین سەرۆک کۆماری چێکوسلۆڤاکیا، نموونەی ئایدیالی ڕێبەرێک بوو لە قۆناغی گۆڕین و تێپەڕینی کۆمەڵگا لە سیستمێکی تۆتالیتاریستییەوە بۆ سیستمێکی کراوەی دێمۆکراتیک.

هاڤێل وەک نموونەیەکی بەرزی ڕوناکبیری پانتایی گشتی، ساڵانێکی زۆری ژیانی لە زیندانەکانی چێکوسۆڤاکیادا تێپەڕاند. بەشی زۆری ئەندێشە بەرزەکانی هاڤێل لە ساڵەکانی خەباتی دژی تۆتالیتاریسمدا، هەر لە پشت مێلەکانی زیندانەوە، لە چوارچێوەی ئەو نامانەدا کە بۆ هاوسەرەکەی «ئۆڵگا» دەینووسین، فۆرموولە و بڵاوبوونەوە.

لەو ساڵانەدا کە ڕۆژاوا بە باوەشی گەرمەوە پێشوازی لەو کەسایەتییانە دەکرد کە کەمپی ڕۆژهەڵاتیان بەجێ دەهێشت و بەرەو ڕۆژاوای ئەورووپا دەبوونەوە، هاڤێل دەیوت؛ « من دڵ بەوە خۆش ناکەم کە کەسانێک لە کەمپی نەیارانمانەوە هەڵبێن و بێنە ریزی ئێمەوە. من بەوە دڵخۆش دەبم کە کەسانێک لە کەمپی نەیارانماندا، بەبێ ئەوەی جێی خۆیان بگۆڕن، باوەڕەکانیان بگۆڕێ و وەک ئێمە بیر بکەنەوە».

ڤاسلاڤ هاڤێل بە دڕکی چاوی ڕێبەرانی کۆمۆنیستیی چێکوسلۆڤاکیا لە قەڵەم دەدرا. ئەویان بەبێ پاساوێکی ماقووڵ، ساڵانێک لە زیندان توندکرد. هاڤێل بەڵام قەت باسی لە ڕووخاندنی حکومەتی کۆمۆنیستەکان نەکردبوو. خەمی ئەو ئیشکردن لە سەر سیستم بوو. ئەو پەرۆشی کۆمەڵگا، مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین بوو. کاتێک شۆڕشی مەخمەڵی گەلانی چێکوسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٨٩ دا سەرکەوت، هاڤێل ئیتر تەنها ڕێبەری شۆڕش نەبوو، لە کەسایەتیی ئەودا گەل زۆر شتی دیکەشی بەدیدەکرد. ئەو ببوو بە سەمبوولی خەباتی ڕێگای ئازادی و هیوا.

لە تێزە سیاسییە گرینگەکانی هاڤێل، تێزی «سیاسەتی دژە سیاست» بوو. «ئانتی سیاسەت» بە مانا هاڤێلییەکەی بە واتای «ورەی دەربڕینی ڕاشکاوانەی هەقیقەتە». هەر لێرەشەوە بوو کە هاڤێل باسی لە سیاسەتی ئیخلاقی دەکرد. جەوهەری ئیخلاقی سیاسی بەلای هاڤێلەوە، مەسەلەی بەپرسیاریەتی بوو؛ «بەرپرسیاریەتیی هاوبەش بەرامبەر پرسە هاوبەشەکان».

بەلای هاڤێلەوە سیاسەت لە کۆی فەلسەفەی ژیان جیانەدەکرایەوە. بەلای هاڤێلەوە سیاسەت شتێکیش نەبوو کە تەنها پێوەست بێ بە سیاسەتمەدارانەوە. هاڤێل تێکڕای ژیانی کۆمەڵگای وەک هەرەوەزێکی بەکۆمەڵ دەبینی لە پێناوی وەدیهێنانی «سیاسەتی باڵا»دا. کاتێک لە سەردەمی دوای دەسەڵاتداریتی کۆمۆنیستاندا سیاسییە تازە بەسەرداکەوتووەکانی چێکوسلۆڤاکیا باسیان لە گەشەدان بە کۆمەڵگای مەدەنی دەکرد، ڤاسلاڤ هاڤێل دەیوت، کۆمەڵگای مەدەنی پێکنایات ئەگەر پێشتر بنەماکانی کۆمەڵگایەکی ئیخلاقی دانەمەزرێنین.



**به بێ نەخشی مێژویی ڕێبەرێکی ناتوندیژیخوازی وەک ڤاسلاڤ هاڤێل، دوور نەبوو کوشت و بڕی گەلانی چێک و سلۆڤاکیا بەر لە کوشتارەکانی باڵکان، دەستی پێ بکردایە. ڕەنگە زۆر کەس ئەوەش بزانن، کە هاڤێل هاوسۆزییەکی زۆری بەرامبەر بە کێشەی کوردیش نیشان دەدا**

لەم پرۆسەیەشدا، هاڤێل پێی وابوو هەر هاوڵاتییەک دەبێ بەشدارێکی بەرپرس بێت.

هەندێک لە ئەنترۆپۆلۆژەکان باس لە لایەنی سابجێکتیڤ و لایەنی ئۆبژێکتیڤی کولتوور دەکەن. هاڤێل لەو دەگمەن بیریارانەی فەلسەفەی سیاسی بوو کە بە وشیارییەوە باسی لە لایەنە ئۆبژێکتیڤەکان و لایەنە سابجێکتیڤەکانی «کولتووری سیاسی» دەکرد؛ لە باسی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکی چێکۆسلۆڤاکیای چاخی پۆست تۆتالیتاریستی‌دا، هاڤێل هوشداری دەدا کە لە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا لە «چاخی تێپەڕین»دا، بایەخی بیناسازی، ڕەنگ و فۆڕمی شارەکان، هونەر و مۆسیقا و تاد. لە بایەخی ئەندێشە باڵا سیاسییەکان، کەمتر نیە.

ئەزموونی سەرۆک کۆماریی هاڤێل بەمانایەک، ئەزموونی تاقیکردنەوەی باوەڕەکانی ڕوناکبیرێکی شۆڕشگێڕ بوو، ئەو باوەڕانەی کە بەلای زۆر کەسەوە بەرگەی دنیای «رئیال پۆلیتیک»یان نەدەگرت. ڕەهەندە سیاسییەکانی ئەندێشەکانی هاڤێل بەڵام، بەرگەی تەوژمی گۆڕانکارییەکانی دوای سەردەمی شەڕی ساردیشیان گرت. سەردەمی سەرۆککۆماریی هاڤێل سەلماندی کە ئەو کابرایە هەتا سەر ئەفکار و ڕەفتاری لە یەک جیا نەدەکرانەوە.

کاتێک سلۆڤاکەکان بڕیاری ماڵ جیاکردنەوەیان لە چێکەکان دا و، چێکۆسلۆڤاکیا لەبەردەم مەترسیی لێکهەڵوەشانەوەدا بوو، ڤاسلاڤ هاڤێل ـی بەڕەگەز چێکی، بۆ خۆی سەرۆک کۆماری وڵات بوو. هاڤێل لە نووسینێکی دوور و درێژدا، ڕوو لە سلۆڤاکەکان دەڵێ؛ «هەستی براچکۆلەیی و ستەملێکراویتان دەرک دەکەم، بەڵام ئێمە دەتوانین پێکەوە ئایندەیەکی باشتر بۆ هەردوولامان دابین بکەین» هاڤێل ڕوو لە سلۆڤاکەکان دەڵێ؛ «جیابوونەوەتان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکماندا نیە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە سەربەخۆ بژین، من وەک سەرۆک کۆماری چێکۆسلۆڤاکیا یەکەمین کەس دەبم کە ڕێز لە بڕیاری ئێوە دەگرم».

بە بێ نەخشی مێژویی ڕێبەرێکی ناتوندیژیخوازی وەک ڤاسلاڤ هاڤێل، دوور نەبوو کوشت و بڕی گەلانی چێک و سلۆڤاکیا بەر لە کوشتارەکانی باڵکان، دەستی پێ بکردایە. ڕەنگە زۆر کەس ئەوەش بزانن، کە هاڤێل هاوسۆزییەکی زۆری بەرامبەر بە کێشەی کوردیش نیشان دەدا.

کاتێک دوای دوو دەورە سەرۆک کۆماری، هاڤێل بەگوێرەی یاسا، لە سەرۆکایەتی کۆمار کشایەوە، جۆرێک لە بۆشایی سیاسی و قەیرانی کاتی لە دەسەڵاتداریتی کۆماری چێک دا پێک هات. هاڤێل دوای دوو دەورە سەرۆکایەتیش هەروا لەترۆپکی خۆشەویستی‌دا بوو. هەڵبەت نەک هەر لە ناوخۆی وڵاتدا، بەڵکو چ وەک ڕێبەرێکی ئۆپۆزسیۆن و چ وەک سەرۆک کۆماری چێکوسلۆڤاکیا و کۆماری چێک، ڤاسلاڤ هاڤێل کەسایەتییەکی خۆشویستراوی نێونەتەوەییش بوو.

دوای تێپەڕینی سەردەمی سەرۆککۆماری، هاڤێل گەڕایەوە بۆ لای خۆشەویستە کۆنەکەی خۆی: ئیشی ئەدەبی و شانۆنووسی. ئەو ڕوناکبیرە گەورەیەی چێک کە لە شانۆنامەنووسیەوە دەستی پێکرد، دواجار لە ترۆپکی خۆشەویستی‌دا شانۆی ژیانی بەجێ هێشت. لە شانۆی ئیخلاق و سیاسەتی بەرزدا بەڵام ، ئەو هەروا سەربەرز بە پێوەیە.

ئێستا لە ژووری تاریکی کارەکەمدا، وێنەکەت، دەست لە ژێر چەنەی، هەروا بە هێمنی خەریکی بیرکردنەوەیە. لە ماڵ نیم، دەنا مۆمێکم لە بەردەم وێنەکەتدا دادەگیرساند...لە گەڵ مۆمی ئەندێشەکانت بەڵام هەروا بەئەسپایی پێ هەڵدێنم. ماڵاوا ڤاسالڤ هاڤێل، ماڵاوا!

**تێبینی:** لە کاتی نووسینی سەرپێی ئەو دێڕانەی سەرەوەدا، لە سەفەر و میوانیدا، هیچ سەرچاوەیەکم لەبەردەستدا نەبوو، بۆیە هەموو ئەو وتانەی هاڤێلیش کە گواستوومنەتەوە بەو شێوەیەن کە پێشتر لە زەینمدا جێگیر بوون. هاڤێل لەمە زیاتر هەڵدەگرێت. شایانی باسە، یەکێک لە کتێبەکانی هاڤێل کە هێشتا بڵاونەبۆتەوە، لە لایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە کراوە بە کوردی.

# کورتە چیرۆکی «کیژۆڵە و کاف»

نووسینی: بێرتۆلت برێشت

وە رگێران لە ئینگلیسیە وە : سە لاح ئیفتخاری



ژیاننامەی بێرتۆلت برێشت:

برێشت وەک بەرچاوترین شانۆنووس لە کاری شانۆدا دەناسرێ بەڵام ئەو جگەلە و کارانە شانۆنووسێکی سەرکەوتوو و مەزن بوو. هەروەها گەلێک شێعر و هۆنراوەی پڕواتا و هەست بزوێنی هۆنیوەتەوە و لە تەمەنی ١٥ساڵیدا دەستی بە شێعرنووسین کردووە و یەکەم هۆنراوەکانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ و ١٩١٧ بە شێوەی چاپکراو بڵاو بۆتەوە.

مینیماڵی: (کیژۆڵە و کاف)

کیژۆڵەی خانەخوێ لە لالۆی پرسی:

ئەگەر دڕە ماسییەکان مرۆڤ بوونایە ، تۆ بڵێی ئاخۆ لەگەڵ گچکە ماسییەکاندا دلۆڤانتر بوونایە ؟

لالۆ)کاف) وتی : بێگومان,

ئەگەر دڕە ماسییەکان مرۆڤ بوونایە ، ئەوسا لەناو دەریا دا کۆدان (سندووق) ی رەختە ( قایم ) و پتەویان بۆ گچکە ما سییە کا ن بە درووستکردن دەدا و بۆیا ن پڕ دەکردن لە هەموو جۆرە خۆراکێک، ئیتر هەر لە رووەک و گژوگیاوە بگرە، تا دەگا تە هەموو کەرەستە و شتومەکی ئاژەڵان .

دڕە ماسییەکان خەمی ئەوەشیان دەخوارد، کە کۆدانەکان هەمیشە ئاوی پاک و سازگاریا ن تێدا بوایە و هەموو پێویستیەکانی پزیشکیی و فریاکە وتنیشان بۆ ئامادە دەکردن .

بۆ نموونە ئەگەر بێتو گچکە ماسییەک (باڵۆچکە)کەی خۆی بریندار بکردبا، دەستبەجێ فریای دەکەوتن و برینپێچیان بۆ دەکرد، نەوەکوو پێشوەخت بمرێت و بە فیڕۆ لە دەستی دڕە ماسییەکان بکەوێت

بۆئەوەی گچکە ماسییەکان دڵتەنگ و خەمبار نەبان، جاروبار لە ناو ئاودا ئاهەنگی گەورەیان دەگێڕا، چونکە ماسی دڵخۆش و شادمان لە ماسی دڵتەنگ و خەمبار بە تام و چێژترە .

ئەگەر بێتو دڕە ماسییەکان مرۆڤ بوونایە، ئەوسا دەبا لە ناو کۆدانە گەورەکاندا مەدرەسەش هەبووایە.

لە خوێندنگەکاندا گچکە ماسییەکان فێری ئەوە دەبوون، کە چۆن مرۆ لە ناو گەرووی دڕە ماسییەکاندا مەلە دەکات .

بۆ نموونە گچکە ماسییەکان پێوستیان بە شارەزایی جوغرافی دەبوو، هەتا توانیبایان ئەو دڕەماسیە گەورانە بدۆزنەوە، کە لە شوێنێکدا تەوەزەلانە لێی پاڵکەوتوون.

کاری هەرەسەرەکی بریتی دەبێ لە راهێنان و فێرکردنی ( ئەخلاقی ) گچکە ماسییەکان. وانەیان پێدەوتنەوە و فێریان دەکردن، کە گوایە مایەی ئەوپەڕی گەورەیی و شانازی دەبێت، ئەگەر بێت و گچکە ماسییەک بەوپەڕی دڵخۆشی و دلسۆزییەوە گیانی خۆی بەخت بکات.

فێریان دەکردن کە دەبا هەموو گچکە ماسییە کان باوەڕیان بە دڕە ماسییەکان بکردبا، بەر لە هەموو شتێک، ئەگەر دڕە ماسییەکان گوتبایان، کە گوایە خەمی دا هاتوویەکی با ش و جوان دەخۆن.

لە هەمان کاتدا گچکە ماسییە کانیان وا تێدەگەیاند، کە ئەم ئایندە باش و جوانەش تەنیا کاتێک مسۆگەر دەکرێت کە گوێڕایەڵانە فێربن و وانەکانیان وەربگرن .

لە سە ر گچکە ماسییەکان پێوست دەبوو کە خۆیان لە هەموو خواست و ئارەزوویەکی پووچ و بێ کەڵکی ماتریالیستانە و خۆپەرستانە و بپارێزن و تخوونی نەکەون. خۆ ئەگەر بێت و یەکێ لەوان بکەوێتە گێژاوی ئەو جۆرە ئارەزووانەوە، ئەوا پێویستە لە سەریان کە ئەو تێوەگلانە بە زووترین کات بە دڕە ماسییەکان بگەیەنن .

ئەگەر بێتو دڕە ماسییەکان مرۆڤ بوونایە، ئەوا بێگومان لە پێناوی داگیرکردنی کۆدانی ماسی و گچکە ماسی بێگانە دا لە ناو یەکتردا شەڕیان بەرپا دەکرد.

شەڕە کانیشیان بە گچکە ماسییەکانی لە مەرخۆیا ن دەکرد. گچکە ماسییەکانیان فێردەکرد، کە تا بڵێی جیاوازییەکی زۆرزۆر گەورە لە نێوان ئەوان و گچکە ماسی لە مەڕ دڕە ماسییەکانی تردا هەیە.

وەک دەزانرێت گچکە ماسییەکان خۆیان لە خۆیاندا بێ زمانن، بەڵام دڕە ماسییەکان وایان ڕادەگەیاند، کە گچکە ماسییەکان لە چەندان زمانی جیا وازدا خۆیان مات و بێدەنگ کردووە و بەهیچ شێوەیەک ناتوانن لە یە کتری تێبگەن.

هەر گچکە ماسییەک دوو سێ گچکە ماسی لە بەرەی دوژمن، لەوانەی کە لە زمانێکی دیکەدا خۆیان بێدەنگ کردووە، کوشتبایان، ئەوا میداڵێکی ئافەرینیا ن لە قەوزەی دەریا بە یەخەوە دەکرد و نازناوی (پاڵەوان) یان پێ دەبەخشی .

ئەگەر بێتو دڕەماسییەکان مرۆڤ بوونایە، ئەوا ئەوانیش خاوەنی هونەرێکی خۆیان دەبوون. تابلۆی جوان و سەرنجراکێشیان دەبوو. لە تابلۆکانیاندا وێنەی ددانی دڕە ماسییەکان بە رەنگێکی درەوشاوە دەکێشرانەوە و گەرووەکانیشیان وەک سەیرانگەیەکی هێندە جوان و دڵگیر نیشاندەدران، وەک بڵێی خۆشترین هەواری

گەشتوگوزار بن.

شانۆکانی بن دەریا ئەو دیمەنانەیان نیشاندە دا، کە چۆن گچکە ماسییە بە جەرگ و ئازاکان بەو پەڕی بەختیارییەوە لە ناو گەرووی دڕە ماسییەکاندا مەلە دەکە ن.

مۆزیکیش هێندە خۆشئاواز دەبوو، کە گچکە ماسییەکان بە دەم خەیاڵێکی خۆش و بە سەرگرمییەکی پڕ لە سۆز و تاسەوە، لە دوای مۆزیکژەنەکانە وە ، بە هارمۆنی لەگەڵ ئا وازی مۆزیکە کە دا، شەپۆل شەپۆل بۆ ناو قورگی دڕە ماسییەکان هرووژمیان دەبرد.

ئەگەر بێتو دڕەماسییەکان مرۆڤ بوونایە، ئەوا لەوێ) ئایینێک لە ئارادا دەبوو.

گچکە ماسییەکانیان وا فێردە کرد، کە ژیانی ڕاستەقینەیان لە ناو ورگی دڕە ماسییە کانەوە دەست پێدەکات.

ئەگەر بێتو دڕەماسییەکان مرۆڤ بوونایە، کۆتایی بە سیستەمی هەنووکەی گچکە ماسییەکان دەهێنا و ئەو یەکسانیەی کە ئێستا لە ناویاندا هەیە نە دەما.

هەندێک لە گچکە ماسییەکان پۆستیان پێ دەدرا و ملهوڕیان بە سەر ئەوانی دیکە دا دەکرد .

تەنانەت ئەوانەی کە تۆزقاڵێک گەورەترن، بۆیان هەبوو کە ماسییە وردیلەکان هەڵلووشن، ئەمەش بە لای دڕە ماسییەکانەوە پەسەند و بە جێیە، بۆ ئەوەی خۆیان زۆربەی جار با بۆڵەی زلترو چەورتریان بەر بکە وێ.

ئەو گچکە ما سییانەی کە پۆستێکی گەورەتریان هەیە، هەڵدەستان بە جێبە جێکردنی کاروباری ڕێکخستن لە ناوگچکە ماسیەکاندا .

هەندێکیان دەبوون بە مامۆستا، هەندێکیان بە ئەفسەر، هەندێکیان بە ئەندازیار لە درووستکردنی سندووق دا و هتد...

بە کورتی و بەپوختی، لە ناو دەریادا کولتورێک دەبوو، ئەگەر ئاوەها با و دڕە ماسییەکا ن مرۆڤ بوونایە.

# دایە گیان

دایە گیان بگری لە سەر خاکم کە وا شینم دەوێ
زۆر بگریە دایە گیان فرمێسکی خوێنینم دەوێ
من گوڵی سەد ئارەزووی ژینم لە خاکا خەوتووە
خاکی مەیدانی خەبات رەنگینی خوێنی من بووە
دامەنیشە دایە گیا ن بۆ هاتنی من چا وەڕێ
د ڵنیا بە بەسیەتی بۆ دەنگی درگا مەگرە گوێ
دایە گیان سوێندم بە فرمێسکی گەش و ئێشی دڵت
دایە گیان سوێندم بە جەورو مەینەتی بێ حاسڵت
من دەمێکە جەرگی سوتاندووم هەناسەی سەردی گەل
دڵپڕی کردووم خە می دەسکورتی و رەنگ زردی گەل
من کوری کوردم شەهیدی رێی خەباتم دایە گیان
کۆتری خوێنین پەڕی باخی وڵاتم دایە گیا ن
هەر وەکوو بێگانە یی دڵپر لە ناکامی و گرێ
لەم هەموو دەستە نەبوو دەستێ کە بێ و دەستم گرێ
من لە شاری خۆم غەریب و بۆ هەموو بێگانە خۆم
کۆتری کوژراوی رێگای لانە خۆم بێ لانە خۆم
دایە گیان بگری لە سە ر خاکم کەوا شینم دەوێ
زۆر بگریە دایە گیان فرمێسکی خوێنینم دەوێ
دایە گیان ئەو کیژە وا ئەتویست بە بووکی تۆ ببێت
خۆت بدە پێشانی جارێ با بە بووکی تۆ ببێت
تاکوو بتبینێ کە رەشپۆشی لە سەرتا پاتەوە
بەڵکوو بروا دڵنیا بێ و من لە بیرە و باتەوە
دایە گیان بگری لە سەر خاکم کە وا شینم دەوێ
زۆر بگری دایە گیان فرمێسکی خوێنینم دەوێ

(مامۆستا شە ریف)

# ئاڵا...

دڵم تەنگە تاکوو بەیان دەگریم ، دەمرم لە بۆ ژیان
ژیان چیە؟ مردن بۆ ژین بۆ سوور، سپی، هەتاو و شین
سووری خوێنە ، سووری ئاڵا خوێنی شەهید وا لێی ئاڵا
سپی مەبەستی ئاشتییە رە نگی سوڵح و ئازادییە
هەرکەس بیری دەربەدەرە هەتاو بۆ ئەو ڕێشاندەرە
ئەی زێدەکە م گەنج و لاوت کڕنۆش دەبەن بۆ هەتاوت
بەخت دەکا تاوی بەتین وڵات دەپۆشێ جلکی شین
گوڵێ وەری کەوتە ژێر گڵ لەوێ ئاوی تکا سەر دڵ
هەتاویش تیشکی دا پڕژاند هەردی لە بۆ گوڵ داچڕژاند
گوڵێ ڕووزەرتێ هەڵچۆوە جارێکی تر بەرز بۆوە
وتی: بولبول بۆم بخوێنە «نرخی ئازادی هەر خوێنە»

ئە وین-(مە هاباد)

# ئەدەبیاتی بەرگری...

## ژانرێک بۆ ناساندنی ژانی گەل

ئەدەبیاتی بەرگری بە ژانرێک لە وێژە و ئەدەبیاتی جیهان دەگووترێ کە لە ژێر باندۆڕی هەلومەرجێک وەک: سەرەڕۆیی، نەبوونی ئازادییە تاکی و کۆمە ڵایە تییە کان، قۆڕخکردنی هێزو دەستەڵات، وڵات و بەها نەتەوەییەکان پێک دێ.

بەم پێیە ناواخنی ئەم جۆرە بەرهەمگەلە بە زوانێکی وێژەیی باس لە سەرەڕۆیی، نادادپەروەری، نایەکسانی و دەستدرێژی لە هەموو بەستێنەکانی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و خۆڕاگری لە هەمبەر ئەم دیاردە دژوێن و دزێوانە دەکا.

زۆربەی ئەم بەرهەمانە نە تەنیا بوونەتە ئاوێنەی ئێش و ئازارەکانی خەڵکێک کە لەلایەن دەستەڵاتە سەرەڕۆکانی سەردەم دەچەوسێنەوە، بەڵکوو وێڕای ورە پێدان، هاندان بۆ خەبات و خۆڕاگری لە هەمبەر نەیاران، هەڵگری پەیامی ڕێزلێنان لە زێد و نیشتمان و شەهیدانە .

بە واتایەکی دیکە، ئەدەبیات بەرگری بە کۆمەڵێک وتەی وێژەیی، چیرۆک، شێعر، پەخشان و بەرهەمگەلێک دەگوترێ کە نووسەر لە ژێر کاریگەری هێندێک ووداوی مێژوویی یاخوود سەردەم بە شێوازێکی وێژەیی رۆڵی گێڕانەوەی ئەم راستییانە بگێڕێ و هێز و هزری بەرگریکارانەی خەڵک بە دژی نادادپەروەری و ناحەزانی زێدەکەی لە چوارچێوەی نووسراوەیەکی ئەدەبی داڕێژراو دا بخولقێنێ.

نەتەوەی کورد و ئەدەبیاتی بەرگری :

کورد یەکێک لەو نەتەوە زۆرلێکراو و بێ دەوڵەتانەیە کە بە درێژایی تەمەنی خۆی لەلایەن داگیرکەرانی زێدەکەی چەوساوەتەوە و هەموو کات بە گژ هێرشکاری و داگیرکاری نە یاران و ناحەزانی نیشتمانەکەی دا چۆتەوە.

نووسەران وویژە وانانی کورد بە شێوازێکی وێژەیی سەرقاڵی گێڕانەوە و پەسن و پێناسەی خەبات وخۆڕاگری نەتەوەی کورد لە چەندین قۆناخی مێژوویی دابوون و بە شوێن ئەو داگیر کاری و زوڵم و زۆرییەدا گەلێک هەڵبەست و بەرهەمیان لە چوارچێوەی ژانری ئەدەبیات بەرگری دا رسکاندووە .

بۆ نموونە :

١- قەڵای دمدم ٢- دیوانی «تاریک وڕوون»ی مامۆستا هێمن موکریانی

٣- ئاڵەکۆکی مامۆستا هەژار ٤-دیوانی مامۆستا موفتی پێنجوێنی

٥-شێعرە کۆمەڵایەتییەکانی عە بدوڵڵا پەشێو

چەند نمونەی ڕوونی ئەدەبی و هەڵگری ژانری بەرگری وێژەی کوردین...

کە لە لایەک روخسار و سیمای چەوساوەی گەلی کورد لە ناو ئاخنی ئەو بەرهەمانە دا خوویا دەبێ و لە لایەکی تر بەهێز بوونی هەست و هزری نیشتمان پەروەری و وڵات پارێزی ئەم نەتەوەیە بە شێوەیەکی بەرهەست و بەڵگەمەند لە نێوان هەڵبەست و نووسراوەکانی ئەم بەرهەمە ئەدەبیانەدا دەردەکەوێ کە تێکڕای ئەم هۆنراوانەش لە ژێر باندۆری رووداو و کارەساتە مێژووییەکان لە شوێنە جوگرافیاییە جیاوازەکانی کوردستان خوڵقاون؛

بە واتایەکی تر ئەم رووداوگەلە هیم و هەوێنی هۆنراوەی شاعیران و هزرڤانانی وێژەیی کورد بووە کە لە زانستی ئەدەبیاتدا بە ژانری بەرگری پێناسە دەکرێن.

بۆ وێنە: مامۆستا هێمن لە هۆنینیەوەی شێعرێکدا باندۆر لە کارەساتی قاڕن و قەڵاتان وەردەگرێ و بە شێوازێکی ئەدەبی، گرێ دەروونی لە پێنووسی دادەگەڕێ و دەڵێ:

**ئەگەر دەتهەوێ بە هاری کورد ببینی**
**وەرە گوندی قاڕن و قەڵاتانم ببینە**

نەتەوەی کورد گەرلێک رووداوی هاوشێوەی بە خۆیەوە دیوە بەڵام رەوتی ئەدەبیاتی کوردی پێویستی پتری بە ناساندنی ئەم جۆرە بەرهەمانە هەیە کە بتوانێ ناسێنەر و ئاوێنەی کارەسارتەکانی مێژوویی وڵاتی کوردستان بێ.

**«یووسف قە دیری»**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 573 21 dec 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# یەلدا، شەوی لە دایکبوونی خۆرەتاو

**وریا ڕەحمانی**

ڕەنگە ئەوەی کە شەوی یەلدا (یەکەم شەوی زستان) ڕێک لە کەیەوە وەک شەوێکی پیرۆز و جەژنێکی مێژوویی و نەتەوەیی لە نێو هەندێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دیاری کراوە و ئەو گرینگییەی پێ دەدرێ، دیار نەبێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە سەرەداوی ئەم باوەڕ و ڕوویکردە دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی زەردەشت و بڕوای بەرینی باوەڕمەندانی ئەم ئایینە بە پیرۆزی و پێگەی تایبەتی خۆرەتاو لە پێکهاتەی گشتیی فەلسەفەی بوون و ژیانیان دا. بەشێکی زۆر لە خەڵکی کۆن بە پێی ئەم باوەڕەی کە «هەموو شتێک لە کزی دا دەپسێ، بەڵام ستەم و تاریکی لە ئەستووری دا» پێیان وابوو کاتێک کە تاریکایی و شەو بەوپەڕی خۆی دەگا و لە هەموو کاتێکی ساڵ درێژترە، لە نێو دڵی شەوەزەنگ دا و لە قووڵاییەکانی تاریکییەوە، خۆری ڕووناکی لە دایک دەبێ و بەرەبەرە لە دەسەڵاتی ڕەشی ستەم و تاریکایی کەم دەکاتەوە و لە درێژەی پرۆسەیەکی دیاریکراوی سرووشتیانەدا، لاپەڕەیەکی نوێی پڕ لە ڕووناکی لە ژیانی مرۆڤ و جیهان دا دەست پێدەکا. لەڕاستیدا خەڵک پێیان وابوو کە لە یەکەم شەوی زستان دا (شەوی یەلدا) کە درێژ ترین شەوی ساڵە، خۆر لە دایک دەبێ و بەم لە دایکبوونەش بەرەبەرە لە دەسەڵات و درێژخایەنییەکەی شەو کەم دەبێتەوە و ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ شکستی تاریکی و ستەم و سەرکەوتنی عەداڵەت و ڕووناکی. لەڕاستیدا خۆر دەوری توخمی سەرەکیی پێکهێنەری ژیانی هەیە کە خودای ڕۆشنایی و ژیان (ئاهورامەزدا) دەیخاتە نێو منداڵدانی جیهانەوە. ئینجا ئەو توخمە پاش سێ مانگ لە نەورۆز دا گیانی وەبەر دێ و پاش نۆ مانگیش لە سەروبەندی خەرمانان و ڕەزبەردا پێدەگا. لەڕاستیدا هەمووی ئەوانە دەرخەری ئەو ڕووحییە و باوەڕە دژە سەرکوت و تاریکایی و ستەمە بوو کە لە دەروونی خەڵک و کۆمەڵگاوە سەرچاوەی دەگرت و بە ئێستاشیەوە لەگەڵ بێ لە نێو خەڵک و کۆمەڵگای نەتەوە ئارياییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ماوەتەوە.

ڕاستەقینەی مرۆڤ و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان دژی سەرکوت و تاریکی یەو هەردەم بە شوێن دادپەروەری و ڕووناکایی دا دەگەڕێ و لەم بەستێنەشدا بە پێی سرووشتی بوونییەوە بە کەڵک وەرگرتن و وێنا سازیی لە توخمەکانی سرووشت بە تایبەت خۆر وەک نمادی ڕووناکی و ژیان لەم پێناوەدا تێدەکۆشێ.

شەوی یەلدا و فەلسەفەی شەوی یەلدا، بۆ مرۆڤی کورد و کۆمەڵگای کوردی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و ئازادیخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایەخێکی دووچەندانیشی هەیە. لەم شەوەدا یەکێک لە درەوشاوەترین و ئۆستوورەییترین خۆرەتاوەکانی ئاسمانی نەتەوەیی کورد لە نێو دڵی یەکێک لە ڕەشترین و تاریکترین شەوگارەکانی مێژووی دژە کوردەوە، لە دایک دەبێ و مزگێنی ڕۆژگارێکی نوێ و ژیانیکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هینا. بە دڵنیاییەوە دوکتور قاسملوو و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملووی نەمر، دەوری لە دایک بوونەوەی خۆری شەوی یەڵدای بۆ کورد و کوردستان هەیە. کۆمەڵگای کوردی ژیانەوەی بەهارانە و گیان وەبەرهاتنەوەی سەوزی خۆی لە ئەنجامی ئەم لە دایکبوونە پیرۆزەدا بە تەواوی لەش و گیان و دڵی خۆیەوە هەست پێکردوە و لە باوەشی دڵی دەگرێ. ئەگەر بە هەڵکەوتیشەوە بەڵام لە دایک بوونی ڕێبەر و سەرکردەیەکی ئۆستوورەیی وەک دوکتور قاسملوو لە شەوی یەڵدا دا، بۆ کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە نماد و واتایەکی ڕووەو ڕووناکیانەی پیرۆز و ئاهورایی هەیە.

## بەخشینی خەڵاتی میدالیای شوالیە بە یاشار کەماڵ



یاشار کەماڵ نووسەری کورد خەڵکی باکووری کوردستان نیشانەی بەرزی خەڵاتی شوالیە لێژیۆن دونوری فەرانسەی پێ بەخشرا.

یاشار کەماڵ لە کۆشکی فەرانسە لە گالاتاسرای تورکیە بە بەشداریی ژان لویس گۆرگیلین، سەرۆکی کومیتەی بەرزی لێژیۆن دونوری ، ئەو خەڵاتەی وەرگرتوە.

یاشار کەماڵ لە ساڵی ١٩٨٤ نیشانی فەرماندەیی لێژیۆن دونوری وەرگرتبوو، ئەم جارەش بەرزترین پلەی نیشانی شانازی کۆمەڵە میداڵەکانی لێژیۆن دونور، واتە شوالیەی گەورەی پێ بەخشراوە.

سەرۆکی ئەم دامەزراوەیە لە کاتی پێشکەشکرانی ئەو خەڵاتە بە یاشارکەماڵ ڕایگەیاند کە بە ناوی نیکولای سارکوزی سەرکۆماری فەرانسە، ئێوە بە شوالیەی گەورە ناودێر دەکەین.

ئەم نووسەرە ٨٨ ساڵەیە کە زیاتر لە ١٢ ڕۆمانی بەناوبانگی جیهانی نووسیوە، گلەیی لە بارودۆخی دێموکراسی لە وڵاتی تورکیە هەیەو لە ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خەڵاتەکەیدا گوتی: هێندێک جار هەست بەوە دەکەم کە حەزو ئارەزووەکانم لە ناکاو بە ترس و دڵەخورپەیەک کۆتاییان پێ دێ.

## برایانی کوردی عەلایی خەڵاتی مافی مرۆڤ و بێهداشتیان پێ درا



ئارەش و کامیار عەلایی، دوو برای کوردی چالاک لەبواری پێشگیری لە نەخۆشیی ئیدز لەلایەن ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی لە ناوچەی باکووری ئامریکاوە خەڵات کران.

بەپێی ڕاپۆرتی بی بی سی لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەبۆنەی ١٠ ی دێسامبر، ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە لە ئامریکا بەڕێوە چوو، برایانی عەلایی بەهۆی هەوڵەکانیان لە بواری بێهداشت و مافی مرۆڤ خەڵاتی ڕێزلێنانیان پی بەخشرا.

ئەو خەڵاتە بە کەسانێک دەدرێ کە لە پێناو مافە بنچینەییەکانی نەخۆشەکاندا هەوڵیان داوە و ئەوە یەکەمجارە کە دوو کەسی ئێرانی دەتوانن خەڵاتێکی لەو چەشنە ببەنەوە.

برایانی عەلایی هاوینی ساڵی ڕابردووش خەڵاتی «جاناتان مان» یان لە پێوەندی لەگەڵ بێهداشت و مافی مرۆڤ دا وەرگرتبوو.

ئارەش و کامیار عەلایی، دوو برای کوردی کرماشانی کە ساڵەهای ساله لەبواری ڕێگەکانی چارەسەریی نەخۆشیی ئەیدزدا چالاکن، ساڵی ٨٧ ی هەتاوی بەبڕیاری دەزگای قەزایی و ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی و بە تۆمەتی چالاکیی دژی کۆماری ئیسلامی لە زیندان خران.

## پرۆژەی بە ئایینی کردنی «تاق وەسان» لە کرماشان



بە ئایینی کردنی شوێنەوارە مێژوییەکان، « تاق وسان»، یەکێک لە شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچە کرماشانیشی گرتەوە.

بەپێی هەواڵەکان، دروست کردنی گومبەزی ئیمامزادە ئیبراهیم لە شوێنەواری مێژویی « تاق وسان» ی کرماشان هەڵای لێ ساز بووەو و خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ ڕێگری لەو کارە دژکردەوەیان بووە.

بەپێی سەرچاوەی هەواڵ بڕیاری سازکردنی مەرقەد بۆ ئیمامزادە ئیبراهیم لە لایان دەوڵەت لە «تاق وەسان» ی کرماشان، نارەزایەتیی توندی خەڵکی ئەو شارە کورد نشینەی لێ کەوتۆتەوە و لە ڕاگەیەندراوێک دا، داوا لە سەرجەم ناوەندە بەرپرسیار و دڵسۆزانی پاراستنی شوێنەوارە مێژوییەکان کراوە کە بۆ پێشگرتن لە پرۆژەی « بە ئایینی کردنی شوێنەوارە مێژویی، نەتەوەییەکانی کوردستان « لە لایان حکوومەت، دەنگی خۆیان هەڵ بڕن و پێش بەو کارە دزێوە بگرن.

هەر بۆ ئەم مەبەستە، گرووپێک لە لاوانی کرماشانیش لە سەر تۆری فەیسبووک، پێگەیەکیان بۆ هەڵسانگاندن و وەرگرتنی بیر و ڕا و ئاگادارکردنەوەی خەڵک، پێک هێناوە و ڕۆژانە تاوتۆیی ئەو بابەتە دەکەن.

شایانی باسە، تاق وەسان، یەکێک لە گرینگترین شوێنەوارە مێژویی یەکانی کوردستانە کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا نێوبانگی هەیە و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا ڕێگەیان نەداوە کە لە بەشێ شوێنەوارە مێژووییەکانی «یونسکۆ» دا تۆمار بکرێ.

تاق وەسان، لە داوێنی کێوێک هەر بەو ناوە و لە تەنیشت کانییەک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کرماشان، هەڵ کەوتوە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی ساسانیەکان دەگەڕێتەوە.

## کەوتنەوەی ئاور لە قامیشەڵانەکانی گۆلی زرێبار

**قامیشەڵانەکانی دەوروبەری گۆلی زرێباری مەریوان بۆ چەندەمین جار ئاوریان تێبەر بووە و سووتاون.**

حەوتووی ڕابردوو سێ ناوچەی جیاوازی قامیشەڵانەکانی گۆلی زرێباری مەریوان بە هۆکاری ناڕوون ئاوریان گرتوە و بەشێکی زۆر لە ڕووبەری ئەو قامیشەڵانانە سووتاون.

بە پێ سەرچاوەکانی هەواڵ قامیشەڵانەکانی گۆلی زرێبار لە سێ لای «ئینگیجە»، «کانی سانان» و « بەردەرەشە» را ئاوریان تێبەر بووە و بەپێی قسەکانی موهوندیس ناسح قادری، بەڕێوبەری گشتیی ژینگەی شاری سنە لەو زنجیرە سووتمانەی حەوتووی ڕابردوودا لانیکەم شەش هێکتار قامیشەڵان سووتاون و تا ئێستاش هۆکاری ئەو ئاورکەوتنەوانە نەزانراوە.

کەوتنەوەی ئاگر لە گۆلی زرێبار لە کاتێکدا ڕووی داوە کە لە یەک مانگی ڕابردوودا ناوچەکانی دەوروبەری ئەو گۆلە بۆ چەندەمین جارە سووتاون و ئەوەش نیگەرانی لە لای خەڵکی ناوچەکە بە تایبەت ژینگەپارێزانی کوردستان دروست کردوە.

بەپێی بۆچوونی کارناسان ئەو سووتمانانە لە دەوروبەری گۆلی زرێبار کاریگەریی زۆر خەراپ لە سەر ئەو گۆلە دادەنێ و زیانێکی زۆر بە ژیانی وەحش، باڵندەکان و ئاوژییەکانی نێو ئەو گۆلە دەگەیەنێ و پیسبوونی زیاتری ژینگەی هۆلی زرێباری لێ کەوتۆتەوە.



## بەتاڵانبرانی بەردەنووسەکانی ئەشکەوتێکی مێژوویی لە لوڕستان



**بەردەنووسەکانی ئەشکەوتێکی مێژوویی لە لوڕستان بە تاڵان بران.**

ئەشکەوتی «میرمەڵاس» کە پێشینەیەکی زیاتر لە ١٢ هەزار ساڵەی هەیە، بەردەنووسەکانی بەهۆی کەمتەرخەمی و پارێزگاری نەکردنی لەلایەن ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە دزراون.

بەپێی ئەو وێنە و نیگارانەی کە لەسەر دیوارەکانی کێشراون و هەڵکۆڵراون، زیاتر دەربڕی ئەو وێنە و گرتە مێژووییانەن کە لە ڕەزم، ڕاو و بەرەنگاریی مرۆڤەکانی ڕابردوو بەجێ ماون.

لەو وێنە هەڵکەندراوانەدا وێنەی ئاژەڵی وەک «کەڵ، گا، سەگ، ڕێوی و بەتایبەت ئەسپ و سوارکار» لە کاتی ڕاودا هەڵکۆڵراون کە لەنێو بەردەنووسە کەونارایيەکانی ئێراندا بێ وێنەن.

پڕۆفیسۆر «گیرشمەن» کەوناراناسی ناودار لەمەڕ گرینگی و بایەخی ئەشکەوتی میرمەڵاس، گوتوویەتی کە دۆزینەوەی ئەو وێنە و نیگارانە لە ئەشکەوتێکی لوڕستان خاوەن گرینگییەکی تایبەتە، چونکە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کەلە بەردەنووسی ئەشکەوتەکانی: بێستوون، ئەلبورز، و کێوەکانی خوراسان و هەروەها ئەفغانستان ئەنجام دراون، لە هیچکامیان بەو چەشنە وێنە و نیگار لەسەر بەردەکان هەڵنەکۆڵراون و ئەمەش تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەو ئاسەوارە مێژوویەیە.








پاشکۆی کوردستان
٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٠- ٢١ی دیسامبری ٢٠١١
ژمارە: ٥٧٣
www.kurdistanukurd.com

# پێزانینێك بۆ فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە

**قادر وریا**

«فەرماندە» لە بەڕێوەبردنی هێزێکی نیزامی دا، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. چونکە جگە لەوەی ڕێکخەر و بەڕێوەبەری ئەو هێزەیە کە فەماندەرایەتی دەکا، بەرنامەڕێژ و پلاندانەری کار و ئەرکەکانی هێزی ژێر فەرماندەرییەتی. ئەمە، ئەگەر لە سوپا و ئەرتەشێکی کلاسیکیش دا دەقاودەق بەم جۆرە نەبێ، لە نێو هێزی «پێشمەرگە»دا هەروا بووە. فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە،ئەوانەی لە مەکتەبی «حیزبی دیموکرات»دا پێگەیشتوون، وراهێنراون جگە لەوەی ئەرکی ڕێکخەری و بەڕێوەبردن و بەرنامەڕێژیی هێزی ژێرفەرماندەیی خۆیان بکەن، دەبێ هاوکات کاری هەماهەنگیی ئەو هێزەی ژێر ئەمری خۆیان لەگەڵ کومیتەی حیزبیی ناوچەی تێکۆشانیان و جێگیرکردنی ئوسوول و پرینسیپەکانی کاری سیاسی و حیزبی لە نیو پێشمەرگەکاندا، ئەنجام بدەن. لە ئاکامی ئەم چەشنە پەروەردە و ڕاهێنانەدایە کە لە دژوارترین هەلومەرج و قۆناغەکاندا و تەنانەت لە گەرمەی خەباتی پارتیزانیشدا، هێزی پێشمەرگە، نەک هەر وەک شەڕکەریکی گوێ لە مست، بەڵکوو وەک جەنگاوەرێکی ئازادیخواز کە بەردەوام ئاگای لە ڕێوشوێن و بنەما دیموکراتیک، ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەکانی حیزبەکەی و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی هەیە، هەڵسوکەوتی کردوە. هەر بۆیەش لە پێوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ، و لە هەموو کردەوە و ڕەفتارێکی دا، بە جۆرێک جووڵاوەتەوە کە لە مرۆڤێکی شۆڕشگێری خاوەن بیروباوەری ڕزگاریخوازانە دەوەشێتەوە.

ئەگەرچی بەرهەمهاتنی هێزی پێشمەرگە بەم کارنامە و پێناسەوە، بەر لە هەر شتێک دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی ئەو لایەنە سیاسییە کە هێزی پێشمەرگەی هەیە، بەڵام ڕۆڵی فەرماندەرانی ئەو هێزە لەم نیوەدا، نابێ لە بیر بکرێ. لە ریزی فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، زۆر تێکۆشەری ئەوتۆ هەبوون کە جگە لەوەی لەبارەی ئازایەتی و خۆبەختکەری و خسڵەتەکانی فەرماندەرییەوە، نموونە بوون، نموونەیەکی هەرە دیاری ئەخلاقی شۆڕشگێرییش بوون. ئەوان لە ئاکامی کۆکردنەوەی تایبەتمەندیی جۆراوجۆر لە خۆیان دا، هەم ئۆتوریتەی خۆیان لە نێو هێزی ژێرفەرماندەرییان دا بە باشی جێ خستبوو، هەم ڕێز و خۆشەویستی و هاوکاریی خەڵکی ناوچەی تێکۆشانیان بۆلای خۆیان ڕاکێشا بوو. بۆیەش دەیانتوانی سەڕەرای نابەرامبەریی هێزی خۆیان لەگەڵ هێزی دوژمن، حەماسە بخوڵقێنن. حەماسەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، قەرزداریی فەرماندەیی ئەو فەرماندانەی هێزی پێشمەرگەیە و ناوی هەر کام لەوان، زۆر لاپەڕەی پرشنگدار و جێی شانازی لە کارنامەی خەبات و خۆراگریی پێشمەرگەکانی کوردستان دا وەبیر دێنێتەوە.

# نیشتمانەکەم

**ڕەسوڵ سوڵتانی**

ئەی نیشتیانە جوانەکەم،! نیشتمانە زامارەکەم،! لە هەر جێیەک زامێک دەکەوێتە جەستەت، ئەمنم لێرە دەریای خوێنم لرفە دەکا، لە هەر جێیەک خەونی کۆترێکت دەگەچڵێ، ئەمن لێرە هەڵۆیەکم زامار ئەبێ و ئاسمانم لێ ڕەش دەبێ... نیشتمانم! لە هەر جێیەک شەختەی پاییز گەڵای حەز و ئاواتێکت دەوەرێنێ، ئەمن لێرە پەنجەی دارستانێکم سڕ دەبێ و خەرمانێکم ئاگر دەگرێ. بەڵام، بەڵام ئەی نیشتمان! دڵنیابە بەیانیان لەگەڵ یەکەم گزنگی خۆر، دەبم بە پارچەیەک ئاگر کۆشکی ڕەشی داگیرکەران دەسووتێنم، دەبمە تۆفانێکی سەخت و شوورا و پاردەی دەسەڵاتیان لە بن دێنم. ئەوەتانێ لە پێناوتا، سەرم دانایە سەر دەستم و هاتمە مەیدان، ئەوەتانێ لە پێناوتا بەرەو پیری مەرگ دەچم تا نەهێڵم لێت بژاکێ ڕوخساری ژیان. ئەی نیشتمان! تا من مابم دەستی شەختەی هیچ پاییز و زستانێکت وێڕاناگا، بشتگاتێ زامەکانت بە خوێنی خۆم سارێژ دەکەم، دێم و خوێنم دەکەمە هەتوانی زام و شمشاڵی برینت دەژەنم. دێمە سەر ترۆپکی شاخەکانت و قژی هیوات شانە دەکەم. ئەمن زیندووم تا نەهێڵم داگیرکەران خەونەکانت تاڵان کەن و قژی باخی هیواکانت بڕننەوە. ئەمن زیندووم، تا نەهێڵم دوژمنانت چاوی ڕەز و گەردنی بەرزی ڕەوەز و شاخەکانت و سروودی ڕوونی شەپۆلی کانیاو و قژی سەوزی کوێستانەکانت تاڵان بکەن... دەتپارێزم، ئەوەتانێ گیان و سەرم لە سەر دەستە و لە مەیدانێ ڕاوەستاوم، ئەوەتانێ پێشکەش بە باڵاتم کردوون، جارێ دەست و جارێ قاچ و جارێ چاوم... کە نەمردووم پێت وانەبێ لە تارمایی ڕەشی مردنێ ترساوم، نا نا نا نا نیشتمانم، من بۆ پاراستنت ماوم.

شاخێک نەما سروودێکی بەرخودانم بە گوێچکەیدا نەچرپیبێ. چەمێک نەما پەیامێکی سەرکەوتنم بە شەپۆلێکی یاخیدا نەناردبێ بۆ لای دەریا... لێرێک نەما حەکایەتم بۆ سێبەری دارێکی نەگێڕابێتەوە... ئەی نیشتمان... لە پێناوتا کەڵبەی ڕەشی قەمچییەکانی بەندیخانەم تەحەمول کرد و نەمگوت وەی هەر بۆ ئەوەی تۆ بێ وەی بی. ئەی نیشتمان! لە هەڕەشەی هیچ جەللادێکت نەترسام، خۆفم نەکرد، ئاخر ئەمن بە دڵۆپەی ڕوونی کانیاوت پەروەردە بووم وەک داربەڕوو ڕەگم چووەتە دڵی شاخ و ڕەوەزتەوە... ئەوان هەرچەند دڕندەش بن، قەت ناتوانن پێ بنێنە سەر ڕەوەز و زناری من... ئەوان زۆر لەوەش ڕەقتر بن، دەستیان ناگاتە لوتکەی شاخ و ڕەگی توندی دارێکی لێڕەواری من...

ئەی نیشتمان!

لە بەردەمی سێدارەدا کە ڕاوەستام، لە ئاپۆرای حەشیمەتی سەیرکەری گیان پڕ لە ئازار و تەزووی زراوچوودا تۆم بەدی کرد، گۆی مەمکی کانیت ڕاسابوو، گەرەکت بوو دواهەناسەم پڕ بێ لە بۆنی شیری تۆ... پێم ناخۆش بوو کە ترست بوو نەکا بترسم، نەکا ئەژنۆی ورەم بلەرزێ و ڕووزەردت بکەم، نا نا نا دڵنیابە ڕۆڵەی تۆم و شادی ئەو ڕۆژە دێتە لام کە گیانی خۆم بەقوربانی بەژنت دەکەم ئەی نیشتمان!....

# پێشمەرگە شۆڕشگێڕێکی چەکدارە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد خەبات دەکا



برایم چووکەڵی لە ساڵی ١٣٦٠ بووە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات وتا ئێستا لەمەیدانی خەبات دا بەر دەوامە: «لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا بەرپرسایەتیی سیاسی ونیزامیی گرینگی بە ئەستۆ بووە، سەرپەرستی هێزی ٢ی ڕیبەندان ، فەرماندەری هێزەکانی بەیان ، پاریزگاری و فەرماندەی تیپی ناوەندی ٢ یکوردستان بەشێک لەوانەیە: .پێشمەرگە بە باوەڕی ئەو تێکۆشەرە: خۆشەویستترین مرۆڤی نێو کۆمەڵگای کوردەوارییە، چۆنکە لە نێو کۆمەلگا دا هەڵقوڵیوە ئامادەیە گیانی خۆی لە ڕێگای خەڵک دا پیشکەش بکا و بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی هەوڵ دەدا، بە واتایەکی تر بەشێکە لە کۆمەڵانی خەڵک کە بۆ وەدیهێنانی ویست وداخوازەکانی خەڵک دژی دیکتاتۆری خەبات دەکاو پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی جووڵانەوە دەکا. وەک لە ناوەکەی ڕا دەردەکەوێ پێشمەرگە ئەخلاقی شۆڕشگێرانەی هەیە ئەخلاق بۆ خۆی ئەو کۆمەڵە هەڵس وکەوت وخوو ڕەوشتانەیە کە لە زاتی ئینسانەوە سەرچاوە دەگرێ، پێشمەرگە نمونەی بەرزی فیداکارییە وگیانی لە پێناوی خەڵک دا دەبەخشێ و بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە سەرەوەی قازانجی شەخسی دادەنێ ولە قوولایی دڵەوە بە هەموو توانایەوە خەباتی لەخۆبووردوانە بۆ نەتەوەکەی دەکا. لە یەک وتەدا پێشمەرگە شۆڕشگێڕیکی چەکدارە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد و پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی».

# پێشمەرگە غروری میللیی پێک هێناوە



ئێقبال سەفەری خەڵکی ئاوایی زەردە سەر بە شارستانی داڵاهۆی کرماشان لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی دا پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. بەرپرسایەتی هێزی داڵاهۆ و هێزی بێستوونی لە ئەستۆ بووە:

«بە پێی پێناسەی کۆن، پێشمەرگە بەو کەسە دەڵێن کە لە بەرانبەر زۆڵم و زۆری داگیرکەر دەستی داوەتە چەک و دیفاع لە خەڵک دەکا. ئەم هەستە شۆڕشگێرانە کەم کەم خۆی گرتووە و پەرەی سەندوە و ئێستا دەبینین کە غروری ملی پێکهێناوە و لە پرۆژەیەکی سیاسی دا داوای مافی چارەی خۆنوسین دەکا. لە سەردەمی ئێستا ئەرکی پێشمەرگە گۆڕاوە و بە دوو بەشی پێشمەرگەکانی نێو ئەحزاب و پێشمەرگەکانی شەقام دابەش بووە».

# پێشمەرگە پێویست دەکا لەگەڵ قۆناغی ئێستای خەباتی ڕەوای گەلەکەمان خۆ ڕێک بخا



سەید جەماڵ کەنکاش لە ساڵی ١٣٥٠ لە شاری بۆکان لە دایک بووە. لە تەمەنی لاوێتی دا شەرەفی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی پێ بەخشراوە و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. ساڵی ١٣٦٤لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستگیر کرا و بۆ ماوەی نیزیک بە ١٤ ساڵ لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم دا بوو. ساڵی ١٣٧٨ توانی خۆ لە زیندان دەرباز بکا و بگەڕێتەوە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

«بە بڕوای من ناوو ئەرکی پێشمەرگە لە هەرکام لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ماناى تایبەت بە خۆی هەبوە و هەیە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردەمی کۆماری کوردستان پێشمەرگە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی کۆماری مەهاباد و لەو ناوچانەی کە کۆمار تێیدا دەسەڵاتی هەبووە بە ئەستۆ بووە. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و داسەپانی شەڕی نەخوازراو. پێشمەرگە لەگەڵ قۆناغی خەباتی چەکداری بەرەو ڕوو بوو کە پڕ بوو لە فیداکاری و شانازی. ئێستا کە سەردەمی خەباتی مەدەنییە جێگای خۆیەتی پێشمەرگە هەر وەک چۆن قۆناغەکانی پێشتری بەو پەڕی فیداکاری و شانازی تێپەڕاندوە و بە خەباتی سیاسی و شێوەکانی دیکەی خەبات خزمەت بە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا و بۆ ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات و نەتەوەکەی تێ بکۆشێ».

# پێشمەرگە تەنانەت لە کاتی شەهید بوونیش دا وره بەرنادا



محەمەد شارویرانی خەڵکی شارویرانی ناوچەی مەهاباد ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کرد و لە ساڵی ١٣٦٧ بووە بە پێشمەرگە.

ساڵی ١٣٧٥ لە کاتی بەڕێوە بردنی ئەرکی حیزبی لە ناوچەی مەهاباد بە بریندازی ئەسیر کراو نزیک بە ٩ ساڵ لە زیندانەکانی مەهاباد، ورمێ و تاران دەست بەسەر بوو. هەر لەزیندان بەهۆی بریندازی و پێ ڕانەگەیشتنی پزشکی لاقی چەپی لە دەست دا و بوو بە کەم ئەندام.

هاوڕێ محەممەد شارویرانی کە بۆخۆی سەمبولی خۆڕاگری لە بەندیخانە و نموونەی فیداکاری بووە، بەمجۆرە پێشمەرگە پێناسە دەکا:

ـ پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە بۆ وەدی هێنانی ئاواتەکانی گەلەکەی بە بێ هیچ پاداشێک حازرە گیانی خۆی فیدا بکات.

« پێشمەرگە لەو پێناوەدا زۆر جار بریندار دەبێ، چاو لەدەست دەدا، لاقی دەپەڕێ، دەستی دەپەڕێ، تەنانەت کاتی شەهید بوونیشی ورە بەرنادا.

ـ پێشمەرگە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ئینسانێکی موقەدەس سەیری دەکرێ و بە بیستنی ناوی پێشمەرگە دۆستان شاد و دووژمنان کوێر دەبن».





# رۆڵی ژنان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا

کوێستان فتوحی

ئەو دایکەی کە پاش ئێعدامی رۆڵەکەی بەشانازییەوە باس لە خەباتی نەتەوەکەی دەکا و خۆی بەسەربەرز دەزانێ کە ئەو رۆڵەیەکی ئەوتۆی پەروەردە کردوە، کە گیانی پێشکەشی بارەگای ئازادیی کردوە، چی ناو بنێین؟ ئەو دایکەی کە هاوار دەکا و بە لاوەکان دەڵێ رێگەی شەهیدەکانی کورد و کوردستان درێژە بدەن، چی ناو بنێین؟ ئەو ژنەی لە کاتێکدا هاوسەرەکەی بە هۆی کاری سیاسی و خەباتگێڕانە لە زیندانا بووە، یان پێشمەرگە بووە، و بە مانگان و ساڵان لە بنەماڵەکەی دوور بووە، لەوپەڕی هەژاری و نەداریدا فیداکاریی کردوە و باڵی بە سەر منداڵەکان ـ بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان ـ دا کێشاوە و نەیهێشتوە منداڵەکانی لە خوێندن بێبەش بن، چی ناو بنێین؟ ئەو کچەی لە سەر بیروباوەڕی ئازادیخوازی دەکەوێتە زیندان، ئازار دەدرێ و تەنانەت ئێعدام دەکرێ، شایانی چ ناوێکە؟ ئەی ئەو ژنەی بەبێ ترس لە کاتی شەڕە سەختەکاندا نان و ئاوی دەگەیاندە پێشمەرگەکانی کوردستان، کێیە؟

ئایا ژنانی پێشمەرگە هەر ئەو ژنانەن کە لە ریزی حیزبەکاندا چەکیان پێیەو ناویان پێشمەرگەیە؟ ئەدی هەموو ئەو ژنانەی کە چەکیان هەڵ نەگرتوە بەڵام لە هەموو کات و ساتێکدا لە رێی ئازادیی و بەختەوەریی نەتەوەکەیان خەریکی خەبات و تێکۆشان بوون ناچنەی خانەی پێشمەرگەوە؟

چاو لە هەر بەشێکی کوردستان دەکەین بە سەدان کچ و ژن لە بەندیخانەکانی دوژمندا ئەشکەنجە دراون و گوللەباران کراون. ئەوانە ئەگەر لە رێکخستنێکی سیاسیدا نەبووبن و هاوکاری بزووتنەوەی کورد نەبووبن، بۆچی ئەمە چارەنووسیان دەبوو؟ بەڵام بەداخەوە ئەگەر رۆڵیان دیار نیە، یان کەم دیارە، ئەگەر ناویان نیە، ئەگەر بەبێبایەخی چاو لە رۆڵ و نەخشیان کراوە، وەک هەموو بوارەکانی دیکە، لە ئاکامی زاڵبوونی بیروبۆچوونی پیاوسالارانە دابووە کە بە کەمبایەخ سەیری کردوون و نەخشی ئەوانی بەشاراوەیی هێشتۆتەوە و نەهێڵراوە بەو جۆری کە هەن دەرکەون. ئەگینا زۆر روونە هیچ خەباتێک بەبێ بەشداریی ژنان نەکراوە و ناکرێت و قەتیش سەرناکەوێت.

ئەمە راستییەکە و حاشای لێناکرێ کە رێژەی ژنان و کچان لە ریزی هێزەکانی پێشمەرگە و چالاکیی پێشمەرگایەتیدا لە چاو پیاوان بە داخەوە زۆر کەم بووە، ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە کە بۆچی رێژەی ژنان لەو جۆرە لە خەباتەدا کەمترە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ژنان خۆیان لە ئەرکی پێشمەرگایەتی و خەبات دژی دوژمنانی ئازادی دزیوەتەوە. ژنانی کورد ئەگەر بۆیان نەکرابێ بە فراوانی بچنە نێو هێزەکانی پێشمەرگەوە، بەڵام هەمیشە پشتیوان و دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و رزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. بە سەدان و هەزاران نموونە هەن لە پشتیوانی و هاوکاریی ژنان لە گەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان. ئەگەر ئەمرۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەڵدەڵێن و هەمووکات بە پشتیوانانی پێشمەرگەکانیان ناو دەبەن، بۆ بەشی زۆری ئەو پشتیوانییە مەدیونی ژنانن.

هێزی پێشمەرگە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا و بە یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵک، توانیویەتی ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆی بەرێوە بەرێ. پێشمەرگە ئەو کاتەی برسی و تینوو و چلکن بووە و سەری بە ماڵی خەڵکدا کردوە ، ئەو کاتەی بریندار بووە و لە هەڤاڵانی هەڵبڕاوە و پێویستی بە شاردنەوە بووە، ئەو کاتەی هاوسەر و دایک و خۆشک و منداڵەکانی لە نێو شار و لە ناوچەیەکی دیکەوە هاتوونە سەردانی، ئەو کاتەی گۆرەوی و زەنگاڵ و دەستەوانە و شالگەردنی پێویست بووە، کاتێک ویستوویەتی دەوا و دەرمان و کەلوپەلی دیکەی لە شارەوە بۆ بێت، بەر لە پیاوانی گوند، رووی لە ژنان و کچان بووە و ئەوان بە هانایەوە هاتوون. کاتیکیش، تووشی دوودڵی وراڕایی بووبێت و نیازی چەکدانان و سەنگەر چۆلکردنی بووبێت، لە گەڵ لۆمە و سەرکۆنەی کچان و ژنانی بە هەست بەرەوروو بووە.

دیارە ئەگەر لە مەتەرێزی خەباتی چەکداریدا، ژنان و کچان لە پیاوان کەمتر بەشدار بووبن، لە مەتەرێزەکانی دیکەی خەباتدا، کە خەباتی چەکداری بێئەوان نەیدەتوانی دەوام و بەرەوپێشچوونی هەبێ، بە خۆشیەوە ژنان و کچان دەورێکی دیار و کاریگەر و پڕرەنگیان هەبووە. مامۆستایانی قوتابخانەکانی شۆڕش، کادری دەرمانی و پێرسۆنێلی نەخۆشخانەکانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی پێشمەرگە، کادری راگەیاندنی حیزبەکان و زۆر خزمەت و ئەرکی دیکە، بە زۆری لە سەرشانی ژنان و کچان بوون. هەر بۆیە ژنان و کچان رۆڵ و جێگای خۆیان هەیە لە خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتیدا و بە سەرنجدان بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری زاڵ بە سەر کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە هیچ جۆر نابێ ئەوەندە بەشدارییەیان بە کەم دابنێین.

## هەلو مەرجی ئێستا دەخوازێ پێشمەرگە لە باری سیاسییەوە بەرەنگاری دوژمن بێتەوە



مینا سوڵتانزادە، خەڵکی ئاوایی ساروقامیشی سەر بە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی بۆکان ساڵی ١٣٦٣ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی هاتۆتە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بە بڕوای مینا: «لە قۆناغێک دا پێشمەرگە بە مرۆڤی ئازا و نیشتمانپەروەر دەگوترا کە هەموو کات ئامادەیی ئەوەی هەبوو بۆ رزگاریی وڵاتەکەی تێبکۆشێ و تەنانەت گیانیشی لە پێناو ئامانجەکانی نەتەوەکەی بەخت بکات. بەڵام لە قۆناغی ئێستادا خەباتی چەکداری تا رادەیەک کەم رەنگ بۆتەوە، هەل و مەرجی ئێستا ئەوە دەخوازێ کە پێشمەرگە جگەلە ئازایەتی لە بواری ئاگایی سیاسییەوە بەرەنگاری دوژمنانی نەتەوەکەی و داگیرکەرانی وڵاتەکەی ببێتەوە.

هەرچەند ئێستا پێشمەرگە خەباتی سیاسی دەکا بەڵام ئەگەر ئاڵوگۆرێک پێک بێ کە خوازیاری شەڕی چەکداری بێ، بێگومان پێشمەرگە ئامادەیی ئەوەی هەیە کە دیسان لە مەیدانی شەڕ دا و بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی بەوپەڕی لە خۆبوردوویی و فیداکارییەوە حەماسە بخوڵقێنێت».

## پێشمەرگە زیاتر لە مرۆڤە ئاساییەکان هەست بە ئازار و ژێردەستەبوونی میللەتەکەی دەکا



شیلان قوربانی فەر خەڵکی شاری مەهاباد کە لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی هاتۆتە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان :

«پێشمەرگە بەو کەسە دەڵێن کە زیاتر لە مرۆڤە ئاساییەکان هەست بە ئازار و ژێردەستە بوونی میللەتەکەی دەکا و بە هەست کردن بەو ئازارانە بەرپرسایەتی گەورە دەخاتە سەر شانی خۆی و رێگای خەبات و تێکۆشان و بەربەرەکانی بە دژی دوژمن هەڵدەبژێرێ و لە گیانی خۆی مایە دادەنێ و ئامادەیە لەو رێگایەش دا گیانی خۆی بەخت بکا.

ئێمە وەک پێشمەرگەی ژن بەرپرسایەتیی زیاترمان لە سەر شانە، جیا لەوە بۆ ئازادی و رزگاریی گەلەکەمان و وەدیهێنانی ئامانجەکانمان لە سەنگەری خەبات داین، وەک ژنێکیش خەبات دەکەین بۆ وەدەست هێنانی مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوان و ژیانێکی بێ جیاوازی لە کۆمەڵگەدا».

# لاوان و خوێندکاران، هێمای ڤەژینی نەتەوە و رابوونی گەلێکی چەوساوە

رەحمان سەلیمی

رەورەوەی خەباتی مافخوازانە و رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا گشت چین و توێژەکانی کوردەواریی لە خۆی دا جێ کردۆتەوە. رەواییەتی خەباتی گەلێکی ستەملێکراوی وەک کورد، ئۆگران و دڵسۆزانی خاک و نیشتمانی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان کردۆتە «پێشمەرگە»ی کوردستان و وانەی فیداکاری و لە خۆبوردوویی و ژیان دۆستیی فێری رۆڵەکانی کورد کردوە.

پێکهاتەی سەرەکیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لاوان پێک هاتوون. پارێزەرانی راستەقینەی کەرامەتی ئینسانی و غرووری میلیی نەتەوەیەک کە داگیرکرانی قەندیل و ئاگری و داڵاهۆیان هەراسان کردوە و ورەی پۆڵایینیان مزگێنیدەری هەرمانی نەتەوەکەیانە.

دەیان ساڵە بزواتی رزگاریخوازیی نوێی گەلەکەمان بە کۆڕی لاوانی گیانفیدا و خوێندەوار و رۆشنبیر گەرم راگیراوە. بەتایبەت مێژووی زیاتر لە شەش دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات کە دیارترین و ئەرکدارترین هێزی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە، زیاتر لە هەر لایەنێکی دیکەی ئەو بزاوتە، پێشوازیی لەو دینامیز کارایە کردوە. ئەرکی پاراستنی ناسنامە و فەرهەنگ و نیشتمانی کورد بە پێشمەرگەی کورد سپێردراوە. ئەو ئەرکە پیرۆزە لە هەر دوو رەهەندی نەرم ئامێر و رەق ئامێری دا بە بیر و هزر و چەک و قەڵەم و چەک و بازووی لاوان و خوێندکارانی ئەو نیشتمانە سپێردراوە. ئەو توێژەی کۆمەڵگا کە زیاترین هیوا و ئاوات و خەونیان بۆ ژیان و جوانیەکانی و خۆش بژێوی هەیە، گەورەترین دەرفەتەکان بۆ بەردەوامبوون لە بەردەمیان دایە و هەڵگری نوێترین ئەندیشەکانن، هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و رزگارییان کردۆتە ئامانج و لەو پێناوەدا دژوارترین جۆری ژیان و گەورەترین ئازارەکان تەحەممول دەکەن. راستە پێشمەرگەی کوردستان تایبەت بە هیچ توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگای کوردی نەبووە و نییە ژنان و پیاوان لە لاو و بەساڵاچوو، خوێندەوار و نەخوێندەوار ریزەکانی پێشمەرگەیان بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ستەم و زۆرداری هەڵبژاردوە، بەڵام کاریگەریی لاوانی خوێندەوار لە رەوتی خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان و لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا شایانی تێڕامانی زیاترە.

پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە کە سنوورە دەسکردەکانی مرۆڤایەتی تێدەپەڕێنی و مانا باوەکانی ژیان دەبەزێنی. دەرگاکانی پێشڤەچوون و مۆدێرنیتە دەکاتەوە و بە پێوەندانی دوێنی و ئەمرۆ، ئیرادەی پۆڵایینی بنیادنانی سبەینێ نمایش دەکا. پێشمەرگە ژیان و مردن لە پێناو ژیاندا هەڵدەبژێرێ و مانای نوێ و پیرۆز بۆ چرکەساتەکانی ژیان دەخوڵقێنێ.

هزر و ئەندیشەی بەرزی پێشمەرگە بەربەستەکانی سەهۆڵبەندان و دیکتاتۆری دەڕەمێنێ و دەربیچەکانی ئازادی و رزگاری بۆ نەوەکانی داهاتوو دەکاتەوە.

پێشوازی و بە پیلەوە چوونی لاوان لە خەباتی رەوای نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت پاش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ئەوە لە راپەرینی پر شکۆکەی ساڵانی ٤٦_٤٧ دابوو کە لاوانی خوێندکار کە بە هرز و زانستی سەردەم گۆش کرابوون لاپەرەیەکی زێرینیان لە گرێدانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد و نۆرم و بەها جیهانییەکانی مرۆڤایەتیی هەڵدایەوە.

هەر لەوکاتەدا بوو کە شەریف زادە، پێشمەرگەی خوێندکاری کورد بوو بە سەمبولی بەرگریی مۆدێرن لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دا.

پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و لە رەوتی ئەو شۆڕشەشدا بە سەدان و هەزاران لاوی خوێندەواری کورد رێزەکانی پێشمەرگایەتیان لە رێکخراوە شۆرشگێرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەڵبژارد و لە هەموو ئاستەکاندا بوون بە پێشەنگی نەتەوەکەیان. لە سەنگەری بەرگری لە خاک و نیشتماندا رچەشکێنی بە گژداچوونەوەی زۆرداران و تاریک ویستان بوون و ئیرادەی پۆڵایینی بەرگرییان کردە سۆمای چاوی نەتەوەیەکی چەوساوە و ستەملێکراو. هەر ئەوانن وانەکانی زانست و هزرینیان لە خوێندنگا و زانکۆکانیان راگواستۆتەوە بۆ رێزەکانی پێشمەرگە و سوننەتە دێرینەکانی بەرخۆدانیان بە بەرگی مۆدێرن و روانینی پێشکەوتنخواز زیاتر رازاندۆتەوە و بوونەتە هێمای ڤەژینی نەتەوەیەک و رابوونی گەلێکی چەوساوە.

.

## پێشمەرگە جیاواز لە کۆمەڵگەی خۆی بیر دەکاتەوە



سمکۆ عوسمانی خەڵکی گوندی بناو سەر بە شاری سەردەشت ساڵی ١٣٨٧ هاتۆتە نێو رێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

«سمکۆ پێی وایە پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە کە لە کۆمەڵگای خۆی دا لە بیرکردنەوەدا جیاوازە و ژیانی بە واتایەکیی جیاوازتر لە دەورووبەرەکەی بۆ خۆی تەعریف کردۆتەوە و هەروەها یەکێک لەو دەگمەن مرۆڤانەیە کە حازرە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بایەخ بدا و تەنانەت ئەگەر پێویست بێ لەم رێگایەدا گیانیشی بەخت بکا.»

.

## پێشمەرگە خاوەن بیرۆکەی تایبەت بە خۆیە و بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی خەبات دەکات



ئارەش لۆرستانی (علی یار ئەحمەدی) لە دایک بوویی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی خوێندکاری ساڵی سێ ئەندازیاری میکانیک، خەڵکی شاری دروودی سەر بە پارێزگای لۆرستان:

«کاتێک سیستمێک سەرەرۆیی و دیکتاتۆری دەگرێتە پێش و مافی زۆرینە و کەمینەی خەڵکی خۆی پێ شێل دەکا و لە بوارەکانی سیاسی، کۆلەلایەتی، فەرهەنگی و ئیقتسادی خەڵک دەخاتە ژێر گووشارەوە، خەڵک ناچار بە شێوازی جۆراوجۆر بەرەنگاریی ئەو سیستمەبن و داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن.

ئێران وڵاتێکی چەند نەتەوەییە، حکۆمەتی سەرکوت کەری پاشایەتی و دەسەڵاتی بناژۆ خۆازی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی هۆکاری راپەڕینی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بوون، خەڵکی راپەڕیو و شورشگێری نەتەوەی کورد کە لە بەرانبەر ئەو زوولموزۆرەی دەسەڵاتدارانی ئێران راوێستاون و راوەستن پێشمەرگە ناودێر دەکرێن. پێشمەرگە خاوەن بیرۆکەی تایبەت بە خۆیە و بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی خەبات دەکات».

# هێزەکانی پێشمەرگە ئەو ناوانەی چوونە نێو مێژووەوە

ب.هیوا

خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی رابردووەوە تا ئێستا لەگەڵ ناوی پێشمەرگە و لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە لە پێناوی رزگاریی گەلی کورد دا ئاوێتە بووە. هێزی پێشمەرگە بە راوەستان بەرامبەر سوپای پەلاماردەری رێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان و بە داکۆکی لە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، جێگایەکی دیار و پڕ شانازیی لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەی دا بۆخۆی تەرخان کردوە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەبوونی هێزی پێشمەرگە و بەرەنگاریی هێرش و دەستدرێژیی دەسەڵاتی ناوەندی بەهۆی ئەم هێزەوە، هەر لە پاوانی حیزبی دێموکراتدا نەبووە و حیزب و رێکخراوەکانی دیکەش بە گوێرەی توانای خۆیان، هێزی پێشمەرگەیان پێک هێناوە و لە بەرپەرچدانەوەی هێرش و دەستدرێژیی دەسەڵاتی دژ بە کورد دا، کەم و زۆر پشتیان پێ بەستوە. بەڵام شاراوە نییە حیزبی دێموکرات، لەم بارەیەوە رۆڵێکی تایبەتی هەبووە. حیزبی دێموکرات جگە لەوەی داهێنەری ناوی پێشمەرگە و پێکهێنەری سوپای میللیی کورد (پێکهاتوو لە هێزی پێشمەرگە) لە سەردەمی جمهوریی کوردستاندا بووە، هەم لە سەردەمی کۆمار و هەم لە رەوتی راپەڕینی چەکداریی ٤٧_٤٦ دا بەرەنگاریی هێزی پێشمەرگەی لەگەڵ ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی رێژیمی شایەتیی رێک خستوە. لە دوای دەستبەسەر داگیرانی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن رێژیمی ئاخوندەکانیشەوە ، ئەو حیزبە زۆرترین رۆڵ و ئەرکی لە داکۆکی لە کوردستان وەک مەتەرێزی ئازادیی کەوتە سەرشان. حیزبی دێموکرات بۆ داکۆکی لە ویستە نەتەوەیی و ئازادیخوازانەکانی خەڵکی کوردستان و بۆ راوەستان لە بەرامبەر هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستاندا، بەرگریی لە خۆبردووانەی رۆڵە نیشتمانپەروەرە وڵاتپارێزەکانی گەلی کوردی رێک خست. بۆ ئەم مەبەستە دەیان هێزی پێشمەرگەی پێک هێنا و ناوی تایبەتی لەسەر هەرکام لەو هێزانە دانا.

ئەگەرچی ئەو هێزانەی پێشمەرگە، ئەمرۆ ئەو ناوانەی جارانیان نەماوە و شێوەی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە و رێکخستنی ئەوان بە گوێرەی هەلومەرجی ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بەڵام ناوەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە بیرەوەریی چەند ساڵەی خەڵکی کوردستان و لە مێژووی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد دا، جێگای خۆیان کردۆتەوە. ئەم ناوانە وا بە هاسانی لە بیر دوژمنانی رزگاریی نەتەوەکەمان و لە بیر خەڵکی پێشمەرگە پەروەری کوردستان ناچنەوە. چونکە لە ژێرناو و لە چوارچێوەی هەرکام لەو هێزانەی پێشمەرگەدا، سەدان تێکۆشەری دێموکرات و رۆڵەی قارەمانی کورد، فیداکارییان کردوە، حەماسەیان خوڵقاندوە، پەلاماری دوژمنیان تێک شکاندوە و بست بە بستی زێد و نیشتمانی خۆیان، بە خوێن پاراستوە.

ئەگەرچی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی خەبات و تێکۆشانی هەرکام لەو هێزانە و بەسەرکردنەوەی فەرماندەران و پێشمەرگەکانی هەر کامێکیان، کتێبێک هەڵدەگرن، بەڵام لەم دەرفەتە دا تەنیا هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و مەڵبەندی تێکۆشانیان ناو دەبەین:

هێزی دالاهۆ، مەڵبەندی تێکۆشان و قارەمانەتی: شار و ناوچەکانی ئیلام
هێزی بێستوون، مەڵبەندی تێکۆشان: کرماشان و کامیاران و...
هێزی شاهۆ، مەڵبەندی تێکۆشان: هەورامان
هێزی زرێوار، مەڵبەندی تێکۆشان: مەریوان
هێزی شەریفزادە، مەڵبەندی تێکۆشان: سنە
هێزی عەزیز یووسفی، مەڵبەندی تێکۆشان: سەقز
هێزی شەهیدانی دیواندەرە، مەڵبەندی تێکۆشان: دیواندەرە
هێزی شەهیدانی هەوشار، مەڵبەندی تێکۆشان: هەوشار
هێزی ١١٠ی بەیان، مەڵبەندی تێکۆشان: بۆکان
هێزی ٢١ی شەهید پێشەوا، مەڵبەندی تێکۆشان: مەهاباد
هێزی ئەفشین، مەڵبەندی تێکۆشان: نەغەدە
هێزی سمکۆ، مەڵبەندی تێکۆشان: شنۆ
هێزی نحۆ، مەڵبەندی تێکۆشان: ورمێ
هێزی سەرگورد عەبباسی، مەڵبەندی تێکۆشان: سۆما و برادۆست و...
هێزی شەهید حاتەم، مەڵبەندی تێکۆشان: ناوچەکانی سەرووی کوردستان
هێزی ئاوارە، مەڵبەندی تێکۆشان: پیرانشار
هێزی شەهیدانی موعینی، مەڵبەندی تێکۆشان: سەردەشت
هێزی مینەشەم، مەڵبەندی تێکۆشان: رەبەت
هێزی شەهیدانی وردی، مەڵبەندی تێکۆشان: بانە
هێزی تایبەت (کۆماندۆ)، مەڵبەندی تێکۆشان: لە هەر شوێنێک پێویست با.
هێزی هەژار، مەڵبەندی تێکۆشان: پارێزگاریی بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی
هێزی سامرەند، پارێزگاریی بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی
هێزی پارێزگاری، مەڵبەندی تێکۆشان: بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی

پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ناو و سازماندەیی هێزەکانی پێشمەرگەدا

لە نیوەڕاستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی و ساڵانی دواتر دا، رێبەریی حیزبی دێموکرات بەمجۆرە ئاڵوگۆڕی لە ناو و سازماندەیی هێندێک لەو هێزانە دا پێک هێنا:

هێزی زاگرۆس(پێکهاتوو لە هێزەکانی شەریفزادە، زرێوار و بێستوون)
هێزی ٢ی رێبەندان (پێکهاتوو لە هێزەکانی هەوشار، دیواندەرە و عەزیز یووسفی)
هێزی ئاگری (پێکهاتوو لە هێزەکانی نحۆ، سەرگورد عەبباسی و حاتەم)

ناوی هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە بەم جۆرە گۆڕانیان بەسەردا هات:

هێزی ئەفشین بوو بە هێزی دمدم
هێزی مینەشەم بوو بە هێزی زمزیران
هێزی شەهیدانی موعینی بوو بە هێزی گیارەنگ
هێزی ئاوارە بوو بە هێزی قەندیل
هێزی سمکۆ بوو بە هێزی کێلەشین
هێزی شەهیدانی وردی بوو بە هێزی ئاربابا

## ژمارەیەک لە فەرماندەرانی شەهیدی هێزی پێشمەرگە

١_ **محەممەد نانەوازادە** فەرماندەری هێز و جێگری وەزیری بەرگریی کۆماری کوردستان

٢_ **محەممەد حوسین سەیفی قازی** وەزیری بەرگریی کۆماری کوردستان

٣_ **ئیبراهیم بەهرام پوور** فەرماندەری هێز

٤_ **سەروان عەبدوڵڵا ئەفشین** فەرماندەری هێزی بەیان

٥_ **سەروان ئەحمەد جاویدفەر** (هەژار) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی پێشەوا

٦_ **سەروان حاتەم (دوعاخان)** فەرماندەری هێزی نحۆ

٧_ **حیسام ئەسعەدی** فەرماندەری هێزی زرێوار

٨_ **ئیقباڵ کەریم نژاد** فەرماندەری هێزی شەریفزادە

٩_ **عوسمان دادخاە** فەرماندەری هێزی شەریفزادە

١٠_ **قادر ئیفتخاری** فەرماندەری هێزی ئاوارە

١١_ **فەقێ عەبدوڵا محەممەدی** فەرماندەری هێزی مینەشەم (زمزیران)

١٢_ **قاسم باقی** فەرماندەری هێزی بەیان

١٣_ **محەممەد ئەمین بارام میرزا** (چرچە) فەرماندەری هێزی بەیان

١٤_ **سەرگورد کەریم عەلیار** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە

١٥_ **عومەر قەیتەران** فەرماندەری هێزی ئەفشین

١٦_ **خەلیل زارعی** ( خەلیل خەلەبان) فەرماندەری هێزی دالاهۆ

١٧- **برایم شێخاڵی** فەرماندەی هێزی نحۆ

١٨_ **خدر خدری (خدرە سوور)** فەرماندەری هێزی پێشەوا

١٩- **ئەحمەد کوهگەرد (وەستا ئەحمەد)** فەرماندەری هێزی بەیان

٢٠_ **شارۆخ مرادی** فەرماندەری هێزی شەریفزادە

٢١_ **هەمزە بێهنام** فەرماندەری هێزی ئاگری

٢٢_ **مەمەد مستەفایی (نارستی)** فەرماندەری تیپ لە ناوەندی ٢ی کوردستان

٢٣_ **شاپور فیروزی** فەرماندەری هێزی بێستون

ژمارەیەکی زۆری دیکە فەرماندەری شەهید لە ئاستی جێگری هێز، سەرلک و سەردەستەدا هەن کە بەداخەوە نەکرا لەم پاشکۆیەدا ناوی ئەوان ببەین. سڵاو لە یادی هەر هەموویان

سەرچاوە: نامیلکەی ٢٦ی سەرماوەز، رەحمان نەقشی

# رۆڵی فێرگەی سیاسی . نیزامی لە پێگەیاندن و بارهێنانی پێشمەرگەدا

برایم چووکەڵی

فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکرات رۆڵێکی گرینگی لە پێگەیاندنی ئەو لاوانەدا هەبووە کە بۆ پێشمەرگایەتی روویان کردۆتە ریزەکانی ئەو حیزبە. بەر لە دامەزرانی ناوەندێکی فێرکردن و بارهێنانی پێشمەرگە، ئەوکەسانەی دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەرکی فێرکردنیان بە شێوەی پچڕ پچڕ، بە گوێرەی سەلیقەی جیاواز لە ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە دەچوو کە لە جێی خۆی دا شتێکی بە کەلک و باش بوون. بەڵام مخابن بە هۆی هەلومەرجی دژوار و هێندێک هۆی دیکە ئەو دەورە ئاموزشیانە تەمەنیان کەم بوو. ئەو دەورە ئاموزشیانە رێکوپێک نەبوون و مەودای ئیدامەکارییان نەبوو. لێرەدا وەک نموونە ئاماژە بە هێندێک لەو دەورانە دەکەم. یەکەمین دەورە لە رێکەوتی ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٥٩تا ٢٠ ی گەلاوێژ دەورەیەکی سیاسی نیزامیی گەورە کە لاوانی پێشمەرگەی زۆربەی ناوچەکانی تێدا بەشدار بوون لە باغی یەنگیجەی نیوان ئاشی گوڵان و سەردەرابادی بۆکان بۆماوەی ٢ مانگ بەڕێوە چوو. هاوکات شانبەشانی ئەو دەورەیە هەر لەو ماوە زەمانی یە دا لە گوندی «خرە جۆ»ی مەهاباد دەورەیەکی سیاسیی کادر بە بەشداریی کادرەکانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە چوو. لە گەڵ ئەوەی دەورەکان هەر جارێ لە شوێنێک و لە لایەن ئۆرگانی جیا جیاوە بەڕێوە دەچوون و حیزب ناوەندێکی هەمیشەی تایبەت بە فێرکردنی نەبوو، بەو حاڵەش بارهێنانی پێشمەرگە نەوەستاوە و بە شێوەی جۆراوجۆر و بە ئیبتکاری کومیتەکانی حیزب و فەرماندە نیزامییەکان بەڕێوە دەچوون. بە تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ بە شدارانی دەورەکەدا لە ساڵی ١٣٦٠ بۆ یەکەم جار بوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لاوانی بە هەست ونیشتمانپەروەر لەیەک دەورەدا کۆ دەکرانەوە. بەڵام بەهۆی هاتنی بەربەرینی لاوان بۆ ریزەکانی حیزبی دیموکرات لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بەرین بوونەوەی بەرەکانی شەڕ کە هەموو کوردستانی گرتبۆوە ئەو دەورە بڵاوانە نەیانتوانی وڵامدەری هەلومەرجەکە بن، هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٣٦١ لە سەر پێشنیاری فەرماندەرانی نیزامی و هەستکردن بە پێویستیی پەروەردەی زیاتر لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە ، ئۆرگانێک بە ناوی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە پێک هات . یەکێک لە بەشە بنەڕەتیەکانی کۆمیسیۆنی ناوبراو بەشی فێرکردنی سەرەتایی پێشمەرگە بوو. سەرەنجام بە هۆی گرینگیی فێرکردن وبارهێنانی پێشمەرگە، رێبەرایەتیی حیزب و لە سەرووی هەموویانەوە شەهیدی هەمیشە زیندوو دوکتور قاسملوو ئیمکاناتی پێویستی بۆ پێک هێنانی زانکۆی



حیزب تەرخان کرد، کە ساڵێک دواتر ناوەکەی بوو بە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی. ئەرکی ئەو فێرگەیە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا فێرکردنی ئوسوولی شەڕ و بەرگریی چەکدارانە بە لاوەکان و ئاشنا کردنیان بە چەک وکەرستەی نیزامی و ئەرکەکانی دیکەی پێشمەرگایەتی ، بە تایبەت گۆڕینی هەستی شۆرشگێرانەی لاوان بەشعووری سیاسی ، بردنە سەری توانای فەرماندەران لەبواری سیاسی نیزامی دا، دانانی بەرنامەی ئاموزشی بەپێی ئاڵ و گۆری وەزعی خەبات و جۆری تاکتیکەکانی رێژیم وخۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغە جۆراوجۆرەکان بەپێی ئاموزشی نوی وچۆنیەتی رەفتار لە گەڵ دیلەکانی شەڕ بوو.

لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا، فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دیموکرات یەک بە دوای یەکدا دەورەی جۆراوجۆری ئامووزشی بەڕێوە بردوە و جگە لە فێرکردن و راهێنانی هەزاران پێشمەرگە، سەدان کادر و فەرماندە لە ئاستی جۆراوجۆردا بەشداری دەورە جۆراوجۆرەکان (بۆ وێنە بەڕێوەبەرێتی (مودیرییەت)، دەرمانی، بێ‌سیم، کار بە قوتب نەما و نەخشە،چەکی نیوەقورس و هتد) بوون. بە دڵنیاییەوە، دەورەکانی فێرکردن و بارهێنانی پێشمەرگەکان لە لایەن فێرگەی سیاسی ـ نیزامییەوە، کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر نەزم و رێکوپێکیی نێو پێشمەرگە و بەرهەم و راندومانی کاری سیاسی و نیزامیی ئەوان دا هەبووە. هەر بۆیە، ناوبانگ و کارنامەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی و شانازییەکانی هێزی پێشمەرگە، ئاوێتەی یەک بوون و لە یەکتر جیا ناکرێنەوە.

## پێشمەرگە

هەڵۆی سەر شاخی هەڵگورد و گوڵی داوێنە پێشمەرگە
چریکەی نێو گوڵ و لالە و چڕ و بستێنە پێشمەرگە
سەری قەڵغانە بۆ مافی رەوای گەل گیان لە پێناوە
نەوەی کاوەی فیدا کار و قەڵا رووخێنە پێشمەرگە
شەمی سەر چاکی هیوایە و چرای رێبازی رزگاری
نمونەی هەڵمەت و هێرش، حەماسە و خوێنە پێشمەرگە
لە پێناوی گەلی کورد دا دژی بێدادی هەستاوە
بە گوللەی گەرم و کرداری بەڵا سووتێنە پێشمەرگە
لە سەر داوا رەواکەی سوورە گیانی خۆی لە پێناوە
هیوای دوا رۆژ و پشتیوان و تۆڵەستێنە پێشمەرگە
دەسەلمێنێ حەقانیەت بە داگیرکەر لە کوردستان
فریشتەی رۆژی رزگاری، زوڵم تارێنە پێشمەرگە
گوڕ و تینی بە هێز و باسکی چەکداری گەل و هۆزە
بە ئیمانە و نەمامی ئاودراو بە خوێنە پێشمەرگە
دەروون خاوێن و پارتیزان و جەنگاوەر، ئەمەگ ناسە
عەداڵەت ویست و خاوەن عەقڵ و هەست بزوێنە پێشمەرگە
بە سام و هەیبەتە ساحەب ئیرادە و سەمبولی شۆڕش
لە رۆژی ترس و تەنگانە رەقیب تۆقێنە پێشمەرگە
لە کاتی هێرشی دوژمن قەڵای بەرز و نەگیراوە
وەکوو شێری ژیان هەستاوە تێک قرمێنە پێشمەرگە
بە زۆری بازوو قەڵت و بڕ دەکا زنجیری بێدادی
دەبا هەستین لە ئامێزی گرین کوردینە پێشمەرگە
وەکوو پرشنگی خۆری رۆژی رزگاریی سەیر کەن چۆن
گەڕێنی رەورەوەی مێژوو حەماسە نوێنە پێشمەرگە
دە هەستن رێز گرن لەم رۆژە پیرۆزە کە پێویستە
لە رێی قوربانی دانێن چونکە کێو لەرزێنە پێشمەرگە
لە مێژووی شۆڕشا وەک تاقە ئەستێرەی تەماشا کەن
بزانن رێکخەری شۆڕش، رەوت بزوێنە پێشمەرگە
ئەتۆش هاودەنگ لە گەڵیا « قادری» بڕوانە سەیری کە
لە چاوی دوژمنا دڕکە و چیا خەملێنە پێشمەرگە

شێعری ئەحمەد قادری

# دیمەنە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی خەباتگێڕانی پێشمەرگە

ئامادە کردنی: مەحموود شەریفی

